## ماموٚستا عەرەبەکانی سلێمانی رازی نین بگەڕێنەوە زێدی خوٚیان

**رووداو– سلێمانی**

نزیکەی 1500 ماموٚستای عەرەب کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی بەغدان و بەهوٚی توندوتیژی و رەوشی نائارامی ناوچەکانیانەوە سالآنێکە ئاوارە بوون و ئێستا لە سلێمانی نیشتەجێن، لە بڕیارێکی حکومەتی عێراق تووڕەن کە داوا دەکات بوٚ سالٚی نوێی خوێندن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خوٚیان.

سالٚی رابردوو، وەزارەتی پەروەردەی عێراق، بڕیاری داخستنی ئەو قوتابخانانەی دا کە لە سەردەمی شەڕی داعشەوە بوٚ قوتابییە ئاوارەکان لە کوردستان کراونەتەوە، بەرپرسانی پەروەردەی بەغدا پێداگیری دەکەن لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکە و روٚژی 30ی ئەیلوولی ئەمسالٚ دوا وادەیە بوٚ داخستنی ئەو قوتابخانانە. دەستەی کارگێڕیی قوتابخانەکانیش چاوەڕوانن تاقیکردنەوەی خولی دووەم کوٚتایی بێت و بڕیارەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەلآم ئەو ماموٚستایانە دەلٚێن ناگەڕێنەوە ئەگەر مووچەکانیشیان ببڕن.

بەڕێوەبەری گشتی نوێنەرایەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق لە سلێمانی، دەلٚێ لەوەتەی ئەو بڕیارە دەرچووە، ئەوان لە هەولٚی جدیدان بوٚ چارەسەری ئەو کێشەیە، تاوەکو پروٚسەی خوێندن بوٚ سالٚی داهاتووش بەردەوام بێت، چونکە لەو 36 هەزار قوتابییە ئاوارەیەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەخوێنن، زوٚربەیان ناتوانن بگەڕێنەوە، بەشێکیان خانوویان رووخاوە یان دەستیان بەسەردا گیراوە، بەشێکی دیکەشیان بەهوٚی نائارامیی ناوچەکانیان ناوێرن بگەڕێنەوە.

4»


رووداو
RÛDAW

ژمارە (514) دووشەممە 2018/7/23 – 1ی خەرمانان 2718 (750) دینار




**هوٚشیار زێباری، بوٚ (رووداو):**

### پارتی ڤیتوٚی لەسەر مالیکی نییە

5

### چوار حیزبەکە دانوستاندن لەگەلٚ پارتی و یەکێتی هەلٚدەپەسێرن

3



**رێبوار کەریمی**

### دیپلوٚماسیی کرووزانەوە

18

## راپوٚرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا

# ئافرەتانی ئێزدی بە سەرمایەدارانی کەنداو فروٚشراون

12



راپوٚرتە هەوالٚ 2

### یەکێتی ئەنجوومەنێکی بالآ دروست دەکات



راپوٚرت 6

### پێشمەرگە 20 هەزار بوٚمبی داعشی پووچەلٚ کردووەتەوە

ئابووری 8

### سالآنە 50 هەزار ئوٚتوٚمبێلی سیکراب دەهێنرێنە کوردستان



راپوٚرت 14

### لە کوردستان سالآنە 100 کەس لە ئاودا دەخنکێن



## لە کفری گەنجێک بە گوللە هاوڕێکەی دەکوژێت

**ڕووداو- کفری**

لە قەزای کفری لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، گەنجێک هاوڕێکەی خۆی دەکوژێت، پۆلیسی کفریش دەڵێت، کەسێک لەسەر ڕووداوەکە دەستگیرکراوە. عەلی جەمال قدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "ڕۆژی یەکشەممە 22-7-2018، دوای ئەوەی دەبێت بەدەمەقاڵەیان گەنجێک گوللە بەهاوڕێیەکی خۆیەوە دەنێت و دەیکوژێ". بەگوتەی قدوری، ئەو گەنجەی گیانیلەدەستداوە ناوی (ژیار کەمال عەبدوڵڵا)ـە و لەدایکبووی 1998ـە. تۆمەتبار بەناوی (ئا.ب.ع) بەبڕیاری دادوەر و بەپێی ماددەی 405 /31 بەندکراوە و پۆلیسی قەزای کفری دەستی بەلێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی و هۆکاری ڕووداوەکە کردووە.



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (514) - دووشەممە 2018/7/23

### پەیکەرێکی نوێ دادەنێت

# یەکێتی لەجێی مەکتەبی سیاسی ئەنجوومەنێکی باڵا دروست دەکات

**هاوکار یاسین**
**ڕووداو- سلێمانی**

بۆ تەواوکاری کۆبوونەوەکەی هەفتەی ڕابردوویان، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکێتی جارێکی دیکە کۆدەبێتەوە. تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە تایبەت دەبێ بە بڕیاردان لەسەر بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبەکە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، لەو کۆبوونەوەیەدا دوا بڕیار دەدەن "ئایا کۆنگرە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێت، یان نا. ئەگەر پێش هەڵبژاردن بێت چۆن فریا بکەوین لە یەککاتدا خۆمان بۆ کۆنگرە و هەڵبژاردن ئامادە بکەین، یاخود بڕیار بدەین کۆنگرەکە بکەوێتە دوای هەڵبژاردن". بەڵام بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی پێیانوایە ناتوانن لە یەک کاتدا کار بۆ کۆنگرە و هەڵبژاردن بکەن.

بە گوتەی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، ئامادەکاریی لیژنەکانی کۆنگرە هەمووی کۆتایی هاتووە و تەنیا ئەوە ماوە ئەندامانی کۆنگرە دیاری بکرێن "بودجە بۆ کۆنگرە تەرخانکراوە. پەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامەی کۆنگرەش نووسراوەتەوە، تەنیا ئەوە ماوە هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی کۆنگرە بکرێت کە ژمارەیان هەزار کەسە". ئەسەسەرد دەڵێت "ئەگەر لەم کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتی بڕیار لە ڕۆژی کۆنگرە بدات، 15 ڕۆژمان بەسە بۆ ئەوەی ئەو ئامادەکارییانەی ماوە تەواوی بکەین و کۆنگرە بکەین".

بەپێی ئەو وردەکارییانەی لە بەرپرسانی یەکێتییەوە دراونەتە (ڕووداو)، لەدوای کۆنگرەی چوارەمەوە پەیکەری یەکێتی بەشێوەیەک دەگۆڕێ کە نزیکە لەوەی ببێتە حیزبێکی دیکە. بەپێی پەیڕەوە نوێیەکە، بەڕێوەبردنی حزبەکە دەکرێتە سیستەمی پەرلەمانی و ئەنجوومەنێک کە لە 101 ئەندام پێکدێن، لە کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و ئەنجوومەنەکە بەرزترین دەسەڵاتی نێو یەکێتی دەبێت و بڕیارەکانی حیزب ئەوان دەیدەن و ناوی "ئەنجوومەنی باڵا" دەبێت.

فەرید ئەسەسەرد دەڵێ: "مەکتەبی سیاسی نامێنێت و پۆستی سکرتێری گشتی بەو ناوەی ئێستا نامێنێ وکەسێک لەناوئەنجوومەنی باڵاهەڵدەبژێردرێت بۆ سەرۆکایەتی حیزبەکە، ئەنجوومەنی باڵاش چاودێر دەبێت بەسەر کارەکانییەوە و دەسەڵاتی گۆڕینیشی هەیە". هەروەها گوتی: "بۆ کاروبارەکانی حیزبەکەش بەتایبەت پرسە سیاسییەکان، سەرکردایەتییەک بۆ حیزبەکە لەناو ئەنجوومەنی باڵاوە هەڵدەبژێردرێت کە لە 15 تاوەکو 20 ئەندام پێکدێت و ئەنجوومەنی باڵا دەسەڵاتی گۆڕینی ئەندامەکانی هەیە ئەگەر لە پەیڕەوی حیزب لایدا".

جگە لەو سەرکردایەتیەی کە فەرید ئەسەسەرد باسی دەکات، یەکێتی (ئەنجوومەنی دانایان) دروستدەکات کە زیاتر ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێ. ئەندامەکانی پێکدێن لە دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامانی پێشووی مەکتەبی سیاسی. کۆتای ژنانیش لە ئەنجوومەنی باڵادا 20% دەبێ.

بە گوتەی فەرید ئەسەسەرد ئەم پەیکەرە نوێیەی یەکێتی، لە سیستەمی بەڕێوەبردنی حیزبە سۆسیالیستەکانەوە وەرگیراوە و نوێبوونەوەیەکی گەورە دەبێت لە شێوازی بەڕێوەبردنی یەکێتیدا "ڕێگر دەبێت لە دروستبوونی بڕیاری تاکەکەسی لەناو حیزبەکەدا و هیچ لایەکیش دەسەڵاتی ڕەهای نابێت، بەمەش دەتوانین چارەسەری ڕیشەیی بۆ ئەو ناکۆکیانە دابنێین کە هەمیشە لەناو یەکێتی هەبووە".

ئاسۆس عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، چاوەڕێ دەکات لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری کۆتایی لە وادەی بەستنی کۆنگرە بدەن "چونکە ئێستا کۆنگرە بووەتە داوای هەموو یەکێتییەکان". گوتیشی ناکۆکییەکان بەرەو کاڵبوونەوە چوون و بەرەو لێکتێگەیشتن و چارەسەر دەچن "ئێمە گەیشتووینەتە ئەو شوێنەی ناکۆکیەکانیش ئەگەر هەبن نابێت ڕێگر بن لە بەستنی کۆنگرە، هەموو ئەو لایەنانەی تایبەتن و بەرپرسن لەوەی بڕیار لەبەستنی کۆنگرە بدەن، تێگەیشتن لەوەی کە هیچی دیکە ناتوانرێت ڕێگری لە بەستنی کۆنگرە بکرێ".

بە نوێکردنەوەی پەیکەری بەڕێوەبردنەکەی، فەرید ئەسەسەرد دڵنیایە یەکێتی دەچێتە قۆناغی سێیەمی گۆڕانکارییەکان کە لە شێوازی بەڕێوەبردنی حیزبەکەدا دەیکات. چونکە وەک ئەو باسی دەکات، لە سەرەتای دروستبوونی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە باڵەکانی کۆمەڵە و هێڵی گشتی و سۆسیالست، سێ سەرکردایەتی جیاوازی هەبووە، دواتر لە هەرسێکیان سەرکردایەتییەکی هاوبەشیان دروستکردبوو. لە دوای 1992 لە کۆنگرەی دووهەمدا، هەرسێ باڵەکە یەکیانگرت و لەژێر چەتری یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کۆبوونەوە و یەک سەرکردایەتی و مەکتەب سیاسییان دانا و تاوەکو ئێستا بەو شێوازە بەردەوامە.

ئەسەسەرد دەڵێت: "بەم گۆڕانکارییەی ئێستا لە پەیکەرەکەیدا بڕیاری لێدراوە، قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات، ئەویش گواستنەوەیە لە سیستەمی کۆمۆنیستییەوە بۆ سیستەمی سۆسیال دیموکرات".




سێیەمین کۆنگرەی یەکێتی لە شاری سلێمانی 2010/6/1 (فۆتۆ: ڕووداو)

**فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی**

**لە سیستەمی کۆمۆنیستییەوە دەچین بۆ سیستەمی سۆسیال دیموکرات**

### لە سێ کێڵگە دەستبەکار دەبێ

# ڕۆسنێفت لە دهۆک دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت دەکات

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بە مەبەستی دەستبەکاربوونیان لە کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای دهۆک، نوێنەری کۆمپانیای ڕۆسنێفت لە کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی پارێزگاکە کۆبووەوە. بڕیارە لە مانگی داهاتوودا لە سێ کێڵگەی ئەو پارێزگایە دەست بە کارەکانیان بکەن. مەزەندە دەکرێ کۆمپانیاکە ڕۆژانە 180 هەزار بەرمیل نەوت لەو سێ کێڵگەیە بەرهەمبێنێ.

بەهزاد عەلی ئادەم، جێگری پارێزگاری دهۆک کە بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەگەڵ نوێنەرانی کۆمپانیای ڕۆسنێفت باسی ڕێکارە ئیدارییەکانمان کرد، بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کەمپەکانی خۆیان لەو شوێنانە دابنێن کە کاری تێدا دەکەن."

بە گوتەی جێگری پارێزگاری دهۆک، کۆمپانیا ڕووسییەکە لە سێ شوێن کار دەکات، ئەوانیش: ناوچەی باتلێ لە قەزای سێمێل، ناوچەی زاویتە لە سنووری قەزای ناوەندی دهۆک، ناوچەی سەرسنگ و چەمانکێ لە قەزای ئامێدی.

بەهزاد عەلی پێیوایە کارکردنی ئەو کۆمپانیایە سوودێکی زۆری بۆ دانیشتووانی ناوچەکە دەبێ و دەڵێت قسە لەگەڵ کۆمپانیاکە دەکەن بۆ ئەوەی هەلی کار بۆ خەڵکی ناوچەکە بڕەخسێنن.

یەکەمین شوێن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی لێ دەرهێنا کێڵگەی تاوکێ بوو لە سنووری قەزای زاخۆ. بەگوتەی جێگری پارێزگاری دهۆک ئێستا پێنج کۆمپانیای نەوت لە سنووری قەزای دهۆک کار دەکەن، ئەوانیش کۆمپانیاکانی دی ئێن ئۆ، ئیکسۆن مۆبیل، گۆڵف کیستن، ئێچ کەی ئێن و کۆمپانیای کار.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئاماری بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ئێستا ڕۆژانە هەرێمی کوردستان لە هەر سێ پارێزگای دهۆک، هەولێر و سلێمانی نزیکەی 350 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ، نزیکەی 270 هەزار بەرمیل هەناردە دەکرێ و ئەوەی دیکەش لە نێوخۆدا بەکاردەهێنرێ. لەو نەوتە ڕۆژانە 185 هەزار بەرمیل لە سنووری پارێزگای دهۆک دەردەهێنرێ".

دڵشاد شەعبان باسی گرنگیی هاتنی کۆمپانیای ڕۆسنێفتی بۆ دهۆک کرد و گوتی: "هاتنی هەر کۆمپانیایەک ئاماژەیەکی ئەرێنییە بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنانی نەوت، سوودیشی بۆ خەڵکی ناوچەکە دەبێ، چونکە بەپێی یاسای نەوت و غاز سندووقێک بۆ ئەو ناوچانە دادەنرێ کە نەوتی لێ دەردەهێنرێ، دوو دۆلاری هەر بەرمیلێک کە لەوێ دەردەهێنرێ دەخرێتە نێو سندووقەکە، بەشێکی بۆ پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکە خەرج دەکرێ، بەشێکیشی هەڵدەگیرێ بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا کار بەو ماددەیە نەکراوە".

دڵشاد شەعبان باسی هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایە دەکات و دەڵێت: "سندووقەکە پێویستی بە کارمەند و کردنەوەی فەرمانگەی تایبەت بە سندووقەکە هەیە لەو شوێنانەی نەوتیان لێ دەردەهێنرێ، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە دامەزراندن و کردنەوەی فەرمانگەی نوێ ڕاوەستاوە".

د.بێوار خنسی شارەزای بواری وزە، کارکردنی ڕۆسنێفت لە دهۆک بە گرنگ وەسف دەکات و دەڵێت: "گرنگییەکەی تەنیا زیادبوونی بەرهەمی نەوت نییە، بەڵکو لە ڕووی سیاسیشەوە بۆ کوردستان گرنگە، چونکە ڕۆسنێفت تەمسیلی حکومەتی ڕووسیا دەکات، لە هەر شوێنێک کار بکات، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو شوێنە ئارام و پارێزراوە".




ڕۆژانە 180 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی پارێزگای دهۆک بەرهەمدێ

### پارەی 15 کارمەندی خواردووە

# لە ئامێدی ژمێریارێک لەسەر گەندەڵی دەستگیر دەکرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەتۆمەتی خواردنی پارەی چەند کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی قەزای ئامێدی، کارمەندێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەستگیر دەکرێ و لێکۆڵینەوەش لەگەڵ چەند کارمەندێکی دیکە دەکرێ.

ماوەی 35 ڕۆژە کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی ئامێدی بەناوی (ک.م) بە تۆمەتی خواردنی پارەی 15 کارمەندی تەندروستیی ئامێدی دەستگیرکراوە. هەروەها لێکۆڵینەوە لەگەڵ شەش کارمەندی دیکەش کراوە.

کارمەندێکی تەندروستیی قەزای ئامێدی، باسی دەستگیرکردنی ئەو کارمەندەی کرد و گوتی "کەیسەکە کۆنە، سێ ساڵ پێش ئێستا چەند فەرمانبەرێکی سنووری قەزای ئامێدی بەدواداچوونیان بۆ پارەی خەفەریاتی خۆیان کرد، زانیاریان دەستکەوت کە (ک.م)، ئەوکات ژمێریاری فەرمانگەی تەندروستیی ئامێدی بوو، پارەکەی ئەوانی وەرگرتووە و لە جیاتی ئەوانیش واژووی کردووە، بەڵام پارەکەیانی خواردووە، ئەوکات کەس بەڵگەی دەستنەکەوت، پاشان لە ساڵی 2016 (ک.م) بەهۆی ئەو تۆمەتانەوە لە پۆستەکەی لادرا و کەیسەکە بێدەنگی لێکرا، بەڵام ماوەیەک لەمەوبەر (ک.م) لەسەر هەمان کەیس دەستگیرکرا".

سەبارەت بە بڕی ئەو پارەیەش کە خواردوویەتی، گوتی "بەدروستی نازانرێ پارەکە چەندە، بەڵام پارەی 15 کارمەندە و هی هەندێکیان زیاتر لە 4 ملیۆن دینارە".

ئەو سەرچاوەیە لەبارەی چۆنیەتی خواردنی پارەکە دەڵێت: "(ک.م) مانگانە لیستێکی دروستدەکرد، بە کەیفی خۆی ناوی کارمەندانی سنووری قەزای ئامێدی لەناو لیستەکەدا دادەنا، تەنانەت هەندێکیان پارەی خەفەریاتیشیان نەبوو، دواتر هەر خۆی واژۆی لەسەر لیستەکە دەکرد و مووچەکەی وەردەگرت، شەش مانگ ئەوە کاری بووە، مەزەندە دەکرێ مانگانە 50 ملیۆن دیناری بەو شێوەیە وەرگرتبێ".

هەر بەپێی قسەی ئەو کارمەندەی تەندروستیی ئامێدی، لەم مانگەدا جگە لە (ک.م)، لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی دیکەش کراوە کە ناویان لە لیستەکەدا بووە.

دکتۆر نەجیب سەعید، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستیی ئامێدی بە بیانووی ئەوەی کەیسەکە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، ئامادە نەبوو قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات.

## ڕوونکردنەوە:

لە ژمارە (511)ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا بابەتێک بەناونیشانی (سوڵحی ڕووداوەکەی ماجدی لاند بە 700 هەزار دۆلار کرا) هەمان بابەت دواتر لە پۆرتاڵی (ڕووداو) بڵاوکراوەتەوە.

ئێمە وەکوو بنەماڵەی قوربانییەکان بەپێویستی دەزانین بەرچاوڕوونییەک بۆ ڕای گشتی بڵاوبکەینەوە، چونکە هەندێک کەس بە تایبەتی بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر بەبێ ویژدانانە قسەیان لەسەر بابەتەکە کردووە، بەبێ ئەوەی بنەماڵەی ئێمە بناسن و کە ئێمە کێین و چ خزمەتێکمان بە کۆمەڵگەی کوردستان کردووە.

لەدەستدانی سێ ڕۆڵە لە یەککاتدا کۆستێکی گەلێک گەورەیە و لەبیرکردنیشی زۆر زەحمەتە، ئەستەمە کەسێک کۆستێکی وای بەسەر بێت و وا بە ئاسانی لە مافی خۆی خۆشبێ، بەڵام پێگەی بنەماڵەی ئێمە زۆر لەوە گەورەترە کە خوێنی ڕۆڵەکانمان بە پارە بگۆڕینەوە، یان بەرامبەرەکان ڕووبەڕووی سزای قورس بکەینەوە، چونکە ئەوەی ناوبانگی ئێمەی گوێ لێ بووبێ، دەزانێت ئێمە جگە لە سوڵح و گونجان و ڕێگریکردن لە گەورەبوونی کێشە، شتێکی دیکەمان لە خەیاڵدا نییە، دیوەخانی ئێمە شایەتی چەندین سوڵحی زۆر ئەستەم بووە کە ڕێگری کردووە لە خوێن ڕشتنی گەورە. بۆیە ئێمە لەو سۆنگەیەوە بڕیارماندا لە مافی کەسیی خۆمان خۆشبین.. هەموو ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەینەوە کە پێیانوایە ئێمە لە بەرامبەر پارەدا سوڵحمان کردووە. ئێمە تەنیا لە پێناوی خوا و لە پێناوی ئاسوودەبوونی ڕۆحی شەهیدان (شیفا و زانا و سیما) لە مافی خۆمان خۆشبووین.

هەر لێرەدا گلەییش لە هەفتەنامەی (ڕووداو) دەکەین کە بەبێ پرسکردن بە بنەماڵەی قوربانییەکان بابەتەکەی بڵاوکردووەتەوە، بەپێی عورفی ڕۆژنامەڤانی ئێمە نزیکترین کەسین کە مافی قسەکردنمان لەو ڕاپۆرتەدا هەبێ.

**باوکی قوربانییەکان:**
**سەعد مەلا تەیب بەحرکەیی**
**عەلی مەلا جەمیل کاوانیانی**
**زوبێر مەلا جەمیل کاوانیانی**





## مەلا بەختیار: تەنیا یەکێتی و پارتی دەتوانن زۆرینە پێکبهێنن

**رووداو – سلێمانی**

دوای کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕ و ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی رایگەیاند، لەدوای هەڵبژاردن نەخشەی سیاسی عێراق بەو جۆرەیە، تەنیا یەکێتی و پارتی دەتوانن زۆرینە لە کوردستان پێکبهێنن. رۆژی یەکشەممە 22-7-2018، مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی و عومەر فەتاح و حاکم قادر حەمەجان، ئەندامانی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی لە سلێمانی لەگەڵ سکرتاریەت و لێپرسراوی کۆمیسیۆنەکانی ئەنجوومەنی ناوەندی کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا مەلا بەختیار رایگەیاند: "لەدوای هەڵبژاردنەکان یەکێتی و پارتی سیاسەتێکی سەنگین و بەرپرسیارانەیان بەرامبەر بە دۆخەکە و گفتوگۆی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق بەڕێوەبردووە".

# چوار حیزبەکە دانوستاندن لەگەڵ پارتی و یەکێتی هەڵدەپەسێرن

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو– سلێمانی**

تاوەکو ئێستا پێنج جار هەوڵەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان شکستیان هێناوە بۆ ئەوەی ئەو حیزبە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دابنیشێ و گفتوگۆ لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بکەن. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "بە یەکێتیمان گوتووە، نابێ ئێوە و پارتی چاوەڕێی ئاساییبوونەوەی پەیوەندی بکەن تاوەکو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان".

نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان نایشارێتەوە یەکێتی بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گۆڕان ئاسایی بکاتەوە. ئەو بە (رووداو)ی گوت: "چەند جارێک یەکێتی پەیوەندی بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە کردووە بۆ دانیشتن و گفتوگۆ، بەڵام پێمانگوتوون ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن و ئەو کردەوە ناشیرینانەی بەرامبەر بە گۆڕان کران، بەتایبەتی تەقەکردن لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان، بواریان بۆ گفتوگۆ نەهێشتووە، تا یەکێتی بە فەرمی داوای لێبووردن لە گۆڕان نەکات و ئەو ساختەکارییە چارەسەر نەکرێ پێکەوە دانانیشین".

پەیوەندی نێوان یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان لەوەتەی ئەو بزووتنەوەیە وەک رەوتێکی ناڕازیی لە ساڵی 2009 جیابوونەوەی خۆیان لە یەکێتی راگەیاند، بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندا بووە. ئەوەی کە زەمینەی پێکهاتن و ئاشتبوونەوەی یەکجاریی لەنێوانیاندا نارەخسێنێ ئەوەیە، سلێمانی، جوگرافیا و گۆڕەپانی ململانێ و کارکردنی هەردوو حیزبەکەیە. ئەوان دواجار رێککەوتن کە بە نۆرە سلێمانی بەڕێوەببەن.

بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە لە 12ی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوەچوو، هیچ زەمینەیەکی بۆ گفتوگۆ و سازان و رێککەوتن نەهێشتووە. نزار مەحموود دەڵێ: "راستە ئێمە هەمووومان سیاسەت دەکەین و دواجار هەر دەبێ دانوستاندن و دانیشتن هەبێ لە نێوان لایەنەکان، بەڵام ئێمە بە یەکێتیمان گوتووە کە دەبێ داوای لێبووردن بکەن. یەکێتی دەڵێن ئەو پەلامارەی بۆ سەر مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان، بە بڕیاری یەکێتی نەبووە، ئەوەی ئەو کارەی کردووە دەبێ داوای لێبووردن بکات نەک یەکێتی، بەڵام ئێمە پێمانگوتوون ئەوە بڕیاری یەکێتی بووە".

> **بە یەکێتیمان گوتووە دەبێ داوای لێبووردن بکەن**
> بەرپرسێکی گۆڕان

> **یەکێتی داوای لێبووردن لە گۆڕان ناکات**
> بەرپرسێکی یەکێتی

> **پارتی و یەکێتی داوای گفتوگۆیان نەکردووە تا رەتی بکەینەوە**
> بەرپرسێکی هاوپەیمانی

> **هەر چوارمان پێکەوە بڕیار دەدەین گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین یان نا**
> بەرپرسێکی یەکگرتوو



گوتیشی: "ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ یەکێتی و پارتی، بەستراوە بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە".

دیاریکردنی وادەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی و پارتی، تەنیا قسەی گۆڕان نییە و سێ حیزبە نارازییەکەی دیکەش وای دەبینن کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بڕیار لەسەر ئەوە دەدات.

عوسمان کاروانی، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت: "پەیوەندییەکانی چوار حیزبەکە بەم شێوەیەی ئێستا دەمێنێتەوە لەگەڵ یەکێتی و پارتی تاوەکو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ. ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەک ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی عێراق پڕ بوو لە ساختەکاری و دەنگدزین، بێگومان ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان نامێنێ و هیچ کەناڵێک لە نێوانمان نامێنێ بۆ دیدار و گفتوگۆ و دانوستاندن، بەڵام ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی رێکوپێک کرا، ئەوکات دەتوانین بڵێین، پەیوەندییەکان ئاسایی دەبنەوە".

بۆچی پێش هەڵبژاردن دانوستاندن ناکەن؟ کاروانی دەڵێت "ئەوان ساختەکاری زۆریان کردووە، ئەگەر بچینە نێو شاندی هاوبەشی ئەوان، ئەی چی بە دەنگدەری خۆمان بڵێین؟".

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی یەکگرتووی ئیسلامی گوتیشی: "ئێمە ئەو چوار لایەنە رێککەوتووین کە بە هەماهەنگی لەگەڵ یەک بڕیار بدەین گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین یان نا".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە بەرپرسانی یەکێتی و پارتی وەریگرتوون، راستە چوار حیزبەکە بەردەوام لە میدیاکانەوە رەتیدەکەنەوە دانیشتنیان لەگەڵ بکەن، بەڵام گفتوگۆی ژێر بەژێر هەیە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیدەکاتەوە هێڵی گفتوگۆ لەنێوان ئەوان و گۆڕاندا بە تەواوی پچڕابێت "ئەگەر گفتوگۆ لە نێوانماندا نەمابێ ئێمە چۆن دەزانین ئەوان چییان دەوێت، بەڵام رەنگە ئەوان نەیانەوێ پێش هەڵبژاردن دۆخەکە ئاسایی بکەنەوە و ئێمەش لەوە تێدەگەین، دواجار هەر دەبێت پەیوەندییەکان ئاسایی ببنەوە". گوتیشی: "تەنانەت لەسەر پرسی دواخستنی هەڵبژاردن یان وردەکارییەکانی چۆنێتی هەڵبژاردن و پرسەکانی عێراقیش، گفتوگۆ لەنێوان هەموو حیزبەکان هەیە.. پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوان سەرکردەی حیزبەکانیش هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا".

ئەو بەرپرسەی یەکێتی هەروەها دەڵێ: "بە بزووتنەوەی گۆڕانمان گوتووە ئەوەی روویداوە هێرش نەبووە بۆ سەر بارەگای گۆڕان، بەڵکو لێکتێنەگەیشتن بووە لە نێوان چەند ئەندام و لایەنگرێکی گۆڕان و بەرپرسێکی یەکێتی و ئەوە سیاسەتی یەکێتی نییە تاوەکو داوای لێبووردن بکەین".

حەسەن بارام، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری، رەتیدەکاتەوە کە ئەوان پرسەکەیان گەیاندبێتە مریشکە رەشە "ئێمە وەک خۆمان هێڵی سوورمان لەسەر هیچ لایەنێک نییە بۆ گفتوگۆ. من وەک خۆم پێم باشە بایکۆتی پرۆسەی سیاسی نەکەین و بچینە بەغدا و لە کوردستانیش ئامادەکاریی جددی خۆمان بکەین بۆ هەڵبژاردن". گوتیشی: "هێشتا پارتی و یەکێتی داوای گفتوگۆیان لە ئێمە نەکردووە تاوەکو رەتی بکەینەوە".

پارتی هەرزوو رایگەیاند کە هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی شاندی ئەمجارەی کورد، بریتی بێت لە روخساری هەموو حیزبە خاوەن کورسییەکان تاوەکو بۆ گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتی نوێ روو لە بەغدا بکەن، بەڵام بێئەنجام مایەوە. هەر بۆیە پارتی و یەکێتی سەرقاڵی ئامادەکردنی پاکێجێکی هاوبەشن بۆ ئەوەی بیکەنە بنەمای دانوستاندنیان لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوە راستە کە چوار حیزبەکە نایانەوێ تاوەکو دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ یەکێتی و پارتی کۆببنەوە "بەڵام تاوەکو ئێستا یەکتر بیبنین و گفتوگۆ بەشێوەی نافەرمی لە نێوان یەکێتی و گۆڕان هەیە و بەردەوامیش دەبێ، بەڵام کاریگەریی ئەوتۆی نابێ".

## عارف تەیفوور، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە بۆ (رووداو):

# پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق دەکەوێتە ئاداری ساڵی داهاتوو



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا بەرپرسی پێشمەرگەکانی پارتی بوو لە هەڵەبجە. دە ساڵیش جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، چەند ساڵێکیش لە لقی چواری پارتی بەرپرسیارێتی هەبووە، بەڵام خۆشترین قۆناخی کارکردنی خۆی بەو سێ ساڵە دەزانێ کە فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە بووە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش، لە خازر "چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشمەرگە زۆر خۆشە و وەک رێکخستنی حیزبی و ئەم جەنجاڵییە نییە".

> **پەیوەندیم لەگەڵ سەرکردە بەتەمەنەکانی گۆڕان خۆشە**

عارف تەیفوور، وەک بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە، دەستبەکار بووە و دەشزانێ سەرکردایەتیکردنی پارتی لە سلێمانی، سەرئێشەی بەدواوە دەبێ "کار بۆ ئەوە دەکەین ئیدی سەرئێشە نەمێنێ".

عارف تەیفوور، نایشارێتەوە لەکاتی خۆپیشاندانەکانی ساڵی رابردووی پارێزگای سلێمانی، مەکتەبی سیاسی حیزبەکەی داوایان لێکردووە بێتە سلێمانی، بەڵام ئەو پۆستەی وەرنەگرتووە :"لەسەر فەرمانی سەرۆک بارزانی جارێکی دیکە مەکتەبی سیاسی قسەیان لەگەڵ کردمەوە، بەڵام ئیدی قسەی سەرۆکم پێنەشکێنرا و پەسەندم کرد".

ئەو دەڵێ خەڵکی سلێمانییە "سلێمانیی ئەسڵیم"، باو و باپیرانی لە بەرزنجەوە هاتوون و لەم شارەدا ژیاون. لەساڵی 1930 باوکی چووەتە تۆپزاوا و لەوێ نیشتەجێ بووە. بەڵام پەیوەندییە خۆش و بەتینەکەی لەگەڵ سەرکردە کۆنەکانی یەکێتی و گۆڕان، هانی دەدەن بۆ ئەوەی گەشبین بێت بە دروستکردنی پەیوەندییەکی دڵخوازانەی پارتی لەگەڵ حیزبەکان و هەم دڵڕاگرتنی ئەندام و لایەنگرانی پارتی "بەهۆی ئەوەی لە کاتی ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتیدا، ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی بووم، زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی و گۆڕان هاوڕێ و برادەری نزیکمن".

### رەشکردنی پارتی لەلایەن یەکێتییەوە

ئەدهەم بارزانی، ماڵئاوایی لە پارتییەکانی سلێمانی کرد و پێیگوتن "دڵم لە سلێمانی جێدەهێڵم". بەڵام پارتی زیاتر لە 10 ساڵە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات دەنگ و قورسایی خۆی بەدەستبهێنێتەوە. ئەو دەنگانەی کەوەک عارف تەیفوور دەڵێ "بەهۆی هەوڵی چڕ و پڕی راگەیاندنی یەکێتی لە دەیەی نەوەتەکان بۆ ناشیرینکردنی پارتی و فشاری زۆر لەسەر پارتییەکان و بەرتەسککردنەوەی کارت پارتایەتی لەو سنوورە، لێی دوور کەوتوونەتەوە".

پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی لەدوای 1992ەوە لە هیچ هەڵبژاردنێکدا دەنگەکانی نەگەیشتوونەتە 100 هەزار دەنگ. ئەوەش وایکردووە کە ئەو حیزبە پێیوابێت لەو پارێزگایەدا نەگەڕاوەتەوە بۆ مەداری راستەقینەی خۆی. عارف تەیفوور دەڵێ "زۆر باسی ئەوە کراوە کە پارتییەکانی سلێمانی هیچیان بۆ نەکراوە. نابێت هەموو چارەسەرەکان ببەستینەوە بە پارەوە، دەبێ خەڵک ببینین و تێکەڵیان بین، گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و لێمان تێبگەن و لێیان تێبگەین، ساڵی 2005 ئەوکاتەی من لێرەبووم 95 هەزار دەنگمان هێنا، هەوڵدەدەین ئەگەر زیاتر نەهێنینەوە، ئەو دەنگانە دووبارە بکەینەوە، چونکە پارتی لە بنەرەتەوە لە سلێمانییەوە گەشەی کردووە و پەڕیوەتەوە بۆ شارەکانی تر، بۆیە هەر دەبێ پارتی بگەڕێتەوە بۆ رۆژە گەشەکانی خۆی لە سلێمانی".

> **پێشتر هەر کێشەیەکمان لە سلێمانی هەبوایە بەتەلەفۆنێک لەگەڵ مام جەلال چارەسەرمان دەکرد**

### لە مام جەلالەوە بۆ حاکم قادر

نایەوێ رۆڵی تاڵەبانی نادیدە بگرێ لەو ساڵانەی پارتی گەڕایەوە بۆ سلێمانی "هەر کاتێک کێشەیەکمان هەبوایە لە سلێمانی، تەلەفۆنێکم بۆ مام جەلال دەکرد و خێرا چارەسەر دەبوون". ئەی ئێستا کە تاڵەبانی نەماوە؟ عارف تەیفوور، بە پێکەنینەوە دەڵێ "کەسێک هەر دەبێت پەیوەندی پێوە بکەین، لەگەڵ حاکم قادر لە پەیوەندیدا دەبم".

سلێمانی شارێکە، بە درێژایی دروستبوونی سرووشتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تایبەتی هەیە. تاوەکو سەردانی سلێمانی نەکەیت، بەباشی تێناگەیت حیزبەکان لە ململانێدان و هەڵبژاردن هەیە. عارف تەیفوور دەڵێ :"سەرەتا دەمانەوێ پەیوەندییەکان لەگەڵ حیزبەکان خۆشبکەینەوە، من چاوەڕێی ئەوە نیم لەم دۆخەدا بزووتنەوەی گۆڕان بێن و بەخێرهاتنم بکەن، چونکە ئەوە کاری سەرکردایەتی هەردوولایە پەیوەندی باشتریان هەبێ، بەڵام کاک عومەری سەید عەلی هاوڕێمە و پارتیبوونیش لە سلێمانی وا قورس نییە کە باسدەکرێ، ئێمە هەوڵدەدەین ئەو تیرۆرە فکرییە کۆتایی پێبێنین لەم شارە هەیە، تاکە شتیش کە بتوانێ ئەو تیرۆرە فکرییە بووەستێنێ، یان کەمی بکاتەوە، چوونە نێو خەڵک و تێکەڵبوونیانە".

بەرپرسی نوێی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی و هەڵەبجە،ماوەی 10 ساڵ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بوو. حیزبەکان رەخنەی زۆریان رووبەڕوو کردەوە و تۆمەتباریان دەکرد بەوەی رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە نێو پەرلەماندا. بەڵام عارف تەیفوور، دەڵێ "داوا دەکەم لە هەموو ئەوانەی رەخنەیان لە من دەگرت بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانە ئەگەر دەرفەتم نەدا یاسایەک دژ بە هەرێمی کوردستان دەربچێ، بەڵام ئەو چوار ساڵەی کاک ئارام لەوێ بووە دەبینن کە چی لە دژی کورد نەکرا لە کاتێکدا جێگری سەرۆک پەرلەمان مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە، تەنیا یاسای ژمارە 23ی کەرکووک دەرچوو، مام جەلال رەتیکردەوە، من شەڕێکی سەختم لەگەڵ نوێنەرانی حەویجە کرد لەسەر ئەو یاسایە". ئەو پێیوایە ئەگەر ئارامی شێخ محەممەد، ڤیتۆی بەکاربهێنایە، ئەو یاسا پڕ لە هەڕەشەیەی دوای ئەنجامدانی گشتپرسی لە پەرلەمانەوە دەرنەدەچوو.

> **نەدەکرا قسەی سەرۆک بارزانی بشکێنم بۆیە هاتمە سلێمانی**

عارف تەیفوور، پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بە ئاڵۆزتر دەزانێ لەوەی کە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ :"پێمانوابوو مانگی یەکی ساڵی 2019 حکومەت پێکدێ، بەڵام بەهۆی ئەو رەوشەی ئێستاوە ئەو هیوایەش لەبار چوو، بۆیە پێشبینی دەکەم بکەوێتە مانگی سێی ساڵی داهاتوو، بەڵام ئەوەی سەیربوو بەلامەوە، ئەوەبوو کە لەم کاتەدا ئێران کارەبا و ئاوی لەسەر عێراق بڕی، ئەوەش پێکهێنانی حکومەتی ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزکرد".



## عەبادی تانە لە یاسای خانەنشینکردنی پەرلەمانتاران دەدات

**ڕووداو – بەغدا**

عەبادی داوا لە دادگای باڵای فیدراڵی دەکات کارکردن بەیاسای ئیمتیازاتی پەرلەمانتاران رابگرێت کە بەر لە کۆتاییهاتنی خولی سێیەم لەلایەن پەرلەمانەوە پەسندکرا. لە راگەیێندراوێکدا نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق دەڵێت، حەیدەر عەبادی تانەی لەبارەی یاسای ئیمتیازاتی پەرلەمانتارانی عێراقی پێشکەشی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کردووە. عەبادی لە تانەکەدا داوایکردووە کارکردن بەو یاسایە رابگیرێت، چونکە بەپێی یاساکە، پەرلەمانتار مافی خانەنشینبوونی پێدەدرێت، ئەگەر یەک رۆژیش دەوامی کردبێت، ئەوە جگە لە ئیمتیازاتی دیکە. یاسای خانەنشینکردنی پەرلەمانتارانی خوولی سێیەم لە رۆژی 1-7-2018ـەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەش دوای بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی عێراقی.

### عەرەبە ئاوارەکان کۆنفرانس دەبەستن

# 1500 مامۆستای عەرەب لە سلێمانی ئامادەنین بگەڕێنەوە زێدی خۆیان

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

سەنا، داوا دەکات حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیران رێگای مانەوەیان لە کوردستان لێ نەگرێ، چونکە دڵنیایە لەوەی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی کە ئێستا بووەتە وێرانەی دوای جەنگ، سەرکێشییەکی گەورەیە.

سەنا عەباس، مامۆستایە لە قوتابخانەیەکی شاری سلێمانی، چوار ساڵ لەمەوبەر لە شارۆچکەی بێجییەوە لەگەڵ خێزانەکەی خۆیان گەیاندە هەرێمی کوردستان و لە سلێمانی گیرسانەوە. هەرچەندە ئەوان بۆ ماوەیەکی کورت هاتبوون، بەڵام ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان وای لە سەنا کرد بیر لە گەڕانەوە بۆ بێجی نەکاتەوە.

سەنا دەڵێت: "من چوار ساڵە لێرە مامۆستام و هیچ کێشەمان نییە، من ناتوانم بگەڕێمەوە بێجی، چونکە وێران بووە و بارودۆخی ئەمنیش ناجێگیرە".

ساڵی رابردوو، وەزارەتی پەروەردەی عێراق، بڕیاری داخستنی ئەو قوتابخانانەی دا کە لە سەردەمی شەڕی داعشەوە بۆ قوتابییە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، بەرپرسانی پەروەردەی بەغدا پێداگیری دەکەن لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەیان و رۆژی 30ی ئەیلوولی ئەمساڵ دوا وادەیە بۆ داخستنی ئەو قوتابخانە عەرەبییانەی لە کوردستانن. دەستەی کارگێڕیی قوتابخانەکانیش چاوەڕوانی تاقیکردنەوەی خولی دووەم کۆتایی بێت و بڕیارەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

> ناگەڕێمەوە، با منداڵەکانم نەخوێندەوار بن
>
> ئاوارەیەکی عەرەب

تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیران هەڕەشەی بڕینی مووچە لەو خێزانانە بکات ئەگەر نەگەڕێنەوە.

محەممەد جبووری، باوکی یەکێک لە قوتابییەکان، نیگەرانە لەوەی ناتوانن بەرهەڵستی ئەو بڕیارەی حکومەتی بەغدا بکەن. ئەو زۆر بە ژیان لە کوردستان ئاسوودەیە و دەڵێت: "لەوەتەی هاتوومەتە هەرێمی کوردستان، هیچ کێشەیەکم بۆ دروست نەبووە، بۆیە نامەوێت بگەڕێمەوە".

جبووری، پێیوایە بە گەڕانەوە بۆ ناوچەکەی خۆی منداڵەکانی سەریان لێدەشێوێ "من کە لێرەم هەست بەمرۆڤبوونی خۆم دەکەم، هەست بەئارامی دەکەم، بەهیچ شێوەیەک نامەوێت بگەڕێمەوە جێگەیەک بەبەرچاومەوە منداڵەکانم بکوژن، ئەگەر حکومەت سووربێت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، من ناگەڕێمەوە با منداڵەکانم نەخوێندەوار بن، بەڵام ژیانم ئارام بێ".



وەزارەتی پەروەردەی عێراق، بڕیاری داخستنی ئەو قوتابخانانەی داوە کە لە دوای شەڕی داعش بۆ ئاوارەکان لە کوردستان کراونەتەوە

لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی 376 قوتابخانەی عەرەبی هەن (100 لە سلێمانی، 104 لە هەولێر و 172یش لە دهۆک) کە 219 هەزار و 334 قوتابیی ئاوارە لەو قوتابخانانەدا دەخوێنن.

ئیمان حەیدەر، بەڕێوەبەری گشتی نوێنەرایەتی پەروەردەی حکومەتی عێراق لە سلێمانی، دەڵێ لەوەتەی ئەو بڕیارە دەرچووە، ئەوان لە هەوڵی جدیدان بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، تاوەکو پرۆسەی خوێندن بۆ ساڵی داهاتووش بەردەوام بێت، چونکە لەو 36 هەزار قوتابییە ئاوارەیەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی دەخوێنن، زۆربەی هەرەزۆریان ناتوانن بگەڕێنەوە، بەشێکیشیان خانووەکانیان رووخاون یان دەستیان بەسەردا گیراوە، جگە لەوەش بەشێکی دیکەیان بەهۆی نائارامی ناوچەکانیان ناوێرن بگەڕێنەوە

ئیمان حەیدەر دەڵێت بە هەوڵەکانی ئەوان، وەزارەتی پەروەردە هاتووەتە سەرخەت بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی ساڵی رابردوو دەرچوو لەبارەی راگرتنی دەوام لەو قوتابخانانە "لەم رۆژانەدا کۆنفرانسێک لە سلێمانی دەبەستین بۆ خستنەڕووی دەرهاویشتەکانی داخستنی قوتابخانەکان لەڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە". گوتیشی: "بڕیارە وەزیری پەروەردەی حکومەتی عێراق بێتە هەرێمی کوردستان و رۆژی سێشەممە لەگەڵ وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

ئەو گوتی کە داوای لە پەروەردەی سلێمانی کردووە لەڕووی دابینکردنی بینای خوێندنەوە هاوکارییان بکەن، چونکە جگە لەو کابینانەی ئێستا تێیاندا دەخوێنن، پێویستیان بە 16 باڵەخانەی دیکە هەیە.

بەڵام خۆگر خالید، بەڕێوەبەری بەشی پلان لە پەروەردەی سلێمانی دەڵێت وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆخۆی گرفتی کەمیی خوێندنگەی هەیە، ناتوانێ داواکاری ئەوان جێبەجێ بکات.

لە سنووری سلێمانی نزیکەی 5 هەزار مامۆستا و فەرمانبەری سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق هەبوون کە تاوەکو ئێستاش 1500 مامۆستایان نەگەڕاونەتەوە. ئەوان دەڵێن مووچەکانیشیان ببڕن ناگەڕێنەوە.

### 30 کیلۆمەتر هاتووەتە نێو خاکی باشووری کوردستان

# ئێران لە پێنجوێن بۆ گۆڕی سەربازەکانی دەگەڕێ

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو – سلێمانی**

تیمێکی ئێرانی ماوەی سێ ساڵە لە پێنجوێن بە دوای تەرمی سەربازانی کوژراوی شەڕی 8 ساڵەی ئێران- عێراقدا دەگەڕێن. رێکخراوێکی پاراستنی ژینگەش دەڵێت تیمەکە دارستانەکانی پێنجوێنیان وێران کردووە.

لە ساڵی 2015ـەوە تیمێکی ئێرانی بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر هاتوونەتە نێو خاکی باشووری کوردستان لە سنووری قەزای پێنجوێن. ئەو تیمە بەدوای گۆڕی قوربانیانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان وڵاتەکەیان و عێراقدا دەگەڕێن. بەڵام خەڵکی ناوچەکە دەڵێن، ئەوەی ئەو تیمە دەیکەن، وێرانکردنی ژینگەی ناوچەکەیە.

ڕێبوار کەمال، سەرۆکی رێکخراوی ملەکەوە بۆ پاراستنی ژینگە دەڵێت، ئەوکاتەی ئێرانییەکان هاتن گوتیان بەدوای تەرمی سەربازە ئێرانییەکاندا دەگەڕێن: "بەڵام بەداخەوە، ئەوان بەناوی گەڕان لەدوای تەرم، بەربوونەتە جەستەی سروشتی ناوچەکەمان و وێرانیان کردووە".

بەپێی بەدواداچوونی رێکخراوی ملەکەوە، ئەو تیمە بەقووڵایی 30 کیلۆمەتر هاتوونەتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان، تێبینییان کردووە کە بێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی ژینگەپارێزی، چەند دارستانیان تێکداوە کە داری بەتەمەنی تێدایە. نەخشەی ناوچە مینرێژکراوەکانیشیان گۆڕیوە.

ڕێبوار کەمال، پێشبینی دەکات بەو هۆیەوە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان لەو دەڤەرە دروستبێت، چونکە هیچ تابلۆیەکی ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مین نەماوە.

ساڵی رابردوو لەکاتی گەڕان بەدوای تەرمەکاندا، مین بە تیمێکی ئێرانیدا تەقییەوە و یەکێکیان گیانی لەدەستدا و یەکێکیشیان بریندار بوو.

بەهۆی زۆربوونی جموجۆڵەکانی ئێران لە سنووری پێنجوین، چالاکانی پاراستنی ژینگە سکاڵایان بۆ داواکاری گشتی و قایمقامی شارۆچکەکە بەرز کردووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکیان وەرنەگرتووە.

ڕێبوار دەڵێت: "ئەمساڵ تیمەکە زۆر بێبەزەییانەتر بەربوونەتە دارستانەکان، ئێمەش بە جددی دەستمان کردووەتەوە بە هەوڵەکانمان بۆ ئەوەی بتوانین حکومەت و بەرپرسان ناچار بکەین سنوورێکیان بۆ دابنێن". ڕێبوار گوتیشی: "ئێمە بەگومانین لە کاری ئەو تیمە، چونکە ساڵی رابردوو لە گوندی ئەحمەد کلوان، زەوی زۆریان هەڵدایەوە، ئەمساڵیش هەر لەوێن".

ڕێبوار و هاوکارانی، هەوڵیانداوە لە نزیکەوە سەردانی ئەو تیمە بکەن و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن، بەڵام دەڵێن ناهێڵن نزیکیان ببنەوە.

زانا عەبدولڕەحمان قایمقامی قەزای پێنجوێن، دەڵێ وەڵامی ئەو رێکخراوەیان داوەتەوە کە ئەو دۆسیەیە پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە، بەڵام فەرمانگەی داواکاری گشتی، هەوڵی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ بەدواداچوونی داواکارییەکانی رێکخراوەکە.

> تیمە ئێرانییەکە دارستانەکانی پێنجوێنیان وێران کردووە
>
> ڕێکخراوێکی پاراستنی ژینگە

دانا کەریم، ئەندامی داواکاری گشتی لە پێنجوێن گوتی: "دوای سکاڵای ئەو رێکخراوە ئێمە پەیوەندیمان بەلایەنی پەیوەندیدارەوە کرد کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانە، ئەوان بێئاگایی خۆیان لەو دۆسیەیە راگەیاند و بەڵێنیان دا بەدواداچوونی جدی بۆ بکەن".

بەڵام بەختیار فەرەج، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دەڵێت پەیوەندییان بە کونسوڵخانەی ئێران و تیمەکەشەوە کردووە کە سەرقاڵی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانن "بەپێی رێککەوتنێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق و ئێران و بەئاگاداری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو تیمانە رێگەپێدراون لەسەرجەم هەرێمی کوردستان بەدوای گۆڕدا بگەڕێن، بەڵام تەنیا رێگەی ئەوەیان پێدراوە دەستنیشانی گۆڕەکان بکەن، نەک زەوی هەڵبدەنەوە".

لەکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەی (ڕووداو)، بەختیار فەرەج جارێکی دیکە پەیوەندی بە کونسوڵخانەی ئێران و تیمەکەوە کردەوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی پێشێلی کۆنووسی رێککەوتننامەکەی نێوانیان نەکەن و زیان بە ژینگەی ناوچەکە نەگەیێنرێت. تیمە ئێرانییەکە بە بەرپرسەکەی وەزارەتی شەهیدانیان راگەیاند کە هیچ گۆڕێکیان هەڵنەداوەتەوە و کارەکەشیان راگرتووە، بەڵکو تەنیا سنووری ئەو جێگایانەیان دیاری کردووە. بەڵام سەرۆکی رێکخراوی ملەکەوە دەڵێت ئەو تیمە تاوەکو ئێستا بەردەوامن لە هەڵدانەوەی ئەوەی گوایە گۆڕی سەربازەکانیانن.



بەپێی رێککەوتننامەکان تیمە ئێرانییەکە بۆیان نییە گۆڕی سەربازەکان هەڵبدەنەوە

### دوایین ماڵی کورد گوندی قوشقایەی جێهێشت

# 30 گوندی کوردنشین لە دوبز چۆڵ دەکرێن

**هەردی محەممەد**
**ڕووداو– سلێمانی**

حاجی ئیسماعیل دوایین گوندنشینی کورد بوو لە دەوروبەری دوبز کە ناچار بوو لە ترسی هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەی توندئاژۆکان و عەرەبە هاوردەکان زێدی خۆی جێبهێڵێ. ئێستا گوندەکانی دەوروبەری شارۆچکەی دوبز خاڵین لە کورد.

گوندی قوشقایە، سەر بە قەزای دوبزە لە پارێزگای سەلاحەدین، نزیکەی 70 خێزانی کورد لەوێ دەژیان کە زۆربەیان خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، بەڵام لەدوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ، رۆژگاری ئارامی و دڵنیایی ئەوان شێوا. چونکە بە دوورکەوتنەوەی پێشمەرگە، گرووپی توندئاژۆکان کەوتنە تەراتێن لەناوچەکەدا و ئەوەش دەرفەت بوو بۆ ئەو عەرەبە هاوردانەی هێشتا خەونی دەستگرتنەوە بەسەر زەوی کورداندا کەڵلەی جێنەهێشتوون.

حاجی ئیسماعیل عومەر، ساڵی 1934 لە گوندی قوشقایە لەدایکبووە، بەڵام ئێستا بەهۆی نەبوونی پشت و پەناوە، ناچارە کەلوپەلەکانی ماڵەکەی کۆبکاتەوە و لە تراکتۆرێک باری بکات و رووبکاتە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووک. ئەمە دەبێتە سێیەمین جار کە بە ناچاری گوندەکەی جێدەهێڵێ. یەکەمجار ساڵی 1963، دووەمجاریش لە ساڵی 1988.

ئەو گوندنشینە کوردانەی زۆربەیان هاوماڵ و دۆستی حاجی ئیسماعیلن و پێش ئەو سەری خۆیان هەڵگرتووە، باس لەوە دەکەن کە لەوەتەی گوندەکانیان جێهێشتووە، زەوییەکانیان کەوتوونەتەوە دەست عەرەبنشینەکان، ئێستا گوندی مامە و عەلە غێر، بەتەواوی بوونەتە عەرەبنشین.

حاجی ئیسماعیل دەڵێ: "ساڵی 2003 کاتێک لە هەولێرەوە گەڕاینەوە گوندەکەمان چەند دڵمان خۆش بوو. پێمانوابوو ئیدی باقی تەمەنمان لێرە بەسەر دەبەین، بەڵام ئەوەتا لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە عەرەبەکانی پرۆسەی تەعریب هاتوونەتەوە بۆ ئەو گوندە و جارێ بە پۆشاکی سەربازی و جارێکی دیکە بەناوی داعشەوە دێن و هەڕەشەی جێهێشتنی گوندیان لێدەکردین". بەوجۆرە حاجی ئیسماعیل چیدی نەیتوانی لە گوندەکەی بمێنێتەوە.

هێشتا بەشێکی زۆر لە حیزبە کوردییەکان لەنێو شاری کەرکووک بارەگایان هەیە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بۆ رێگەگرتن لەو شاڵاوەی لە سایەی بێدەنگیی سوپای عێراق و گرووپەکانی حەشدی شەعبییەوە بەڕێوەدەچێ، بێسوود بوون.

مەلا فەرمان، ئەندامی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکووک، پێیوایە پرۆسەی بەعەرەبکردن "لە گوندەکانی سنووری داقوق و خورماتووەوە دەستپێکردووە و بەم جۆرەی ئێستا درێژە دەکێشێ تاوەکو ناوچەکانی پردێ و شوان و ساڵەیی و قەرەهەنجیریش".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان هەروەها دەڵێ، ئەو عەرەبانەی ئێستا دێنە سەر ماڵە کوردەکانی ئەو گوندانە "عەرەبی شیعەن و لە هۆزی ئەلبودێرن کە پێشتر حکومەتی سەدام لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هاوردەی کەرکووکی کردبوون. ئێستاش بەپشتیوانی حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی و سوپا بەئاسانی دەتوانن بەئامانجەکانیان بگەن، هەر بۆیە جگە لە دەرکردنی کورد ناوی گوندەکانیشیان گۆڕیوە بە عەرەبی، بۆ نموونە ناوی گوندەکانی مامە و عەلەغێریان کردووەتە زەهرا و عززە".

دەیان خێزانی ئاوارەی خورماتوو و کەرکووک لە سلێمانی و هەولێرەوە سۆراخی گەڕانەوە دەکەن، لەولاشەوە رۆژانە گوندنشینە کوردەکانی خورماتوو و داقوق، لە سلێمانی و هەولێر بەدوای خانووی کرێدا دەگەڕێن.

عەبدووڵا نورەدین، قایمقامی دوبز کە ئێستا بەهۆی ئەو دۆخەوە لەمۆڵەتدایە و مەترسی دوورخستنەوەی لەسەرە، رایگەیاند: "65 گوند لە سنووری قەزای دوبز هەن زیاتر لە 30 گوندیان کوردنشینن و بەشێک لە گوندەکانی دیکەش کورد و عەرەب بەهاوبەشی دەژین. لە تەواوی ئەو گوندانەی فرەپێکهاتەن، کورد لەژێر هەڕەشەدا ناوچەکانیان جێهێشتووە و هەر 30 گوندەکەش یان کوردیان تێدا نەماوە یان چەند ماڵێکی کەم ماون، یان هاوشێوەی پەڵکانە لە سنووری سەرگەڕان دانیشتووانەکەی بەرگرییەکی بەهێز دەکەن لە بەرامبەر هەڕەشەی عەرەبە توندڕەوەکانی ناوچەکە".

### هۆشیار زێباری، ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (رووداو):

# پارتی ڤیتۆی له‌سه‌ر مالیکی نییه

له‌دوای هه‌ڵبژاردنه‌وه لێره و له‌وێ ناوی ده‌هێنرێ گوایه له حکومه‌تی داهاتووی عێراقدا پۆستی سه‌رۆک کۆماری عێراق وه‌رده‌گرێ که یه‌کێتی به مافی خۆی ده‌زانێ، به‌ڵام ئه‌و ده‌ڵێت دواجار سه‌رکردایه‌تی حیزبه‌که‌ی بڕیار ده‌دات ئه‌و پۆسته وه‌رده‌گرێ یان نا. هۆشیار زێباری، ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی پارتی له دوو کابینه‌ی حکومه‌تی عێراقدا وه‌زیری ده‌ره‌وه بووه، له کابینه‌یه‌کیشدا وه‌زیری دارایی. ئه‌و له‌و باوه‌ڕه‌دایه تاوه‌کو کۆتایی ئه‌مساڵ حکومه‌تی عێراق پێکنایه‌ت.

زێباری له‌م هه‌ڤپه‌یڤینه‌دا له‌گه‌ڵ (رووداو) باسی پێکهێنانی حکومه‌تی عێراق و گه‌ڕانه‌وه‌ی کورد بۆ به‌غدا و هه‌ڵبژاردنه‌کانی په‌رله‌مانی کوردستان ده‌کات

هه‌ڤپه‌یڤین: هیوا جه‌مال

رووداو- هه‌ولێر


(فۆتۆ: AFP)

**رووداو: بۆچی کورد ده‌چێته‌وه به‌غدا؟**

**هۆشیار زێباری:** کورد ده‌چێته‌وه به‌غدا، چونکه مافه‌کانی له ده‌ستووری عێراقدا دیاری کراون. به‌ڵام هه‌موو مافه‌کانی کورد نه‌دراون، ئه‌مه‌ش یه‌کێک له هۆکاره هه‌ره سه‌ره‌کییه‌کان که کورد گشتپرسی کرد، چونکه یه‌کێتی خاکی عێراق به‌نده به جێبه‌جێکردنی ده‌ستوور. پاشان هه‌موو دونیا گوتیان نه‌خێر ده‌بێت هه‌موو لایه‌ک بگه‌ڕێنه‌وه ژێر چه‌تری ده‌ستوور. ئێمه زۆر مافمان هه‌یه له به‌غدا ده‌بێ هه‌وڵی بۆ بده‌ین. بێگومان ئه‌گه‌ر یه‌کرِیز بین هه‌ڵوێستمان له‌سه‌ر مێزی دانوستاندن له به‌غدا به‌هێزتر ده‌بێ. ئێستاش زۆری لێ نه‌چووه، ئه‌نجامی ئه‌و هه‌ڵبژاردنه ده‌ریخست کێ هێزی سه‌ره‌کییه و مه‌رجه‌عییه‌تی کورد له کوێیه، عێراقییه‌کانیش هه‌موویان دانیان به‌وه‌دا ناوه بۆ دانوستاندن له‌گه‌ڵ کورد قسه له‌گه‌ڵ کێ بکه‌ن.

**رووداو: ئێوه تا ئێستاش هیوا ئاواتتان به جێبه‌جێکردنی ده‌ستوور هه‌یه؟**

**هۆشیار زێباری:** ده‌بێ ده‌ستوور جێبه‌جێ

> حکومه‌تی عێراق ئه‌مساڵ پێکنایه‌ت

بکرێ، چونکه هه‌موو لایه‌ک ده‌ستکه‌وتی هه‌یه و ته‌نازولیشی کردووه، بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ینه رێککه‌وتن له‌سه‌ر ئه‌و په‌یمانه کۆمه‌ڵایه‌تییه، ده‌ستوور سه‌ت له سه‌ت به دڵی هه‌موو لایه‌ک نییه، به‌ڵام ده‌نگیان بۆ داوه‌و ئه‌م چه‌تره‌یان قبووڵ کردووه. ئێمه زۆر مافمان هه‌یه په‌یوه‌ندی به ده‌ستووره‌وه هه‌یه، بۆ نموونه گله‌ییه‌کی زۆرمان له‌به‌غدا هه‌یه که بۆچی به‌شی کورد له بودجه به‌رده‌وام دانوستاندنی له‌سه‌ر ده‌کرێ، له کاتێکدا ده‌بێ ئه‌و مافه به‌شێوه‌یه‌کی سروشتی بدرێ، ئه‌مه له‌به‌ر چییه؟ چونکه سه‌رژمێری گشتی له عێراق نه‌کراوه.

به‌ڵام ئه‌مجاره جیاوازه، له هه‌ڵبژاردنه‌کانی پێشوو قه‌واره‌یه‌کی گه‌وره سه‌رده‌که‌وت، ئێستا ئه‌وه نه‌ماوه. ئێستا نێو ماڵی شیعه بووه‌ته پێنج کوتله. سوننه‌کانیش به‌هه‌مانشێوه دابه‌شبوون. کوردیش به‌هه‌مانشێوه، به‌ڵام ئێمه به‌شێوه‌یه‌کی نسبی ره‌نگه له‌وان باشتر بین. ئێمه و یه‌کێتی له یه‌کدی نزیکین و ده‌توانین ببینه قه‌واره‌یه‌کی باش.

**رووداو: ئێوه ده‌بنه فراکسیۆنێک یان هاوپه‌یمان؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه ده‌ستمان پێکردووه. هه‌ردوولا گه‌یشتووینه‌ته ئه‌و قه‌ناعه‌ته که ده‌بێ پێکه‌وه ئیش بکه‌ین. به یه‌ک شاند برِۆین بۆ به‌غدا، له‌سه‌ر به‌رنامه‌یه‌کی هاوبه‌ش رێکبکه‌وین.

**رووداو: هاوپه‌یمانی کوردستانی دروست ده‌که‌نه‌وه؟**

**هۆشیار زێباری:** مه‌رج نییه هه‌ر به‌و سیغه‌یه‌ی پێشتر بێ، ره‌نگه به‌شێوه‌یه‌کی دیکه بێ.

**رووداو: به یه‌ک فراکسیۆن ده‌چنه به‌غدا؟**

**هۆشیار زێباری:** پێمان باشه و داواشمان کردووه.

**رووداو: کێ داوای له کێ کردووه؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه داوامان کردووه. پارتی ده‌ستپێشخه‌ر بوو که هه‌ڵبژاردنی کوردستان پێش ئه‌وه‌ی عێراق بکرێ، سه‌رۆک بارزانی، سه‌رۆکی حکومه‌ت و سه‌رکردایه‌تی پارتی چه‌ندینجار داوایان کرد که هه‌قه کورد پێکه‌وه بچنه به‌غدا.

**رووداو: تا ئێستا ته‌نیا یه‌کێتی وه‌ڵامی ئه‌و داواکارییه‌ی پارتی داوه‌ته‌وه؟**

**هۆشیار زێباری:** هه‌تا ئێستا یه‌کێتی وه‌ڵامده‌رتره، ئه‌وانیش پێیانباشه، ئه‌وانیش پێویستیان پێی هه‌یه که پێکه‌وه بچین بۆ به‌غدا، له دوایین کۆبوونه‌وه‌ماندا ئه‌و بڕیاره‌مان دا، لێژنه‌یه‌کمان دروستکرد، لێژنه‌یه‌کی بچووکترمان دانا به‌رنامه‌یه‌کی هاوبه‌ش بنووسێ.

**رووداو: به ره‌سمی داواتان له لایه‌نه‌کانی دیکه کردووه؟**

**هۆشیار زێباری:** به‌ڵێ، پێمانگوتوون، په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵیان هه‌بووه و نه‌پچڕاوه. به‌ڵام ره‌غبه‌تیان نییه و چاوه‌ڕێی ژماردنه‌وه‌ی ده‌نگه‌کان ده‌که‌ن، ئه‌ویش خه‌ریکه ته‌واو ده‌بێ. دواتر نازانم وه‌ڵامیان چی ده‌بێ.

**رووداو: گوتت شیعه‌کان بوونه‌ته پێنج کوتله، ئێوه له‌سه‌ر بنه‌مای په‌رته‌وازه‌یی نێو ماڵی شیعه به‌رنامه‌ی خۆتان داده‌نێن، یان شتی دیکه؟**

**هۆشیار زێباری:** بارودۆخه‌که گۆڕاوه، ئێمه له دوای 16ی ئۆکتۆبه‌ر رووبه‌ڕووی کۆمه‌ڵێک ئابڵووقه بووینه‌وه، ئابڵووقه‌ی ئابووری، ئاسمانی، داخستنی ده‌روازه سنوورییه‌کانی وڵاتانی دراوسێ، له بارودۆخێکی خراپدا بووین، به‌ڵام ئێستا هه‌موو ئابڵووقه‌کان شکاون، ئابڵووقه‌ی سیاسی شکا، فرۆکه‌خانه‌کان کرانه‌وه. په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ به‌غدا چووه پێش. ئێستا بودجه لانیکه‌م له کاتی خۆیدا دێت. له‌لایه‌کی دیکه‌وه عێراق قه‌یرانی دروستکردنی حکومه‌تی له‌پێشه، ره‌نگه تاوه‌کو کۆتایی ئه‌مساڵ بخایه‌نێ. بۆیه وای ده‌بینین که باشتره بۆ خه‌ڵکی کوردستان ئه‌م هه‌ڵبژاردنه له 30ی ئه‌یلوولدا بکرێ.

**رووداو: عه‌ره‌ب به سوننه و شیعه‌وه له دژی گشتپرسی وه‌ستانه‌وه، ئێوه چۆن به‌و په‌رته‌وازه‌ییه‌ی ئه‌وان دڵخۆشن، له‌و باوه‌ڕه‌دا نین ئه‌وان له ئاینده‌دا له دژی ئێوه یه‌ک بگرنه‌وه؟**

**هۆشیار زێباری:** ره‌نگه یه‌کیش بگرنه‌وه، ئه‌وه سیاسه‌ته. له یه‌ک رۆژدا له په‌رله‌مان 14 بڕیاریان له دژی ئێمه ده‌رکرد. به‌ڵام ریفراندۆم بۆ؟ خه‌ڵک و دونیاش ده‌زانێ ئه‌م میلله‌ته ئاره‌زووی چییه و چی ده‌وێ. وه‌کو پرۆسه به‌ڕێوه‌چوو، راسته ئه‌نجامه‌کانی له‌سه‌ر ئێمه قورس که‌وت، به‌ڵام به‌هۆی حیکمه‌تی سه‌رکردایه‌تی و سه‌رۆکایه‌تی حکومه‌ت توانیمان تاڕاده‌یه‌ک له‌و ئه‌نجامه قورسه ده‌رباز ببین. راسته ئه‌وان له‌سه‌ر مافه‌کانی کورد یه‌ک هه‌ڵوێستن، به‌ڵام ئێمه‌ش له نێویاندا خه‌ڵکمان هه‌یه، وه نه‌بێ مه‌سه‌له‌که ره‌ش و سپی بێ. خه‌ڵکێکیان هه‌یه موته‌فاهیمه.

**رووداو: هه‌ندێک له‌وانه‌ی به‌غدا پێش گشتپرسی و دوای گشتپرسیش له‌گه‌ڵ کورد خراپ بوون، ئێوه وه‌کو پارتی هێڵی سوورتان له‌سه‌ر که‌سیان هه‌یه؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه ئه‌و خه‌ڵکانه ده‌ناسین کێ دژایه‌تی ئێمه‌ی کرد، کێش هه‌ڵوێستی هه‌بوو، کێش له‌گه‌ڵ ئه‌وه بوو چاره‌سه‌رێک بدۆزرێته‌وه و نه‌گاته ئاستی هه‌ڵگرتنی چه‌ک و خوێنڕشتن. ئه‌وه قه‌ت له‌بیر ناکه‌ین.

**رووداو: ئێستا دوو که‌س له به‌غدا ده‌رکه‌وتوونه‌ته‌وه، ئێوه‌ش مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵ ده‌که‌ن، یه‌کێکیان حه‌یده‌ر عه‌بادییه و ئه‌وه‌ی دیکه‌یان نووری مالیکی. هێڵی سوورتان له‌سه‌ر ئه‌مانه‌ش نییه که یه‌کێکیان هێزی هێنایه سه‌رتان، ئه‌وه‌ی دیکه‌شیان قووتی خه‌ڵکی بڕی؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه بۆچوونمان هه‌یه، به‌ڵام وه‌کو هه‌ڵوێستی پارتی، ڤیتۆ و هێڵی سوورمان نه‌خستووه‌ته سه‌ر هیچ لایه‌نێک.

**رووداو: ته‌نانه‌ت نووری مالیکیش؟**

**هۆشیار زێباری:** هه‌تا نووری مالیکیش. ئێمه دانوستاندنمان هه‌یه، وه‌فده‌کانمان ده‌چن له‌گه‌ڵی داده‌نیشن. وه‌فدی ئه‌و دێت سه‌ردانمان ده‌کات. هه‌روه‌ها له‌گه‌ڵ عه‌بادیش. به‌ڵام پرۆسه‌ی دروستکردنی حکومه‌ت پرۆسه‌یه‌کی ئاسان نییه، ره‌نگه کاتیشی بوێت. کێشه‌که ئه‌وه‌یه هه‌موو لایه‌ک پێویستی به ئه‌ویتره. هیچ لایه‌نێک ناتوانێ له‌لای خۆیه‌وه بڕیاری دروستکردنی حکومه‌ت بدات.

**رووداو: کورد مار به‌خێو ده‌کات، زۆرجار پاڵپشتی هه‌ندێک که‌سی کردووه و حکومه‌تی دروست کردووه له‌گه‌ڵی، به‌ڵام دوایی پێوه‌ی داوه؟**

**هۆشیار زێباری:** ئه‌مجاره ده‌بێ ئێمه و هه‌موو لایه‌نه‌کانی دیکه‌ش ده‌رس له رابردوو وه‌ربگرین. هه‌م له‌گه‌ڵ ناوخۆ، هه‌م له‌گه‌ڵ لایه‌نه عێراقییه‌کانیش. ئێمه دڵپاک بووین. زۆرجار له پێناوی یه‌کێتی عێراق و یه‌کێتی کورد ده‌ستبه‌رداری زۆر مافی خۆمان بووین. ئه‌مجاره بۆچوونی سه‌رکردایه‌تیمان ئه‌وه‌یه که

> ئه‌م هه‌ڵبژاردنه نابێ دوابخرێ، چونکه کورد زه‌ره‌ری گه‌وره ده‌کات

> رێککه‌وتنی دابه‌شکردنی پۆست له نێوان پارتی و یه‌کێتیدا نه‌ماوه

به چاوێکی دیکه سه‌یری مافه‌کانمان بکه‌ین.

**رووداو: چ شتێکتان هه‌یه که کۆنکرێتی بێ و داوای بکه‌ن، مافی خه‌ڵک بدرێ و هه‌ڵه‌کانی رابردوو دووباره نه‌بنه‌وه؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه ئه‌گه‌ر له به‌غدا له‌نێو پرۆسه‌ی بڕیار وه‌رگرتن نه‌بین، ناتوانین مافه‌کانمان وه‌ربگرین. بۆیه ده‌بێ وجودمان له به‌غدا هه‌بێ. راسته پرۆگرام گرنگه و ده‌بێ حکومه‌ت ئیعتراف به مافه‌کانت بکات، به‌ڵام ده‌بێ خه‌ڵکیشت له‌وێ هه‌بێ پرۆگرامه‌که‌ت بۆ جێبه‌جێ بکات، جا چ له په‌رله‌مان بێ یان له حکومه‌ت. ئێمه کاتێک باسی هاوسه‌نگی ده‌که‌ین. هاوسه‌نگی له زۆربه‌ی وه‌زاره‌ته‌کان نه‌ماوه.

**رووداو: گشتپرسی وه‌کو کارت به‌کاردێنن بۆ دانوستاندن؟ تا کوێ له‌گه‌ڵ به‌غدان و له کوێ جیاده‌بنه‌وه؟**

**هۆشیار زێباری:** گشتپرسی رووداوێکی مێژوویی بوو، وه‌کو یه‌کێک وه‌سفی کرد، بوومه‌له‌رزه‌یه‌ک بوو، ئه‌و په‌یامه ماوه. ئه‌وه به‌ده‌ست سه‌رکردایه‌تیی کورده چۆن به‌کاری دێنێ.

**رووداو: ده‌توانن به‌کاری بێنن؟**

**هۆشیار زێباری:** نازانم، ئه‌وه بڕیارێکی گرنگه. کاتی خۆشی من له چاوپێکه‌وتنه‌کانم له‌گه‌ڵ ئێوه گوتوومه مانای ئه‌وه نییه به‌یانی ده‌وڵه‌تی کوردی رابگه‌یه‌نین.

**رووداو: هه‌تا کوێ چاوه‌ڕێ ده‌که‌ن مافی خه‌ڵکی کوردستان له‌لایه‌ن به‌غداوه بخورێ؟**

**هۆشیار زێباری:** ئه‌وه هه‌لێکه که هه‌موو لایه‌ک به خۆیدا بچێته‌وه، ئێمه ده‌بێ به خۆماندا بچینه‌وه. ئه‌وانیش گه‌یشتنه ئه‌و قه‌ناعه‌ته که ناتوانن هه‌رێمی کوردستان له‌ناو ببه‌ن. له‌لایه‌کی دیکه خۆڕاگری میلله‌تی کورد سه‌لماندی که کورد هه‌رچه‌ند ناکۆکی سیاسیشی هه‌بێ، به‌ڵام ده‌توانێ ئیداره‌ی قه‌یرانه‌کانی بکات.

**رووداو: ئێوه و یه‌کێتی زۆرجار له‌سه‌ر پۆسته‌کان رێکناکه‌ون، بۆ نموونه سه‌رۆک کۆمار بۆ کێ ده‌بێ؟ لێره سه‌رۆکایه‌تی هه‌رێمی کوردستان ته‌جمید کراوه. ده‌ڵێن پارتی به‌نیازی سه‌رۆکایه‌تی کۆماره، ئێوه چیتان ده‌وێ؟**

**هۆشیار زێباری:** بێگومان ئێستا چۆن له ناوه‌ڕاست و خوارووی عێراق خۆپیشاندان هه‌یه و ده‌ڵێن ئیدی به‌سه بۆ حوکمی حیزبی ده‌عوه. ئه‌مه یه‌کێکه له هۆکاره هه‌ره سه‌ره‌کییه‌کانی ناڕه‌زایه‌تییه‌کان. سه‌باره‌ت به هه‌رێمی کوردستانیش ئه‌و پۆستانه قابیلی پێداچوونه‌وه‌ن و تاپۆ نین له‌سه‌ر لایه‌نێک. کاتی خۆی رێککه‌وتن له نێوان پارتی و یه‌کێتیدا هه‌بوو ئه‌و پۆستانه به چ شێوه‌یه‌ک

> پۆسته‌کانی به‌غدا تاپۆ نین له‌سه‌ر لایه‌نێک

دابه‌ش بکرێن، به‌ڵام به‌شێوه‌یه‌کی عه‌مه‌لی ئه‌و رێککه‌وتنه نه‌ماوه. پۆستی سه‌رۆکی هه‌رێم نه‌ما. هێشتا له‌گه‌ڵ یه‌کێتی نه‌گه‌یشتووینه‌ته گفتوگۆ له‌سه‌ر پۆست، ئێستا قسه له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌که‌ین چۆن پرۆگرامێکی هاوبه‌ش دابڕێژین و پێکه‌وه بچینه به‌غدا. پۆسته‌کان ده‌بێت له نێوان خۆمان چاره‌سه‌ر بکه‌ین.

**رووداو: به‌پێی زانیارییه‌کانم له ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌ی عێراقیش داوا له تۆ کراوه ببیته سه‌رۆک کۆمار، ئه‌وه تا چه‌ند راسته؟**

**هۆشیار زێباری:** ئه‌مه ته‌سریباته، ته‌سریباتێکی زۆر له‌ناو عێراقدا هه‌یه. به‌ڕاستی ئێمه پێشمه‌رگه‌ین، کادیری پارتین، بڕیار بڕیاری سه‌رۆک بارزانییه. ئه‌و شته زۆر باس ده‌کرێ، به‌ڵام ئه‌وه بڕیاری من نییه. سه‌رکردایه‌تی چی به مه‌سڵه‌حه‌ت ده‌زانن ئه‌وه ده‌که‌ین.

**رووداو: راسته بڕیاری پارتییه، به‌ڵام خۆتت بۆ ئاماده کردووه؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه پێشمه‌رگه بووین، من له به‌غدا بووم. وه‌زیرێکی چالاک و کاریگه‌ریش بووم. خه‌ریکی شتی گه‌وره‌ش بووم. به یه‌ک ته‌له‌فۆن جه‌نابی سه‌رۆک گوتی ده‌بێ به‌یانی بچیته لای موقته‌دا سه‌در، سه‌حبی سیقه له سه‌رۆکوه‌زیرانه‌که‌ت بکه‌ی ده‌یکه‌م، ئێمه واین.

**رووداو: مه‌سه‌له‌ی هه‌ڵپه‌ساردنی یاسای سه‌رۆکایه‌تی هه‌رێم پارتی و گۆڕانی لێکنزیک کردووه، جگه له‌وه هیچی دیکه‌تان هه‌یه؟**

**هۆشیار زێباری:** ئه‌سڵه‌ن ئه‌و پرۆژه‌یه پرۆژه‌ی گۆڕان بوو، هی پارتیش بوو، به‌ڵام زیاتر پرۆژه‌ی گۆڕان بوو، ئه‌مه به‌شێک له کێشه‌که‌ی چاره‌سه‌ر کرد، به‌ڵام ئاراسته‌که زیاتر به‌ره‌و ئه‌وه ده‌چێ که هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی کوردستان بکرێ.

**رووداو: هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی کوردستان له کاتی خۆیدا ده‌کرێ؟**

**هۆشیار زێباری:** ئێمه سوورین و داواشمان له یه‌کێتی و هه‌موو لایه‌نه‌کانی دیکه کردووه که نابێت به هیچ شێوه‌یه‌ک ئه‌م هه‌ڵبژاردنه دوابخرێ. چونکه کورد زه‌ره‌ری گه‌وره ده‌کات.

**رووداو: ده‌نگێی دواخستن هه‌یه؟**

**هۆشیار زێباری:** هه‌تا ئێستا نییه. ئیجرائاتی ته‌کنیکی و هونه‌ری به‌رده‌وامه، ئاماده‌کاری زۆرمان کردووه. لیستی کاندیده‌کانمان ته‌قریبه‌ن ته‌واو بووه. به‌رنامه‌ی هه‌ڵبژاردنمان ته‌واو کردووه. کۆمیسیۆن زۆر ئیجرائاتی کردووه. کاته‌که‌ی باشه، ئێمه وه‌کو کورد ئه‌گه‌ر بتوانین له کاتی خۆیدا هه‌ڵبژاردنێک بکه‌ین به‌رامبه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌کانی عێراق که دونیایه‌ک کێشه و گومانی تێدابوو، قیمه‌تی کورد به‌رامبه‌ر دونیا زۆر به‌رز ده‌بێته‌وه.

> هه‌ڵپه‌ساردنی یاسای سه‌رۆکایه‌تی هه‌رێم زۆرتر پرۆژه‌ی گۆڕان بوو

**رووداو: هه‌ڵبژاردن سه‌د له سه‌د ده‌کرێ؟**

**هۆشیار زێباری:** سه‌د له سه‌د مومکینه بکرێ. داوا ده‌که‌ین و هه‌وڵ ده‌ده‌ین له کاتی خۆیدا بکرێ.

**رووداو: ئه‌گه‌ر حکومه‌تی عێراق دوابکه‌وێ هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی کوردستان هه‌ر ده‌کرێ؟**

**هۆشیار زێباری:** بۆچوونێک هه‌یه که ئێمه خه‌ریکی پێکهێنانی حکومه‌تی عێراقین و ئه‌گه‌ریش هه‌ڵبژاردن بکه‌ین ره‌نگه ناکۆکی و ئاڵۆزی دروست ببێ. من له‌گه‌ڵ ئه‌و بۆچوونه‌دا نیم. من باوه‌ڕم وایه که دروستکردنی حکومه‌تی عێراق دواده‌که‌وێ. ئه‌گه‌ر ئێمه له 30ی ئه‌یلوول ئه‌م هه‌ڵبژاردنه بکه‌ین، باوه‌ڕ بکه ده‌بێته گرنگترین هه‌ڵبژاردن بۆ هه‌رێمی کوردستان.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (514) - دووشەممە 2018/7/23

## 23 ملیۆن دۆلاری دەستبەرداگیراو بۆ عێراق دەگەڕێندرێتەوە



**ڕووداو- بەغدا**

وەزارەتی دادی عێراق ڕایگەیاند، توانراوە 23 ملیۆن دۆلار کە لە فەرەنسا دەستی بەسەردا گیرابوو، بگەڕێنرێتەوە بانکی ناوەندی. بەپێی ڕاگەیێندراوێکی وەزارەتی دادی عێراقی، بڕی 23 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کە لەلایەن فەرەنساوە دەستیبەسەردا گیرابوو، دوای گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و بەدواداچوونی بەردەوام، بەبڕیارێکی دادگای فەرەنسی، ڕەزامەندی درا بەگەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ عێراق و ڕادەستکردنی بۆ بانکی ناوەندیی عێراق. وەزارەتی دادی عێراقی ڕوونیکردووەتەوە، ژمارەیەک کۆمپانیای فەرەنسی داوای یاساییان لە دژی بانکی ناوەندی عێراقی تۆمارکردبوو، بەوەی کە لە ساڵی 2000 بەهۆی ڕێکارەکانی ئەو بانکە، زیانیان بەرکەوتووە و دادگای فەرەنساش بڕیاریدا دەست بەسەر ئەو پارەیەدا بگرێت.

ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک لە ڕاپۆرتێکدا

# لە ساڵانی داهاتوودا قەیرانی بێکاری لە عێراق سەختتر دەبێت



بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی 2016ی بانکی جیهانی، 22.5%ی خەڵکی عێراق لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین (فۆتۆ: AFP)

**ڕووداو – هەولێر**

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، فۆکەسی سەرەکی حکومەتی بەغدا و هاوپەیمانان لەسەر مەسەلە ئەمنی و سەربازییەکان بووە، پێشبینی دەکرا شکستی داعش لە عێراق کاریگەریی ئەرێنی لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ حکومەت و هەڵبژاردنەکانی مانگی ئایاری ئەمساڵ دابنێ، بەڵام ڕێژەی کەمی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردن و کێشەکانی دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکان، ئەو ڕاستییەیان دەرخست کە کێشە بنەڕەتییەکانی عێراق لە کێشەی ئەمنی زیاترن و دیموکراسی عێراقیش لەوە لەرزۆکترە بەرگەی هەڵبژاردن بگرێ. ئەنجوومەنی (ئەتڵانتیک)ی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا پەنجە لەسەر ئەو کێشانانە دادەنێ کە لەسایەی زەقکردنەوەی کێشە ئەمنییەکانەوە، پەردەپۆش کراون.

لە ماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا، نوخبەی دەسەڵاتداری عێراق تادێ زیاتر لە داواکارییەکانی خەڵک دووردەکەونەوە، ئەمەش لەلایەکەوە نارەزایییەکانی سەر شەقامی عێراقی توندتر کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە ڕەوایەتی سیستەمی حوکمڕانی لەرزۆکی عێراق لاوازتر دەکات، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە عێراق لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی دۆخێکی هاوشێوە بووەتەوە، کە دواجار "ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی لێکەوتەوە و هەر ئەمەش لەوپەڕی دەرکەوتنی خۆیدا هاتنە سەر دەسەڵاتی سەدام حوسێنی بەدوای خۆیدا هێنا".

### شکانی نرخەکانی نەوت و قەیرانی دارایی

90%ی داهاتی عێراق لەسەر نەوتە و لە ساڵی 2013 (واتە پێش شکانی نرخی نەوت) داهاتی ساڵانەی حکومەتی عێراق لە هەناردەکردنی 2.4 ملیۆن بەرمیل نەوتی ڕۆژانە، نزیکەی 102 ملیار دۆلار بوو. لە ساڵی 2017، داهاتی هەناردەکردنی 3.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا تەنیا 48 ملیار دۆلار بوو. حکومەتی عێراق لە ئاداری 2018دا بودجەی ئەمساڵی پەسەند کرد، کە نزیکەی 88 ملیار دۆلارە و چاوەڕێ دەکرێ حکومەت تووشی 10 ملیار دۆلار کورتهێنانی بودجە ببێ.

ئەنجوومەنی (ئەتڵانتیک) پێیوایە بەرزبوونەوەی بودجە ئاماژەیە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق سەرکەوتوو بووە لە "کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کەرتی گشتی و بەرزکردنەوەی داهاتی غەیرە نەوتی"، بەڵام هۆشداریش دەدا کە ئەم سەرکەوتنە دەکرێ ببێتە هۆی شکستهێنان یان پشتگوێخستنی سیاسەتە درێژخایەنەکانی چاکسازیی ئابووری.

لە ساڵی 2016ەوە حکومەتی عێراق و سندوقی نێودەوڵەتی دراو (IMF) و بانکی جیهانی ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی ئەو دوو ناوەندە جیهانییە 5.34 ملیار دۆلار قەرز بە حکومەتی عێراق بدەن، لەبەرامبەریشدا بەغدا بەپێی ڕێوشوێن و ستانداردە نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێک چاکسازیی ڕیشەیی لە کەرتی ئابووریی وڵاتەکەیدا بکات. سندوقی نێودەوڵەتیی دراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەغدا تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە دەستکاریی مووچە و پشتیوانییە داراییەکان بکات، یان قەبارەی کەرتی گشتی کەم بکاتەوە و پەرە بە کەرتی تایبەت بدات.

ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات فەرمانبەرانی حکومی، پەرلەمان و پارتە سیاسییەکان ڕێگرن لەوەی بەشێک لەو چاکسازییانە جێبەجێ بکرێن و بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی کارەبا دەهێنێتەوە کە 90%ی خەرجییەکانی لەسەر حکومەتە. پارساڵ کاتێک حکومەت ویستی ئەرکی کۆکردنەوەی پارەی کارەبا بخاتە ئەستۆی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، خەڵکی شارەکانی باشوور ڕژانە سەر شەقام و حکومەتیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی دەیەوێ خەرجییەکان بخاتە سەر شانی هاووڵاتیان.

کەرتی گشتیی عێراق کەرتێکی هەڵئاوساوە، ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک)یش ئەمە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی "ئیدارەی خراپی داهات"، "نایەکسانیی داهات" و "ڕاوەستانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی چاکسازی" دەزانێ. عەلی میرزا، ئابووریناسی عێراقی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 62%ی ئەوانەی لە نێوان ساڵانی 2007 بۆ 2014 دامەزراون، لە کەرتی گشتی وەرگیراون. 47.5%ی بودجەی 2016ی عێراق بۆ مووچەی پێنج ملیۆن فەرمانبەری ئێستا و پێشووی عێراق چووە.

**هەرێمی کوردستان بەنیازە 200 هەزار فەرمانبەری حکومی ڕەوانەی کەرتی تایبەت بکات**

لە سەرەتای ئەمساڵیش وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئاشکرای کرد کە 40% ی هێزی کاری عێراق لە کەرتی گشتیدا کاردەکەن.

مووچەی زۆری کەرتی گشتی و نەبوونی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی یەکسان لە کەرتی تایبەتدا وای کردووە، خەڵک بە لێشاو چاویان لە دەستی حکومەت بێ. ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک) پێشبینی دەکات لە ساڵانی داهاتوودا بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمبوونەوەی داهات، هەروەها بێتوانایی حکومەت لە دروستکردنی هەلی کار و زۆربوونی ژمارەی دەرچووانی زانکۆ، قەیرانی بێکاری لە عێراق سەختتر ببێت.

چوار ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەدەست کێشەی دابینکردنی مووچەوە دەناڵێنێ. بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی جیهانی 12%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان مووچەخۆری کەرتی گشتین، ئەمەش دوو هێندەی ئەو ژمارەیەیە کە دەبووایە فەرمانبەری حکومەت بن". وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان بەپێی پلانێک بەنیازە 200 هەزار فەرمانبەری کەرتی گشتی ڕەوانەی کەرتی تایبەت بکات. نزیکەی چارەکێکی مووچەی کەرتی گشتی بۆ هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق دەچێ. ئەنجوومەنی (ئەتڵانتیک) دەڵێت کە ئەو ژمارە زۆرەی هێزی ئەمنی و سەربازی تەنیا پەیوەندی بە هێرشەکانی داعش و هەڕەشە ئەمنییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە "وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناشارەزا و تێکەڵکردنی میلیشیاکان" لەناو هێزە ئەمنییەکاندا هەیە کە ئەگەر دانەمەزرێنرێن دەبنە مەترسی بۆ سەر دەوڵەت.

### کەرتی تایبەت و ئابووریی نافەرمی

بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان، کەرتی تایبەت 37%ی بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆیی عێراق پێکدەهێنێ و بەغدا بەنیازە ئەو ڕێژەیە بۆ 54% بەرز بکاتەوە. یەکێک لە تەحەداکان کە لەبەردەم حکومەتی عێراقدایە دروستکردنی باڵانسێکە لە نێوان ژمارەی هێزی کاری کەرتێک لەگەڵ بەشداری کەرتەکە لە بەرهەمهێنانی نێوخۆییدا. کەرتی نەوت بەشی زۆری بەرهەمە نێوخۆییەکانی عێراق پێکدەهێنێ، لەکاتێکدا تەنیا 4%ی هێزی کاری عێراق لەو کەرتەدا کار دەکەن، بەڵام کەرتی پیشەسازی کە 16%ی هێزی کاری عێراقی لەخۆی کۆکردووەتەوە، تەنیا 1%ی بەرهەمی ناپوختەی نێوخۆی عێراق دابین دەکات.

**عێراق بەرەوڕووی دۆخێکی هاوشێوەی کۆتایی ساڵانی پەنجا بووەتەوە کە دواجار ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی لێکەوتەوە**

ڕاپۆرتەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کارگێڕی ئابووریی نادەوڵەتی یەکێک لە تەحەدا گەورەکانی بەردەم بەغدایە، لە کاتێکدا بەپێی هەندێک ڕاپۆرت 75%ی چالاکییە ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت دەکەونە ناو "بازاڕی خۆڵەمێشی" (کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر چالاکی و کاری ئابووریی نافەرمی بەبێ ئاگاداری لایەنە فەرمییەکان دەکرێن)، جیا لەمە 62%ی ناوەندە بازرگانی و ئابوورییەکانیش ناویان لای حکومەت تۆمار نەکراوە، چونکە خاوەنەکانیان نایانەوێ ناوی کۆمپانیاکانیان بچێتە ناو سیستەمی باجەوە. بەو پێیەش بەشێکی زۆری ئابووریی عێراق باج نایگرێتەوە و کەمترین گەرەنتی کرێکار و فەرمانبەرانی تێدا بەدی ناکرێ.

### دیموگرافیای کۆمەڵایەتی

یەکێک لە گەورەترین کێشە دوورمەوداکانی عێراق جیاوازیی نێوان گەشەی ژمارەی دانیشتووان و سەرچاوەکانی دابینکردنی پێداویستی ئەو دانیشتووانەیە. عێراق 37 ملیۆن دانیشتووی هەیە و ئەو ژمارەیە لە 2030دا دەبێتە 53 ملیۆن کەس.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (ئەتڵانتیک) 40%ی دانیشتووانی عێراق لەژێر تەمەنی 14 ساڵن، 20%ی لەنێوان تەمەنی 14 بۆ 24 ساڵن و 33.7% یشی لە نێوان 24 بۆ 54 ساڵانن. ئێستا ڕێژەی بێکاری گەنجانی عێراق 30%یە و چاوەڕێ دەکرێ لە ساڵانی داهاتوودا بەرزتر ببێتەوە. عەدنان یاسین، ئەکادیمسیەنی عێراقی، پێیوایە لەکاتێکدا ڕێژەی دانیشتووانی نێوان 15 بۆ 64 ساڵ 60%ی دانیشتووانی عێراق پێکدەهێنێ، بەو پێیە ژمارەی خەڵکانی خاوەن توانای کارکردن دەگاتە لوتکەی خۆی. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی 2016ی بانکی جیهانی، 22.5%ی خەڵکی عێراق لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، 2.1%یش ناتوانن خۆراک گەرەنتی بکەن، ڕێژەی هەژاری لە شارەکانی باشوور 31.15% یە. (ئەنجوومەنی ئەتڵانتیک) هۆشداری دەدا کە مەترسییەکە تەنیا لە بەرزبوونی ژمارەکاندا نییە، بەڵکو لە جیاوازیی ژمارەکانیشدایە لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە، چونکە جیاوازیی نێوان ستانداردی ژیان لە ناوچە جیاوازەکان دەبێتە هۆی کۆچی خەڵک، وەکو چۆن هەر ئێستا خەڵکانێکی زۆر بۆ بەسرە و بەغدا کۆچیان کردووە، ئەم کۆچە بە لێشاوە لە درێژخایەندا شارەکان بەشێوەیەکی ڕێکنەخراو گەورە دەکاتەوە و ناوچەکانی دەرەوەی حوکمڕانی و پلانی حکومەت، لە دەوروبەری شارەکان گەورەتر دەکات.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

# 20 هەزار بۆمبی چێنراوی داعشمان پووچەڵ کردوونەتەوە

**ژیلوان وەلی و کریس جۆهانس**
**ڕووداو- هەولێر**

بۆمب و مینە چێنراوەکان یەکێک لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم گەڕانەوەی دەیان هەزار ئاوارەی عێراقە بۆ ناوچەکانی خۆیان و ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە. فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە زۆر ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی عێراق پشتگوێ خراون و پاک ناکرێنەوە.

لیوا مەحموود حوسێن کاکەیی، فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانیی یەک لە یەکەی 80ی وەزارەتی پێشمەرگە، بە بەشی ئینگلیزی پۆرتاڵی (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژمارەیەکی زۆر بۆمبی داعش ماون و هێشتا پاک نەکراونەتەوە". هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە فۆکەسی هێزە عێراقییەکان زیاتر لەسەر "شارەکان و ناوچە قەرەباڵخەکان و هەندێک لە ڕێگا سەرەکییەکانە". لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر گوند و ناوچەی کشتوکاڵی کە پڕن لە بۆمبی چێنراو "پشتگوێ خراون". بەگوتەی فەرماندە کوردەکە، ئەم کارە پێویستی بە "کەرەستە و هەوڵی زۆرە. سوپای عێراق ناتوانێ بەئاسانی ئەو ناوچانە لە بۆمب پاک بکاتەوە".

پاککردنەوەی ناوچە بۆمبڕێژکراوەکان تەنیا قۆناغی دوای ڕزگارکردنی ناوچەکان ناگرێتەوە، بەڵکو بەشێکی سەرەکیی ئەم کارە لەکاتی شەڕی دژی داعشدا کراوە، لەو کاتەشدا ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا. لیوا مەحموود لەوبارەیەوە گوتی: "بۆمبە چێنراوەکان لای ئێمە نامۆ بوون، پێشمەرگەکانی ئێمە زانیارییەکی ئەوتۆیان لەبارەیانەوە نەبوو، چونکە لە 2005 ئەلقاعیدە دەستی بە بەکارهێنانی ئەوجۆرە چەکانە کرد و هەتا 2014ش لە کوردستان نزیک نەکەوتنەوە". بە گوتەی لیوا مەحموود، سەرەتا هەم کەرەستە و هەم زانیاری هێزەکانی پێشمەرگە لەو بوارەدا زۆر کەم بوون و "ئەم جۆرە کارە بە کەرەستەی سادە ناکرێ".



هاوپەیمانان نەیانتوانیوە بۆمبدۆزێک بۆ دۆزینەوەی بۆمبەکانی داعش دروست بکەن

لە ماوەی چوار ساڵ شەڕی داعشدا دەیان تیمی هاوپەیمانان مەشق و ڕاهێنانیان بە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق کرد، بە جۆرێک 95%ی هێزەکەی لیوا مەحموود ڕاهێنانیان وەرگرتووە. لیوا کوردەکە بە (ڕووداو)ی گوت، تیمی ئەندازیاری ئاشکراکردنی بۆمبەکان یارمەتییەکی زۆری هێزەکانی پێشمەرگەیان دا "بەریتانیا هاوکاریی زۆری کردین، دوای ئەوان کەنەدییەکان دێن، فەرەنسییەکان لە پلەی سێیەمن و بەمدواییەش ئیتاڵی و ئەڵمانییەکان هاویکاریمان دەکەن".

هەرچەندە لە سێ ساڵی شەڕی داعشدا هێزەکانی پێشمەرگە ئامێری پێشکەوتوویان وەرگرتووە، لەوانەش ئوتۆمبێلی دژی مین و میندۆزی دەستی، فەرماندە کوردەکە دەڵێت: بەو شارەزاییەش کە ئێستا هەمانە ناتوانین بڵێین دەتوانین بۆمبە چێنراوەکانی دیکە لابدەین، چونکە پێویستمان بە ئامرازی پێشکەوتووترە"، بەو حاڵەشەوە 80%ی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە لە بۆمبی چێنراو پاککراونەتەوە.

لێکۆڵینەوەی زۆر لەسەر بۆمبە چێنراوەکانی داعش کراوە، یەکێک لەو پرسیارانەش کە بەردەوام هەوڵی ڕوونکردنەوەی دراوە ئەوە بووە داعش ئەو زانیاری و شارەزاییە وردەی لە بواری دروستکردنی بۆمبی چێنراو لە کوێ دەستکەوتووە. لیوا مەحموود کاکەیی کە کتێبێکی لەبارەی 80 جۆر بۆمبی چێنراوی داعش نووسیوە و پێشکەشی بە هاوپەیمانانی کردووە، دەڵێت "بە بڕوای ئێمە ئەوان سوودیان لە ئەندازیارانی سوپای پێشووی عێراق وەردەگرت، پاشان سوودیان لە ئەندازیارە کیمیاییەکان وەردەگرت بۆ ئەوەی بزانن چ مادەیەکی کیمیایی بەکاربهێنن، هەروەها کەڵکیان لە ئەزموونی ئەندازیارانی میکانیکیش وەرگرتووە".

بە گوتەی فەرماندە کوردەکە، لە سەرەتای شەڕی داعشەوە 20 هەزار بۆمبی چێنراو لەلایەن تیمەکانی پێشمەرگەوە پووچەڵ کراونەتەوە، هەرکام لە بۆمبەکانیش چەند کیلۆگرام مادەی ئامۆنیۆم نیترات و میتۆدی جیاوازی تەقاندنەوەی تێدا بەکارهاتووە. سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی پێشمەرگەش بەهۆی پووچەڵکردنەوەی بۆمبەکانەوە، گوتی: "بەگوێرەی ئەو هەڕەشە و تەحەدا گەورەیەی لەبەردەممان بوو، بەگوێرەی ئەو ئامرازە کەمەشی لەبەردەستمان بوو، ژمارەی قوربانیانمان زۆر نەبووە".

**80%ی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە بۆمبی داعش پاککراونەتەوە**

ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پیشەسازیی دروستکردنی بۆمبی چێنراوی داعش تەنیا لەسەر ئاستی میتۆدەکانی دروستکردن و تەقاندنەوە گەشەی نەکردووە، بەڵکو لەسەر ئاستی میتۆدەکانی دانانەوەی بۆمبیش پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە، گوتی: "ئێمە تیمی بەریتانی و ئەڵمانی و تیمەکانی دیکەی هاوپەیمانانمان هێنا، بەڵام هیچکامیان نەیانتوانی بۆمبدۆزێکمان بۆ دروست بکەن کە ئەو جۆرە بۆمبە بدۆزێتەوە"، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی "داعش شارەزای دروستکردنی بۆمبی وەهای لەگەڵە کە ئەزموونیان لە ئەفغانستان، لوبنان، سووریا و عێراقەوە بەدەستهێناوە. ئەوان تیمیان لەگەڵە کە تاکە کاری ئەوەیە بۆمب بچێنێ".

سەبارەت بەشێوازی شاردنەوەی بۆمبەکان لەلایەن داعشەوە، لیوا مەحموود حوسێن کاکەیی گوتی: "ئەوان هەموو میتۆدێکیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە لەسەرەتادا بۆمبەکان لەسەر زەوی بوون و بەئاسانی دەبینران. دواتر بۆمبەکانیان دەشاردەوە بۆ ئەوەی نەزانی ئەو شوێنە بۆمبی تێدا چێنراوە، مەگەر ئەوەی گۆڕانێکت لە شێوەی زەوییەکەدا بەدی کردبا، دواجاریش داعش ڕووی لە بەکارهێنانی وایەر کرد، کە ئەمەیان ئیدی بە بۆمبدۆزیش نەدەدۆزرایەوە".

بەهۆی هێرشی داعش و دواتریش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر، خەڵکانێکی زۆر لە هەردوو پارێزگای کەرکووک و نەینەوا ئاوارە بوون. لیوا مەحموود کاکەیی لەبارەی دۆخی ئەو ناوچانەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "90%ی ئاوارەکانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئێمە گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. گوندە کاکەییەکان لەسەر لێواری ناوچەکانی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراقدان. هێشتاش مەترسی بۆمبی چێنراو لەو ناوچانە هەیە، بەڵام ئێستا لەگەڵ ڕێکخراوێکی بەریتانی هاوئاهەنگی دەکەین کە کاری زۆر باشیان کردووە و تیمێکی تایبەتیان بۆ گوندە کاکەییەکان پێکهێناوە، بە گوێرەی مەزندەکانیش 4000 بۆمبی چێنراویان پووچەڵ کردووەتەوە".

## ئیبراهیم گاباری، بیرەوەریی 24 ساڵ زیندانی بەعسی سووری دەگێڕێتەوە:

# هەتا ئازاد نەکرام نەمدەزانی حافز ئەسەد مردووە

سـاڵی 1977 کەوتە دەسـتی بەعسـییەکانی سـووریا و 24 ساڵی لە زینداندا بەسـەر برد، 22 سـاڵی لە ناخۆشـترین بەندیخانـەی ئەو وڵاتەدا بەسەر برد، ئەویش گرتووخانەی بەناوبانگی تەدمور بوو.
ئیبراهیم گاباری کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بـووە، لە دوایین بەشـی ئـەم هەڤپەیڤینـەدا لەگـەڵ بەرنامەی پەنجەمـۆری کەناڵی (ڕووداو)، باسـی ژیانی خۆی لـە زیندانەکانی حیزبی بەعسـی سـووریدا دەکات و دەڵێت 22 سـاڵ لە جیهانی دەرەوە دابڕابوو، بە جۆرێک هەتا ئازاد نەکرا، نەیزانی حافز ئەسـەد مردووە و بەشار ئەسەدی کوڕی بووەتە سەرۆکی وڵات.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو – هەولێر**

### بەشی سێیەم و کۆتایی

**ڕووداو: لە حەفتاکاندا پارتەکانی ڕۆژئاوا کێ بوون، پەیوەندیان لەگەڵ حیزبەکانی باشـووری کوردستان چۆن بوو؟**
**ئیبراهیـم گاباری:** لێـرە دوو پارتـی هەبوون کە مونافسـی یەکدی بوون، ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردسـتان و پارتـی پێشـڤەڕۆ بـوون. ئەوانیـش

**وەزیرێکی سووری لە زیندان لە برسان مرد**

پاشـکۆی حیزبەکانی باشووری کوردستان بوون، کە پارتی و یەکێتی تەبابوونایە، ئەوانیش تەبابوون، کە نێوانیان ناخـۆش بووایە، ئەوانیش نێوانیان ناخۆش دەبوو. پارتی پێشکەوتن پارتەکەی حەمید دەروێش ڕێکلامی بۆ یەکێتی دەکرد، پارتی سووریاش ڕێکلامی بۆ پارتی دەکرد. بەڵام مەلا مسـتەفا و شۆڕشەکەی کاریگەری زۆریان لەسەر خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان هەبوو، ئیمانیان بە مەلا مسـتەفا بەهێز بوو. جەلال تاڵەبانی لەگەڵ حکومەتی سووری و حەمید دەروێش کاریـان دەکـرد، بـەڵام کاریگەریان لەسـەر کوردی سـووریا نەبوو. مەلا مسـتەفا بەلای ئەوانەوە هێڵی سوور بوو، قبوڵیان نەدەکرد کەس باسی مەلا مستەفا بـکات. تەنانەت جەماعەتی حەمید دەروێش جاروبار لـە کۆبوونەوەکانیـان بەدڵیـان نەبوو، بـەڵام ناچار دەبوون بە باشە باسی مەلا مستەفا بکەن، بۆ ئەوەی جەماوەرەکەیان لێیان تووڕە نەبن.
**ڕووداو: پەیوەنـدی حیزبەکەی حەمید دەروێش و پارتی لەگەڵ حیزبی بەعسی سووری چۆن بوو؟**
**ئیبراهیـم گابـاری:** جەماعەتـی کاک حەمیـد لە ساڵی 1968 بە ئاشکرا پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت و لەگـەڵ بەعـس و موخابەراتـی سـووریا هەبـوو. یـەک بەیاننامەیان بەبێ ڕەزامەندی ئەمنی سـووری دەرنەدەکرد.

**1400 ئەندامی ئیخوان موسلیمین لە زیندانی تەدمور کۆمەڵکوژکران**

**ڕووداو: ئەی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا پەیوەندی لەگەڵ بەعس نەبوو؟**
**ئیبراهیـم گابـاری:** وەکو حیزب پەیوەندی نەبوو، بەڵام وەکو تاک بەدڵنیاییەوە هەبووە.
**ڕووداو: ساڵی 1977 کاک مەسعود و مام جەلال لە سووریا یەکدی دەبینن، تۆ ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە بوویت؟**
**ئیبراهیم گابـاری:** بەڵـێ ئەو کۆبوونەوەیە هەبوو، بـەڵام مام جـەلال هـەر ڕۆژێک بە شـێوەیەک بوو. کاک مەسـعود تەنیا سـەری بادابا و گوتبای ئەرێ، ئـەوە دەبـووە بەڵگەنامە، بـەڵام مام جـەلال 100 بەڵگەنامەشی واژۆکردبا سوودی نەبوو. مام جەلال لە سووریا وا ناوی دەرکردبوو "رجل السیاسە، ولکن بدون مبدا". حکومەتی سووریاش سەرەتا زۆر متمانەیان بە مام جەلال هەبوو، بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت ئەوەی لە کوردستان کاریگەری هەبێ، جەماعەتی بارزانین. بۆیە هێواش هێواش ئیلتیزامیان بە کاک مەسعودەوە کرد، بـەڵام مەبدەئی نەبوون، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوو.
**ڕووداو: با بێینە سەر زیندانیکردنی تۆ لە سووریا، تۆ بە چ تۆمەتێک گیرای؟**
**ئیبراهیم گاباری:** من لە قامیشلۆ گیرام، ژوورەکەم لـە زیندان مەترێـک بە دوو مەتر بـوو. ڕۆژانە تەنیا ساندویچێک یان دوو سـاندویچیان دەدامێ. نزیکەی 40 ڕۆژ لە زیندانی قامشلۆ مامەوە، پاشان بردیانم بۆ شـام. لەوێش سێ مانگ لە زیندانی تاکەسیدا بووم. لەوێ تەحقیقیان لەگەڵ دەکردم، لێیان دەپرسیم تۆ بۆچـی دژایەتیی مام جـەلال دەکەی؟. پێمگوتن من دژایەتی تاڵەبانی ناکەم، من کوردم و سەر بە خەتی بارزانیم. ئەوانیش دژی ئەو خەتەن. گوتیان نەخێر تۆ بە کوردی سووریا دەڵێی مام جەلال خائینە.
**ڕووداو: بەڵام تۆ گوتبووت مام جەلال خائینە؟**
**ئیبراهیم گاباری:** لەوانەیە.
**ڕووداو: دواتر بردیانی بۆ کوێ؟**
**ئیبراهیـم گاباری:** بردیانم بـۆ زیندانی حەلبوونێ (شـارۆچکەیەکی دەوروبـەری دیمەشـقە) نزیکـەی ساڵێک لەوێ بووم.
**ڕووداو: زیندانەکە کێی تێدابوو؟**
**ئیبراهیم گاباری:** ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی زۆر تێدابوون. ئۆپۆزیسـیۆنی تێدابوون، ڕیاز تورک، سـکرتێری حیزبی شیوعی و جەمیل سابت، وەزیری کاری سووریا لەوێ بەندکرابوون.
**ڕووداو: زیندانەکە کوردی تێدابوو؟**
**ئیبراهیم گاباری:** حەمید سینۆ، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لەوێ بوو. ئەو پێشتر لەگەڵ دەهام میرۆ و چەند بەرپرسێکی دیکەی پارتی دەستگیرکرابوون، ئەوان ئازاد کران، بەڵام ئەویان هێشتبووەوە. ماوەیەک پێکـەوە بوویـن، دواتر ئەویان لـەو زیندانە دەرهێنا. منیشیان برد بۆ زیندانی کفرسوسە کە سەر بە ئەمن بوو. پاشـان لـە مانگی پێنجـی 1980 ئۆتۆمبێلیان هێنـا، ئێمە 32 کـەس بووین بردیانین بـۆ تەدمور. لە زیندانەکانی دیکە ئەشـکەنجە نەبوو، بەڵام لەوەی تەدمور ڕۆژانە ئەشکەنجەیان دەداین.
**ڕووداو: بۆچی ئەشکەنجەیان دەدان؟**
**ئیبراهیم گاباری:** بەبێ هۆ، کردبوویان بە بەرنامە، بەیانیان لە ژوورەکان دەریاندەهێناین، 10-15 سەرباز بە قایشـی دەبابە نزیکەی سـەعاتێک تا سـەعات و نیوێک لێیاندەداین، پاشان دەیانگوت فەرموون بڕۆنەوە ژوورەکانتان. ئاوی سوێریان دەداینێ، من 22 ساڵ لە زیندانی تەدمور مامەوە، دوو سـاڵیش لە زیندانەکانی شـام بـووم. کە ئێمە لە تەدمـور بووین، جەماعەتی ئیخوان موسلیمینیان هێنان کە نزیکەی 1400 کەس دەبـوون، ڕۆژێکیان هـەر هەموویان لـە گۆڕەپانەکە ڕاگرتن، بەیانییەکی زوو هەشـت فڕۆکەی سپی هاتن. ئێمە لە پەنجەرەی زیندانەوە سەیرمان دەکرد، پێمان سەیر بوو فڕۆکەکان بەسەر گۆڕەپانەکەدا سووڕانەوە. پاشان نیشتنەوە و چەند سەربازێک دابەزین. گوێمان لـە دەنگی گوللەی دەمانچەیەک بـوو، دواتر نزیکەی سـەعاتێک و 20 خولەک سـەربازەکان تەقەیان کرد، هەر هەموو ئیخوانەکانیان کوشـت، خوێن جۆگەلەی بەستبوو. ئێمە ئەو ڕۆژە زۆر ترساین، تەنانەت حەزمان نەدەکـرد بۆ هێنانـی خواردنیش دەنگـی کردنەوەی دەرگای زیندان بێ. شـەو چەند ئۆتۆمبێلێکیان هێنا و تەرمەکانیـان بـردن، دیمەنێکـی زۆر ناخۆش بوو، یـەک دوو پۆلیـس کـە تەرمەکانیان دەخسـتنە نێو ئۆتۆمبێلەکان، شـێت بـوون و هاواریان دەکرد. دوای دوو ڕۆژ هاتنەوە، ئێمە وا تێگەیشتین ئەمجارە نۆرەی ئێمەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە گوتیان مەترسـن، هیچ لە ئێوە ناکەین، خواردنێکی زۆریان بۆ هێنانین، بەڵام ئێمە نانمان بۆ نەخورا.
**ڕووداو: هیـچ پەیوەندیتـان بـە دەرەوەی زیندان هەبوو؟**
**ئیبراهیـم گابـاری:** نەخێـر. نـە ڕۆژنامـە، نـە تەلەفزیـۆن، هیچ نەبـوو. وەکو "یارانی ئەشـکەوت" وابووین. کەسـمان نەدەدیت، تەنانەت ئەو پۆلیسەی ئەشکەنجەی دەداین بۆمان نەبوو تەماشای دەموچاوی بکەین، دەیانکوشـتین. دوو ساڵ و نیو لە ماوەی 24 سەعاتدا یەک نانیان دەداینێ، ئەویش بۆ چوار کەس بوو. دەتوانم بڵێم 1500 کەس هەر لە برسان مردن. وەزیری کاری سـووریا کە لەگەڵ ئێمە بوو، تووشـی نەخۆشیی شەکرە بوو، لە زیندان لە برسان مرد.
**ڕووداو: وەزیر بە چ تۆمەتێک گیرابوو؟**
**ئیبراهیم گاباری:** سـاڵی 1971 پیاوێک لە عێراق نامەیەکـی بۆ ناردبوو، گوتبووی ئینشـائەڵڵا ئێمەی بەعسی سووری و عێراق دەبین بە یەک.
**ڕووداو: لـە زیندانی تەدمور، بێجگە لە تۆ کوردی دیکەی لێبوو؟**
**ئیبراهیـم گاباری:** نەخێر بە تەنیا بووم. پاشـان پێنج شـەش کوردیان هێنـان کە بە تۆمەتی ئیخوان موسلمین گیرابوون.
**ڕووداو: ئەوان بەر کۆمەڵکوژییەکە کەوتن؟**
**ئیبراهیم گاباری:** نەخێر ئەوان دوای کۆمەڵکوژییەکە گیرابوون. دوای مردنی حافز ئەسەد ئازادکران.
**ڕووداو: ئەی قەڵەم و کاغە و جگەرەتان نەبوو؟**
**ئیبراهیم گاباری:** ژوورەکەی من 24 کەسی تێدابوو کـە هەر هەموویان دکتۆر بـوون و بۆڕدی ئەمریکیان هەبـوو. من لەوێ 18 سـاڵ وانەی پزیشـکیم لەلای ئـەوان خوێند و بووم بە دکتۆر. هەروەها فەلسـەفە و ئەندازیاری فڕۆکەوانیش لە زیندانییەکانی دیکە فێر بووم. نزیکـەی 90%ی زیندانیان بەهۆی گیراوەکانی ئیخوان موسلمین فێری قورئان خوێندن بوون، نەحو و سەرفیشمان دەخوێند.
**ڕووداو: تۆ لە ماوەی ئەو 24 ساڵە هیچ بە کوردی قسەت نەدەکرد؟**
**ئیبراهیم گاباری:** با. زۆر کەس هەبوون لە زیندان داوایـان دەکرد فێری کوردی ببن، زۆر کەسـم فێری زمانی کوردی کرد. باسی شۆڕشم بۆ دەکردن، باسی مەلا مستەفا و قازی محەممەد و شێخ سەعید و شێخ مەحموودم بۆ کردن. بیرۆکەیەکی باشـم دانێ لەسەر دۆزی کـورد. تەنانەت هەندێک لەوان دەیانگوت ئێمە بووین بە پارتی (بەپێکەنینەوە).
**ڕووداو: ئـەو ماوەیـەی تۆ لە زیندان بـووی، زۆر شت ڕوویدا، شای ئێران ڕووخا، شەڕی ئێران و عێراق ڕوویـدا، لە سـووریا چەند شـەڕێک ڕوویانـدا، ئێوە ئاگاداری هیچ لەمانە نەبوون؟**
**ئیبراهیم گاباری:** وەکو پێشتریش باسم کرد، ئێمە وەکـو یارانی ئەشـکەوت وابووین، ئاگامـان لە دونیا نەبوو. تەنانەت ڕۆژنامەکانی حیزبی بەعسیش قەدەغە بوون.
**ڕووداو: ئێـوە ئـاگاداری مردنی حافز ئەسـەدیش نەبوون؟**
**ئیبراهیم گاباری:** زیندانەکەی ئێمە لە نێو شـاری تەدمـور بوو. حـەوت ڕۆژ بوو لە مزگەوتەکان دەنگی قورئـان دەهـات. ئێمە دەمانگوت ئینشـائەڵڵا حافز ئەسەد مردووە. یەکێک لە گیراوەکان لە پاسەوانێکی پرسـی ئەوە چەنـد ڕۆژە گوێمان لـە دەنگی قورئان دەبـێ، پێدەچـێ کەسـێکی گـەورە مردبـێ. گوتی تەسـەور دەکـەی کێ مردووە؟ ئەگـەر نەزانی چاوت دەردێنم. ئەویش گوتی: "ڕەنگە وەزیری ئەوقاف بێ". پاسـەوانەکە گوتی: "نەخێر گەورەترە". زیندانییەکە گوتی: "مانای وایە سەرۆکوەزیرانە". پاسەوانەکە گوتی "نەخێر لەویش گەورەتـرە". زیندانییەکە گوتی: "ئێ مادام وایە جێگری سەرۆک کۆمار مردووە" پاسەوانەکە گوتـی: "نەخێـر لەویـش گەورەتـرە". زیندانییەکە گوتی: "خـوا نەکات خوا نەکات، سـەرۆک کۆمار مردووە؟". پاسەوانەکە گوتی: "نەخێر خوارتر". زیندانییەکە گوتی: "ئێ قوربان بچووکتر لە سـەرۆک کۆمار، جێگرەکەیەتی". ئێمە شرۆڤەمان دەکرد باشە کێیـە مردووە. ئێمە کە لە زینـدان ئازادکراین، چەند ئەفسـەرێک پێیانگوتیـن دەبێ سوپاسـی سـەرۆک بەشـار ئەسەد بکەن کە لێبوردنی بۆ دەرکردن. ئێمە تەماشـای یەکدیمان کرد، نەمانزانی بەشـار ئەسـەد کێیە، نەماندەزانی حافز ئەسـەد کوڕێکی هەیە ناوی بەشار ئەسەدە. دەمانزانی کوڕێکی هەیە ناوی باسلە. پاشان زانیمان حافز ئەسەد مردووە، باسل مردووە و بەشار ئەسەد بووەتە سەرۆک کۆمار.

**حەمید دەروێش بە ئاشکرا پەیوەندی لەگەڵ بەعسی سووری هەبوو**

**ڕووداو: دەگوترێ زۆربەی ئەوانەی لە زیندان بوون خوێندەوار بوون؟**
**ئیبراهیم گاباری:** قاوشـەکەی ئێمە 200 کەسـی تێدابوو، 95%یان دەرچووی زانکۆ بوون یان ماسـتەر و دکتۆرایـان هەبوو. زۆربەیان ئیخـوان بوون، تەنیا 34 کەسـیان ئیخـوان نەبوون. خەڵـک هەبوو تەنیا لەسـەر خەون گیرابوو، لە خەونەکە گوتبووی خەڵک خۆپیشـاندانی کـردووە، لەژێـر ئەشـکەنجەدا ناوی ئـەو کەسـانەیان پێ ئاشـکرا کردبوو کە بەشـداری خۆپیشـاندانەکەیان کردبوو، چووبوون ئەوانیشـیان گرتبوو.
**ڕووداو: لە زیندانەکە کەس هەبوو لەسەر سیخوڕی بۆ ئیسرائیل گیرابێ؟**
**ئیبراهیم گابـاری:** نەخێـر نەبـوو، خۆزگـە من جاسووسـی ئیسـرائیل بوومایـە، بـە 10 ڕۆژ ئازاد دەکرام.
**ڕووداو: ئێوە چەند کەس بە یەکەوە ئازادکران؟**
**ئیبراهیـم گاباری:** ئێمـە 620 کەس بووین، پاش ئەوەی حافز ئەسـەد مرد و بەشار ئەسەد هاتە سەر حوکم، ئازادکراین.
**ڕووداو: چـۆن ئـازاد کـران، بەڵێننامەیـان پـێ پڕکردنەوە؟**
**ئیبراهیم گابـاری:** نەخێر، وتارێکیان پێشـکەش کـرد و گوتیـان ئێوە هاووڵاتی پلە یەکی سـووریان. ڕەنگـە هەندێکتان زوڵمتان لـێ کرابێ، چونکە وڵات بە باردۆخێکی نائاساییدا تێپەڕی. شتێکی دیکەش هەبوو، ئەوکاتەی کەوتمە زیندان، خەڵک لە حەسەکە دەچوونە شـام بە 15 لیرە، ئێمە کە لە ساڵی 2001 ئازادکرایـن، هـەر یەکـە 300 لیرەیـان داینـێ پێی بچینەوە ماڵی خۆمان. ئێمە پێمان زۆر بوو. پۆلیسێک بە ئەفسـەرەکەی گوت بەڕێزم 300 لیرە تەنیا کرێی پاسە. ئەی ئەوانە لە ڕێگا شتێک ناخۆن؟ ئینجا بۆیان کردین بە 500 لیرە. بەڵام ئێمە سـەرمان سوڕمابوو، وامانەزانی ئەو پارەیە زۆر زۆرە.

### لە زینداندا بووم بە دکتۆر

### نەماندەزانی بەشار ئەسەد کێیە

**ڕووداو: کـە ئازادبووی چووی بۆ حەسـەکە؟ کێ پێشوازی لێکردی؟**
**ئیبراهیـم گاباری:** ئێمە چووین بۆ گەراج، گوتیان سـواری پاس بن و بچنەوە ماڵەکانتان، گوتمان هیچ ناسـنامەیەکمان پێ نییە. گوتیان کێشە نییە کەس پەیوەندی بە ئێوەوە نییە. چوومە حەسەکە لە گەراج پیاوێک منی ناسـییەوە، گوتی: من دراوسێی ئێوەم. باوکـت کۆچی دوایی کردووە، دایک و براکانت ماون. کاک مەسـعود بۆی گێڕامەوە باوکم چووبووە لای بۆ ئەوەی سۆراغی منی بۆ بکات. ئەویش دوو جار لەگەڵ ئـازاد بـەرواری چووبوو بۆ لای حافز ئەسـەد، بەڵام ئەسـەد پێیگوتبوو ئەو کەسـەی تۆ باسـی دەکەی نەماوە.
**ڕووداو: دوای ئازادبوونـت دووبارە پەیوەندیت بە پارتییەوە کردەوە، چۆن پەیوەندیت پێوەکردنەوە؟**
**ئیبراهیـم گابـاری:** من کە ئازادبـووم، مەحموود گەرگەری نوێنەری ئێمە بوو لە قامشلۆ. پێمگوت من ئازادکراوم. ئەویش گوتی جەنابی سەرۆک ئاگادار دەکەمـەوە. من دەبووایـە 15 ڕۆژ جارێک سـەردانی ئەمنـی سیاسـی، ئەمنـی جـەوی، ئەمنی سـەربازی و ئەمنی دەوڵـەت بکەم، بۆیـان واژۆ بکەم کە من لێرەم. لە دوای پرۆسـەی ئازادی عێراق، سـنوور نەما، پۆلیـس نەما، هاتم بۆ سـەر سـنوور، چوومە لای هەندێک شێخی شەممەر کـە برادەرم بوون، لە ڕێگـەی ئەوانەوە پەڕیمەوە بۆ ئەودیو. چووم بۆ شنگال، لەوێوە چووم بۆ مووسڵ بۆ لای بەرپرسی لقی پارتی. بروسکەیەکی نارد بۆ کاک مەسعود، ئەویش گوتی یەکسەر بێتە لای من. چوومە لای جەنابی سەرۆک.

**خەڵک هەبوو تەنیا لەسەر خەوبینین گیرابوو**

**ڕووداو: دوای 25 ساڵ بارزانی چی پێگوتی؟**
**ئیبراهیم گاباری:** کاتێک منی بینی، باوەڕی نەکرد و گوتـی ئیبراهیم تۆ مردبووی، باوەڕم نەدەکرد ئەوە تـۆ بی. پرسـیاری چۆنیەتـی گرتنەکـەم و زیندانی لێکردم. پاشان گوتی: لێرە بمێنەوە. منیش پێمگوت جارێ ناتوانم لەبەر ئەوەی باردۆخەکە ئاسایی نییە. سەعاتێک لەلای سەرۆک مامەوە و ڕۆیشتم. سێ ڕۆژ لێرە مامەوە، پاشان گەڕامەوە سووریا.
**ڕووداو: کە گەڕایەوە سووریا خەریکی چی بووی؟**
**ئیبراهیـم گابـاری:** دەمەوێ بەسـەرهاتێکتان بۆ بگێڕمـەوە. خزمێکـم لـە کارگەیەکی ئالیک ئیشـی دەکرد، هاتە لام و گوتی: ئیبراهیم سـەددام حوسێن لە کارگەکـەی ئێمەیە. گوتم: چـۆن؟ گوتی: کلیلی کارگەکـە لەلای منە، خاوەنەکـەی هەموو کرێکارانی ناردەوە و گوتی ئیش ناکەین، سەددام و چەند کەسێک بـە ڕۆژ دێنە کارگەکە و لەوێ دەخەون، بەشـەویش دەردەچن. ئەگەریش باوەڕ ناکەی وەرە خۆت سەیری بکە. کارگەکە لە دەرەوەی شار بوو، چوومە کارگەکە لـە کونـی دەرگای ئـەو ژوورەی سـەددامی تێدابوو سـەیری ژوورەوەم کرد، یەکسەر سەدامم ناسییەوە، ریشـێکی درێژی هەبوو. کراسێکی سپی لەبەردابوو. عەگالێکی لەسـەر بوو. یەکسـەر بە نهێنی هاتم بۆ کوردسـتان، داوای بینینـی کاک مەسـعودم کـرد. پێمگوتن شتێکی گرنگ هەیە دەبێ بیبینم. کە چوومە لای گوتم: جەنابی سـەرۆک، سـەدام لە کارگەیەکی حەسەکەیە. ئەویش گوتی: پەیوەندی بە مەسروورەوە بکە. منیش هاتمە لای کاک مەسروور، کۆمپیوتەریان هێنـا و وێنەی حەسـەکەیان نیشـاندام. گوتیان لە کوێیە؟ منیش شـوێنەکەم نیشاندان. ئەویش گوتی: زۆر باشـە ئیبراهیم، تەلەفۆنێکی سـورەیای دامێ و گوتـی چاودێری بکە. چاودێریم کـرد، دوای 11 ڕۆژ لە چاودێری، پیکابێکی مازدا هات، سـەددام سواری پیکابەکە بوو، لە حەسـەکە دەرچـوو، تەلەفۆنم بۆ سـەروەر بێـداوی کـرد کـە حەلەقەی وەسـڵی ئێمە بوو. هەتا ناوچەی هۆل و شنگال چاودێریم کرد، پێمگوتـن قوربان سـەدام داخڵی عێراق بووەوە.
**ڕووداو: دڵنیابـووی لەوەی کە سەددام حوسێن بوو؟**
**ئیبراهیم گاباری:** بە چاوی خۆم بینیم. هەمان ئەو ریشەی هەبوو کە دواتر لە کاتی گرتنەکەی بینیمان.
**ڕووداو: ئەوکات 25 ملیۆن دۆلار بۆ ئاشـکراکردنی سەددام دانرابوو...**
**ئیبراهیـم گاباری:** من لەو باوەڕەدابووم 25 ملیۆن دۆلارەکە وەربگرم، بەڵام نە ئەمریکا و نە جەنابی کاک مەسروور پارەیان نەدامێ. دیارە ئەمریکا نەیدەویست لە سـووریا دەسـتگیری بکەن، دەیویسـت لە عێراق دەستگیر بکرێ. لەو باوەڕەدام سووریاش ئاگادار بوو کە سەددام لەو شوێنەیە.
**ڕووداو: تـۆ کـەی بە یەکجاری هاتیتە باشـووری کوردستان؟**
**ئیبراهیـم گابـاری:** مانگێک پێش ئەوەی سـەدام دەسـتگیر بکـرێ، هاتمـە ئێـرە، هەتـا ئێسـتاش نەگەڕاومەتەوە.
**ڕووداو: پەیوەندیـت لەگەڵ داود باغسـتانی چۆن بوو، ئەو زۆر قسەی لەسەر هەیە دەگوترێ پەیوەندی لەگـەڵ ئیسـرائیل هەیـە، لەگـەڵ تورکیـا هەیە. چ شایەتییەکی لەسەر دەدەی؟**
**ئیبراهیم گاباری:** داود باغستانی کەسێکی زیرەکە، بەڵام زۆر درۆزنە. مەبدەئی نییە. زۆر بانگەشە دەکات کـە پەیوەندی لەگەڵ فلان و فـلان هەیە. جارێکیان گوتی شـیمون پیریز بانگهێشـتنامەی بۆ نـاردووم. منیـش هەواڵەکەم گەیاندە جەنابی سـەرۆک و کاک فـازڵ، تەکلیف کـرام بزانم بابەتەکـە چۆنە. لەگەڵ داود باغسـتانی پێکەوە چووین بۆ بەغدا و عەممان. دواتر دەرکەوت هەمووی درۆ بوو، نە شیمون پیریزی بینـی، نە پەیوەندیشـی لەگەڵ هەبـوو. ڕەنگە وەک ڕۆژنامەنـووس یان لـە ڕێگەی پەیوەندی شەخسـی سەردانی ئیسرائیلی کردبێ.
**ڕووداو: تـۆ پەیوەندیـت لەگەڵ ئیسـرائیلییەکان نەبووە؟ چوویتە ئیسرائیل؟**
**ئیبراهیم گاباری:** نەخێر.
**ڕووداو: ئەی پەیوەندیت لەگەڵ پەکەکە چۆن بوو؟ کەست لە سەرکردەکانی پەکەکە بینیوە؟**
**ئیبراهیم گاباری:** ئاسـاییە دەیانبینـم، بەڵام زۆر دژی سیاسـەتی پەیەدەم لە سـووریا، ئەوان دوژمنی گەلـی خۆیانن، ئەوان سـەربازی ئێرانـن بۆ دژایەتی وڵاتی خۆیان. حیزبێکی بێ بەرنامەن. دژی پەکەکە و پەیەدە نیم، دژی بەرنامەکەیانم. ئەوانە مورتەزەقەن.



**حافز ئەسەد بە کاک مەسعودی گوتبوو ئیبراهیم گاباری لە ژیاندا نەماوە**

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (514) - دووشەممە 2018/7/23



## کارسازانی سعودیە سەردانی کوردستان دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

لەسەر بانگهێشتی ژووری بازرگانیی هەرێمی کوردستان شاندێکی کارسازانی سعودیە سەردانی هەولێر دەکەن و دیدارێک لەگەڵ کارسازانی کوردستان ئەنجامدەدەن. دارا جەلیل خەیات، سەرۆکی یەکێتیی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەسەر بانگهێشتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژووری بازرگانی هەرێمی کوردستان بڕیارە ڕۆژی دووشەممە 2018/7/23 شاندێکی کارسازانی شانشینی سعودیە لەڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بگەنە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ کارسازانی هەرێمی کوردستان دیدارێک سازبکەن. دارا جەلیل خەیات ڕاشیگەیاند، شاندەکەی سعودیە پێکهاتووە لە سەرۆکی ژووری بازرگانی و چەند گەورە وەبەرهێنەرێک لە بوارەکانی وزە و بیناسازی و خۆراک.

## بە قسەی بازرگانان ساڵانە 90 هەزار تۆن چا هاوردەی کوردستان دەکرێ

وەزارەتی کشتوکاڵ:

# توێژینەوە دەکەین لەسەر چاندنی چا لە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو - هەولێر**

لە هەرێمی کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر خواردنەوەی چا هەیە و ساڵانە زیاتر لە 90 هەزار تۆن چای لە سریلانکا، هیندوستان، ڤێتنام، ئەسیوپیا و فلیپینەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت.

لەو شلەمەنیانەی ڕۆژانە دەخورێنەوە، چا لە کوردستان لە دوای ئاو پلەی دووەمی گرتووە، ئەمە بۆ وڵاتانی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ڕاستە. دەگوترێ چا یەکەمجار لە چین دۆزراوەتەوە، هەر بۆیە ئەو وڵاتە بەگەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری چا لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێ و ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن تۆن بەرهەمی هەیە، دوای ئەویش لەڕووی بەرهەمەوە هیندوستان، کینیا، سریلانکا، تورکیا، ڤێتنام، ژاپۆن، ئێران و ئەرجەنتین دێن. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی فاو، ساڵی 2016 بڕی بەکارهێنانی چا لەسەر ئاستی جیهان گەیشتووەتە 5.53 ملیۆن تۆن.

چا بەگوێرەی ڕەنگ و شێوە و تام و ورد و درشتییەکەی دەیان جۆری هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان شەش جۆر چای ناسراو هەیە کە کۆمپانیاکان گرنگی بەهاوردەکردنیان دەدەن، ئەوانیش بریتین لە: بیکۆ، قەڵەمی، شکستە، باروتی، چای ورد و چای سەوز.

فاتح یاسین، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای مومتاز کە بریکاری چای مەحموده لە شاری هەولێر، دەڵێت: "لە کوردستان گرنگی زۆر بە خواردنەوەی چا دەدرێ، بۆیە ساڵانە نزیکەی 80 تاوەکو 90 هەزار تۆن چا لە هەرێمی کوردستان بەکاردێت".

بە گوتەی فاتیح یاسین، لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 20 جۆر مارکەی چا هەن کە نرخی یەک تۆنی لە 1500 دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 6000 دۆلار، بەڵام دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی هەرێمی کوردستان چای کواڵیتی باش دەخۆنەوە کە نرخەکەی لەنێوان 4000 تاوەکو 5000 هەزار دۆلار دەبێ".

ئەو جۆرە چایانەی لەهەرێمی کوردستان هەن، بەرهەمی سریلانکا، هیندوستان، ڤێتنام، ئەسوپیا و فلیپینن، بەڕێژەیەکی کەمیش چای کینیا هەیە، بەهۆی

> **ساڵانە لە کوردستان بایی 344 ملیۆن دۆلار چا دەخورێتەوە**

هەناردەکردنی بەشێک لەو چایەش بۆ شارەکانی عێراق، ئامارێکی تەواو لەبەردەست نییە لەسەر بڕی هاوردەکراوی ساڵانەی چا بۆ هەرێمی کوردستان.

تەنانەت هەردوو وەزارەتی بازرگانی و کشتوکاڵیش داتایان نییە لەبارەی بڕی پێویستی ساڵانەی تاک بۆ ئەم بەرهەمە کشتوکاڵییە، بەڵام بە پشتبەستن بەو 200 گرام چایەی پێشتر حکومەتی عێراق مانگانە بۆ هەر تاکێک وەک بەشەخۆراک دابەشی دەکرد، دەتوانین بڵێین ساڵانە هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە 2.4 کیلۆگرام چا هەیە. ئەگەر ئەم ژمارەیە بە بنەما وەربگرین، ئەوە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان 138 هەزار تۆن چا بەکاردەهێنرێ، بەڵام بازرگانان مەزەندە دەکەن ساڵانە بەتێکڕا هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 1.5 کیلۆگرام چا بەکاربهێنێ کە دەکات نزیکەی 86 هەزار تۆن لە ساڵێکدا.

فاتح یاسین، دەڵێت: " بۆمان دەرکەوتووە ساڵانە هەر تاکێک لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 1.5 کیلۆگرام چا بەکاردەبات کە دەکاتە 86 هەزار تاوەکو 90 هەزار تۆن چا، ئەگەر هەر تۆنێک چا بە 4000 دۆلار حیساب بکەین، ئەوە لە ساڵێکدا 344 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی چا دەچێتە دەرەوە".

لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 20 مارکەی چا هەیە، هەر مارکەیەکیش بەگوێرەی ناسراویی خۆی فرۆشی هەیە، کۆمپانیای جیهان بۆ بازرگانی گشتی خاوەنی دوو مارکەی چایە بەناوەکانی جیهان و دوو غەزاڵ. مارکەی جیهان مارکەیەکی تایبەت بە کۆمپانیاکەیە و دوو غەزاڵیش مارکەیەکی جیهانییە و کۆمپانیاکە بریکاریەتی لە عێراق.

ڕزگار عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری بەبازاڕکردنی هەردوو مارکەی جیهان و دوو غەزال لە گروپی کۆمپانیاکانی جیهان دەڵێت: "بەگوێرەی بەدواداچوون بۆمان دەرکەوتووە دانیشتووانی هەولێر زیاتر حەزیان لە خواردنەوەی چای شکستەی بۆندارە، لە سلێمانی زیاتر حەزیان لە خواردنەوەی چای شکستە و باروتییە، بەڵام خەڵکی دهۆک و زاخۆ زیاتر حەزیان لە خواردنەوەی چای قەڵەمی بێ بۆنە، لە زۆربەی شارەکانی عێراقیش چای شکستە فرۆشی باشە".

ئەو چایانەی کۆمپانیای جیهان دەیخاتە بازاڕ بەگوێرەی کواڵیتی و جۆرەکانی، نرخیان لە نێوان 5000 تاوەکو 10.000 دۆلاردایە و زیاتر لە 50 بارکۆدی هەیە.

ڕزگار عەبدوڵڵا دەڵێت: "هەندێ لە کۆمپانیاکان چای ڤێتنامی بەناوی چای سریلانکی بە نرخی بەرز بەخەڵک دەفرۆشن، تەنانەت بۆمان دەرکەوت هەندێ کۆمپانیا هەبوون چایان بەناوی هەندێ مارکە لە کوردستان لەزەرف دەکرد کە سەرچاوەی چایەکە هەر دیار نەبوو، هەندێ کۆمپانیاش هەن ڕێژەیەک تۆزی چا تێکەڵی چا گرانبەهاکان دەکەن بۆ ئەوەی کێشی زیاتر بێت و بتوانن لە بازاڕ کێبڕکێی مارکەکانی دیکەی پێ بکەن، بۆیە فرت و فێڵی زۆر لە چادا هەیە".

گوتیشی: "زۆربەی مارکەکانی چا لە هەرێمی کوردستان زیاتر کێبڕکێ لەسەر فرۆش دەکەن، نەک بەرزکردنەوەی کواڵیتی".

چاندنی چا پێویستی بەئاوی زۆر و پلەی گەرمیی تایبەت و شێی زۆر هەیە، بۆیە ئەم بەرهەمە زیاتر لەناوچە گەرم و نیمچە گەرمەکانی باشووری گۆی زەوی دەچێنرێ.

بەڵام لە ناوچەیەکی ساردی وەکو باشووری ڕووسیاش دەچێنرێ، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکووری قەفقاسیا.

### وەزارەتی کشتوکاڵ توێژینەوەی لەسەر دەکات

هەرچەندە لە کوردستان گرنگی زۆر بەخواردنەوەی چا دەدرێ، بەڵام گرنگی بە چاندنی چا نەدراوە و توێژینەوەش لەسەر ئاستی شیاویی خاک و کەشوهەواکەی نەکراوە کە ئایا بۆ چاندنی ئەم بەرهەمە گونجاوە یان نا. بەڵام تورکیا و ئێران کە دراوسێی هەرێمی کوردستانن، دوو وڵاتی گەورەی بەرهەمهێنەری چان لەسەر ئاستی جیهان.

دکتۆر سەمەد سۆفی عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "لە کوردستان تا ئێستا بەشێوەی بازرگانی چا نەچێنراوە، بۆیەش توێژینەوە لەسەر کەشوهەوای هەرێمی کوردستان نەکراوە کە ئایا شیاوە بۆ چاندنی چا یان نا. بەڵام لەبەر ئەوەی لە تورکیا و ئێران چا دەچێنرێت و بەرهەمیشیان باشە، بیرمان لەوە کردووتەوە، چەند جۆرێکی چای بهێنن توێژینەوەی لەسەر بکەین، ئەگەر جۆرێکی گونجاومان دەستکەوت و سەرکەوتوو بووین لە چاندن و بەرهەمهێنانی، هانی جووتیاران دەدەین بیچێنن".



نزیکەی 20 جۆرە چا لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن

## زۆرترین خواست لەسەر پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی کۆرییە

# ساڵانە 50 هەزار ئۆتۆمبێلی سیکراب دەهێنرێنە کوردستان

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرزیی نرخی پارچەی یەدەگی ئۆرجیناڵی ئۆتۆمبێل، بازاڕی هاوردەکردنی سیکرابی ئۆتۆمبێلی لە هەرێمی کوردستان گەرم کردووە، ساڵانە بازرگانان بە هەزاران ئۆتۆمبێلی گەورە و بچووکی سیکراب بەنرخی هەرزان هاوردە دەکەن، پارچە پارچەی دەکەن و دەیفرۆشنەوە.

لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو کاتێک ئۆتۆمبێلێک بەهۆی پێکدادان یان هەر هۆکارێکی دیکە پەکی دەکەوێت، کۆمپانیاکانی دڵنیایی ئۆتۆمبێل بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و پاکڕاگرتنی ژینگە، ڕێگە نادەن ئەو ئۆتۆمبێلانە جارێکی دیکە بهێنرێنەوە سەر شەقامەکان، بۆیە زۆرجار وەک سیکراب بەبازرگانی ئەو وڵاتانەی دەفرۆشن کە کارگەی دروستکردنی پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلیان نییە.

ئەحمەد سەید فازڵ، خاوەنی کۆمپانیایەکی بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی سیکرابی ئۆتۆمبێل، دەڵێت: "بەهۆی خراپیی کواڵیتی پارچەی یەدەگی بازرگانی و بەرزیی نرخی پارچەی یەدەگی ئۆرجیناڵی نوێ، لە کوردستان و عێراق و ئێران خواستێکی زۆر لەسەر پارچەی یەدەگی ئۆرجیناڵی بەکارهاتوو هەیە، بۆیە ساڵانە نزیکەی 40 هەزار ئۆتۆمبێلی بچووک بۆ سیکراب هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ".

ئەحمەد سەید فازل، ساڵانە نزیکەی 1000 ئۆتۆمبێلی سیکراب لە کۆریا و ئەڵمانیا و ئیماراتەوە هاوردە دەکات و پارچەکانی بەتاک و بەکۆ دەفرۆشێتەوە. ئەحمەد دەڵێت: "سیکرابی ئۆتۆمبێلی کیا و هیۆندای لە کۆریا، تویۆتا لە ئیمارات، مارسیدس و بی ئێم دەبلیوش لە ئەڵمانیا هاوردە دەکەین". بەڵام زۆرترین خواست لەسەر سیکرابی ئۆتۆمبێلی کۆری هەیە، چونکە خەڵک زۆرتر ئۆتۆمبێلی ئەو وڵاتە بەکاردێنن.

بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، گومرگەکان ڕێگەی بەهاوردەکردنی هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکی سیکراب دەدەن، بەمەرجێک ئۆتۆمبێلەکان بەشێوەی بڕاوە هاوردە بکرێن.

ئەحمەد سەید فازڵ، دەڵێت :"هەموو جۆرە ئۆتۆمبێلێکی سیکراب ڕێگە بەهاوردەکردنی دەدرێت بەمەرجێک ئۆتۆمبێلەکە بەشی دواوەی لەگەڵ نەبێت و بەشێوەی بڕاوە هاوردە کرابێت، لەپارچەکانیش تەنیا ڕێگە بەهاوردەکردنی تایە و بەردی گزۆرز و ڕۆت و ڤۆڵت نادرێ".

بەگوتەی ئەم بازرگانە قەیرانی دارایی، کاریگەری لەسەر هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سیکرابیش هەبووە. ئێستا بە بەراورد بەپێشتر بەڕێژەی 35% کەمتر ئۆتۆمبێلی سیکراب هاوردە دەکرێت، بەڵام وەک ئەو دەڵێت :"هەرزانی نرخی پارچەی یەدەگی سیکراب و خراپی کواڵیتی بەنزین و ڕۆن و زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆ، وایکردووە فرۆشی پارچەی یەدەگی سیکراب بەردەوام بێت، بۆیە بە پلەیەک و دوو مەکینە و گێر و دەفرۆشرێ، دواتریش پارچەی یەدەگەکانی دیکە بەگشتی و دوای ئەوانیش دەرگا و سندوق و بۆنیت خواستیان لەسەرە".

ئەو ئۆتۆمبێلانەی بازرگانان بەشێوەی سیکراب هاوردەیان دەکەن، بەگوێرەی جۆر و مۆدێل و پاکی، نرخیان لە 1500 دۆلارەوە دەست پێدەکات تاوەکو 15 هەزار دۆلار.

ئەحمەد سەید فازل، دەڵێت :"بۆ دەستکەوتنی پارچەی یەدەگی ئۆرجیناڵی سیکراب هەموو جۆرە مۆدێلێک دەهێنین، تەنانەت مۆدێلی 2018 بەشێوەی سیکراب هێنراوە، بەڵام نرخی ئەم ئۆتۆمبێلانە بەرزە زیاتریش بەهۆی پێکدان بە سیکراب دەفرۆشێن ".

جگە لە پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی بچووکی سیکراب، خواستێکی زۆریش لەسەر پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و ئامێری پیشەسازی هەیە، بازرگانان ساڵانە بە هەزاران بارهەڵگر بەشێوەی سیکراب هاوردە هەرێمی کوردستان دەکەن

فەرهاد محەممەد، خاوەنی پێشەنگا و کۆمپانیا فەرهاد یوکەی، ماوەی 12 ساڵە پێشەنگای بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی یەدەگی سیکرابی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری هەیە، ساڵانە 200 تاوەکو 250 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە بەریتانیاوە بەشێوەی سیکراب هاوردە دەکات. ئەو دەڵێت :"بەهۆی ئەو خواستەی زۆرەی لەسەر پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، ساڵانە زیاتر لە 10 هەزار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەشێوەی سیکراب هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، نزیکەی 20% لەهەرێمی کوردستان ساغ دەکرێتەوە و ئەوانیش دیکەش بەشێوەی کۆ و تاک هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت".

بەگوتەی فەرهاد محەممەد، ئێستا هەولێر وەکو سەنتەرێکی بازرگانی لێهاتووە بۆ ساخکردنەوەی پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر و دەڵێت "جگە لەشارەکانی عێراق زۆر جار پارچەی یەدەگ لە هەولێرەوە بۆ سووریا و ئێران و تورکیاش دەچێت".

ئەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرانەی فەرهاد و بازرگانانی دیکە بەشێوەی سیکراب هاوردەیان دەکەن بەشێوەیەکی گشتی نرخیان لەنێوان 4 هەزار تاوەکو 25 هەزار دۆلار دایە، زۆربەشیان مۆدێلیان 2003 بەسەرەوەن.

فەرهاد محەممەد، دەڵێت" لەزۆربەی وڵاتانی ئەورووپی کاتێک بارهەڵگرێک تووشی پێکدادان یان وەرگەڕان دەبێت یان دەگات بەو ڕێژەیەی بۆ ڕۆیشتنی مەکینەکەی دیاریکراوە، کۆمپانیاکانی دڵنیایی ڕێگەی پێ نادەن کار بکات و یان لەکارگەکان دەیتوێننەوە یان بەشێوەی سیکراب دەیفرۆشن".

ئەو هۆکارەی وایکردووە پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر لەعێراق و کوردستان خواستی زۆری لەسەر بێت، بە گوتەی فەرهاد محەممەد خراپی کواڵیتی پارچەی یەدەگی نوێ و کەمی و بەرزی نرخی پارچە یەدەگی ئۆرجیناڵە. فەرهاد محەممەد دەڵێت "زۆرترین فرۆشمان لەلای ئێمە مەکینە و گێڕە، دوای ئەوانیش پلێتە".

فەرهاد محەممەد دەڵێت ساڵانە نزیکەی 100 — 150 ملیۆن دۆلار بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری سیکراب دەچێتە دەرەوە، بەڵام دواتر زیاتر لە 80%ی پارچەکانی ئۆتۆمبێلە سیکرابەکە بە پارەیەکی زیاتر بە بازرگانانی عێراق دەفرۆشنەوە. بۆیە ئەم بازرگانییە سوودێکی باشی بۆ کوردستان هەیە".

بازرگانان دەڵێن هاووڵاتیان زۆرتر لە پارچەی یەدەگی سیکراب دڵنیان، نەوەکو پارچەی ئۆرجیناڵ کە زۆرجار پارچەی تەقلیدە و بە ئۆرجیناڵ بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێ.

سامی عەبدوڵڵا، خاوەنی پێشەنگای سامی، پارچەی یەدەگی تازە و بەکارهاتووی BMW دەفرۆشێ. دەڵێ "ئەوەی وایکردووە ساڵ بە ساڵ خواست لەسەر پارچەی سیکراب زیاد بێت ئەوەیە کە کواڵیتی پارچە یەدەگەکانی بازرگانان هاوردەی دەکەن نزمە و پارچەی یەدەگی ئۆرجیناڵیش کەمە و نرخی بەرزە، بۆیە خەڵک لەنێوان پارچەی یەدەگی کواڵیتی نزم و گرانی نرخی پارچەی یەدەگی ئۆرجیناڵ، پارچەی یەدەگی سیکراب هەڵدەبژێریت کە کواڵیتییەکەی بەرزەو و نرخیشی گونجاوە. بۆ نمونە فیول پەمپێکی بی ئێمی نوێ بە 450 دۆلارە، هەمان فیول پەمپ، ئۆرجیناڵەکەی لە سیکراب بە 200 دۆلارە".



هەولێر بووەتە سەنتەری ساغکردنەوەی ئۆتۆمبێلی سیکراب (فۆتۆ: ڕووداو)



بیلال سەعید

# دۆسیەی نەوت لە خۆپیشاندانەکانی بەسرەدا

نووسینی سەر پۆستەرەکان و وێنەی دەستی خۆپیشاندەر و نارازییەکانی پارێزگای بەسرە لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا زۆربەیان گوزارشت بوون لە کەمیی کارەبا، نەبوونی ئاوی پاک، بەڵام بەسراییەکان ئەو پرسیارەش دەکەن: لە کاتێکدا نەوتی بەسرە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراقە، ئەی بۆ دەبێ ئێمە بەدەست کەمیی خزمەتگوزاری و نەبوونی کارەوە بناڵێنین؟

ئێستا عێراق دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوتی ئۆپێکە. کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای بەسرە گەورەترین سەرچاوەی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقن. بەگوێرەی داتاکانی حکومەت، زیاتر لە 80%ی بودجەی عێراق لە رێگەی هەناردەی نەوتی بەسرەوە دابین دەکرێت، نەوتی بەسرە لە رێگەی دوو بەندەری سەرەکیی بەسرە و خۆرئەلعەمیە هەناردە دەکرێ.

حکومەتی عێراق چەند رۆژێک پێش خۆپیشاندانەکانی بەسرە، داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراقی لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا ئاشکرا کرد کە بڕەکەی 40 ملیار و 145 ملیۆن و 235 هەزار دۆلار بووە لە کاتێکدا لە هەمان ماوەی ساڵی رابردوودا داهاتی نەوتی عێراق 27 ملیار و 642 ملیۆن و 329 هەزار دۆلار بووە. لەهەمان ماوەدا هەناردەی نەوتیش بەرز بووەتەوە بۆ 625 ملیۆن و 193 هەزار و 749 بەرمیل لەکاتێکدا لە هەمان ماوەی ساڵی رابردوو 592 ملیۆن و 439 هەزار و 163 هەزار بەرمیل بووە.

واتە ئەگەر شیکردنەوەیەکی سادە بۆ هەناردە و داهاتی نەوتی عێراق بکەین، دەگەینە ئەو راستییەی کە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و ئاستی هەناردەی نەوت، عێراق لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا بەراورد بە نیوەی یەکەمی ساڵی ڕابردوو داهاتی زیادی کردووە، بەڵام ئایا ئەم زیادبوونە چی لە ژیانی هاووڵاتیانی عێراق بە گشتی و پارێزگای بەسرە بەتایبەتی گۆڕیوە؟

عێراق کە دووەم گەورەترین هەناردەکاری نەوتە لەناو ئۆپێک لە دوای عەرەبستانی سعودیە، ئەم پلەیەی بەهۆی قەبارەی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی پارێزگای بەسڕەوە وەرگرتووە، بۆیە لەگەڵ دەستپێکی خۆپیشاندانەکان چاوی ناوەندەکانی ئابووری و دارایی جیهان لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی بەسرە بوو کە ئایا چی لێدێت، بەڵام هەر زوو بەرپرسانی کەرتی نەوتی عێراق رایانگەیاند کە ئێستا لە کێڵگە نەوتییەکانی باشوورەوە رۆژانە 3.56 ملیۆن بەرمیل هەناردە دەکرێ، خۆپیشاندانیش کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت نەبووە.

بەشێک لە خۆپیشاندەرانی پارێزگای بەسڕە بە نزیکبوونەوە لە کێڵگە نەوتییەکان دەیانویست پەیامی نارەزایەتی خۆیان لە ئاستی کارکردنی کۆمپانیا نەوتییەکان و وەزارەتی نەوتی عێراق و حکومەتی عێراق بگەیەنن، بەڵام ئایا نارەزایەتی بەسراوییەکان لە بەرێوەبردنی سیکتەری نەوت چییە؟

بە خوێندنەوە بۆ خۆپیشاندانەکانی ئێستا و ساڵانی رابردوو، نارەزایەتیی هاووڵاتیان لە سێکتەری نەوت لەم چوارچێوەیەدایە:

1- جێبەجێنەکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکان

2- لە ئەنجامی لێنەپرسینەوە لەلایەن حکومەتەوە، کۆمپانیاکانی نەوت ژینگە و تەندروستییان خستووەتە مەترسییەوە.

3- زیادبوونی بێکاری و راگرتن و وەستاندنی دامەزراندن لە کەرتی نەوتدا.

4- کەڵەکەبوونی بڕە پارەیەکی زۆری ساڵانی رابردووی پترۆدۆلار لای حکومەت و پاشەکەوتبوونەوەی حکومەت لە جێبەجێکردنی پترۆدۆلار.

5- دەستوەردانی هێزە سیاسییەکان و کەسایەتییە دیارەکان و بوونی پشک و تەنانەت بەقاچاخبردنی بەشێک لە نەوتی پارێزگای بەسرە.

لەکاتێکدا داواکاری و خواستی پارێزگای بەسرە لە سێکتەری نەوتی پارێزگاکەیان بەڕوونی دیارە، ئایا وەڵامی حکومەتی عێراق لە رۆژانی رابردوودا چی بووە:

- راگەیاندنی رەخساندنی (10) هەزار دەرفەتی کار بۆ دانیشتووانی بەسرە و قەزاو ناحییەکانی کە بەپێی رێژەی دانیشتووان دابەش دەکرێت.

- ناردنی پارەی پترۆدۆلار.

- وەزارەتی نەوتی عێراق داوای لە کۆمپانیاکانی نەوت کردووە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆ بگرن و پرۆژەکانیان لە بواری تەندروستی و پەروەردە و رێگاوبان و ئاودێری لە ناوچەکە جێبەجێ بکەن.

بەڵام بڕیارەکانی عێراق سەبارەت بە کەرتی نەوت بەهۆی ئەوەی لەکات و قۆناغی جیاواز و لەچوارچێوەیەکی دیاریکراو و بەئامانجی چارەسەری کێشەی بنەڕەتی هاووڵاتیانی پارێزگای بەسڕە دەرچوون، لەگەڵ سێکتەری نەوت یەکناگرێتەوە، بۆ نموونە لە پرسی دامەزراندنی 10 هەزار گەنجی پارێزگاکەدا ئەوەندەی بە ئامانجی رەواندنەوەی نارەزایەتییەکانە، ئەوەندە بۆ چارەسەری کێشەی بێکاری نییە، چونکە عێراق بەپێی مەرجەکانی بانکی جیهانی پێویستە بۆ چەند ساڵێک دامەزراندن لە کەرتی گشتی رابگرێ لەبەر ئەوەی ژمارەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی زۆر زۆرە.

داواکاریش لە کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری، هێندەی داواکارییە هێندە لایەنی یاسایی و لێپرسینەوەی نەگرتووە، بۆیە کۆمپانیاکان ناچار نین بچنە ژێر باری جێبەجێکردنی خواستی خەڵک و وەزارەتی نەوتی عێراق.

بۆیە بە تێگەیشتن لەکەرتی نەوتی پارێزگای بەسرە و داواکاریی خۆپیشاندەرانی پارێزگاکە، دەکرێت بڵێین دۆسیەی نەوت بەم رێکارانە رێچکەی ئاسایی خۆی دەگرێ:

1- پەلەکردن لە دەرکردنی یاسای نەوت و گازی عێراق کە پەیوەندی راستەوخۆی بە تەواوی عێراق و پارێزگا خاوەن نەوتەکانەوە هەیە.

2- کارکردن بۆ دەرکردنی یاسای دابەشکردنی داهاتی نەوت لەپێناوی گێڕانەوەی دادپەروەرییەکی تەواو بۆ تەواوی عێراقییەکان، کە بەدڵنیاییەوە ناوچە نەوتییەکان سوودمەندی سەرەکی دەبن لەم بوارە.

3- کردنەوەی بەشەکانی تایبەت بە نەوت لە پەیمانگا و زانکۆکانی بەسرە، چونکە نەوتی بەسرە تاوەکو ئێستاش لەژێر سەرپەرشتی و چاودێریی بیانییەکاندایە و ژمارەیەکی کەم لە کارمەندی خۆماڵی کاری تێدا دەکەن.

3- گێڕانەوەی پارەی قەرزی پترۆدۆلار لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای بەسرە و کارکردن بۆ جێبەجێکردنی یاسای پترۆدۆلار.

4- ناچارکردنی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و دانانی رێکاری نوێ لەپێناوی جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمپانیا نەوتییەکان کە خۆی دەبینێتەوە لە ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بواری خوێندن و تەندروستی و رێگاوبان و ژینگە و هتد.

5- رووپێوییەکی نوێ بۆ ئەو زەوییانەی لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیا نەوتییەکاندان، قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زەوییان بەر پرۆژەکانی نەوت دەکەوێ.

6- کارکردن بۆ دروستکردنی چەند کارگەیەکی پترۆکیماوی لەپێناو سوودوەرگرتن لە نەوت و سامانی سروشتی پارێزگاکە و رەخساندنی هەلی کارێکی زیاتر بۆ گەنجان و بێکارانی پارێزگاکە.

7- دانانی لیستی ڕەش بۆ ئەوانەی دەستیان هەیە لە دزینی نەوتی پارێزگای بەسڕە و دادگاییکردنی ئەوانەی نەوتی پارێزگاکە بە قاچاخ دەفرۆشن.



زیاتر لە 80%ی بودجەی عێراق لە رێگەی هەناردەی نەوتی بەسرەوە دابین دەکرێت (فۆتۆ: AFP)

# ئەمریکا بیر لە سزادانی ئۆپێک دەکاتەوە

رووداو- هەولێر

مانگی رابردوو لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکا پڕۆژە یاسایەکیان پەسەند کرد کە بەهۆیەوە واشنتن دەسەڵاتی سزادانی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێک و خودی رێکخراوەکەشی دەبێ. ئامانج لە یاساکە ئەوەیە رێ نەدات ئۆپێک نرخی نەوت بەرز بکاتەوە کە زیان بە ئابووریی ئەمریکا دەگەیەنێ و ژیانی رۆژانەی خەڵکی ئەو وڵاتە قورستر دەکات. لە مانگی ئایاریشدا ئەنجوومەنی پیران لە پڕۆژە بڕیارێکدا داوای کرد دەسەڵاتی ئەمریکا لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانی بەکاربهێنرێ بۆ ئەوەی وڵاتانی بەرهەمهێن و هەناردەکاری نەوت ناچار بکرێن چیدی یاری بە نرخی نەوت نەکەن.

پڕۆژە یاساکەی مانگی حوزەیران رێگە بە وەزارەتی دادی ئەمریکا دەدات متمانە لە هەموو ئەو وڵات و لایەنانە وەربگرێتەوە کە یاری بە نرخی نەوت دەکەن. چاوەڕێش دەکرێ پڕۆژە یاساکە تاوەکو کۆتایی هاوینی ئەمساڵ لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکاوە پەسەند بکرێ.

ئەو پڕۆژە یاسایە لەلایەن ستیڤ چابۆت، نوێنەری کۆمارییەکان لە ویلایەتی ئۆهایۆ، خراوەتەڕوو کە تێیدا "سنووردارکردنی بەرهەمهێنان یان دابەشکردنی نەوت، غازی سروشتی و بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە" یان "دانانی نرخ و پاراستنی نرخەکە" لەسەر بنەمای رێککەوتنی هاوبەشی نێوان رێکخراوەکان یان وڵاتان قەدەغە دەکات. ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژە یاسایەش بە وەزارەتی دادی ئەمریکا سپێردراوە.

لە راپۆرتێکی مانگی ئایاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکادا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە "بەهای گازوایل لە سەرەتای ساڵی 2017 وە بە رێژەی 25% بەرز بووەتەوە، ئەمەش گوشارێکی زۆری لەسەر ژیانی خێزانە ئەمریکییەکان دروستکردووە و رێگەش لە گەشەی ئابووریی ئەمریکا دەگرێ". ئەنجوومەنی پیران لە پڕۆژە بڕیارێکدا داوا دەکات رێکخراوی بازرگانیی جیهانی (WTO) بەکاربهێنرێ بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر ئۆپێک و ئەندامانی.

حەوت ئەندامی ئۆپێک کە بریتین لە ئیکوادۆر، کوەیت، نایجیریا، قەتەر، سعودیە، ئیماراتی عەرەبی و ڤەنزوێلا، ئەندامی رێکخراوی بازرگانیی جیهانین، ئێران و عێراق و لیبیاش وڵاتانی چاودێرن لە رێکخراوەکەدا.

ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا لە پڕۆژەکەی مانگی ئایاری خۆیدا داوا لە حکومەتی ئەمریکا دەکات ئەگەر ئەو وڵاتانە لە بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بەردەوام بوون، ئەوە ئەمریکا لە رێگەی (WTO)وە ئاستی بازرگانیی خۆی لە بوارەکانی نەوت، غازی سروشتی و بەرهەمە نەوتییەکانی دیکە لەگەڵ ئەو وڵاتانە کەم بکاتەوە.

برایان گریفیس، گوتەبێژی ستیف چابۆت لەبارەی پڕۆژە یاساکەی ئەنجوومەنی نوێنەران بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) راگەیاند "ئامانجی ئەو پڕۆژە یاسایە ئەوەیە یەکجار بۆ هەمیشە بە ئۆپێک بڵێین ئەوان چیدی ناتوانن بە دەستتێوەردان نرخەکانی نەوت دیاری بکەن، چونکە ئەگەر وابکەن بەپێی یاساکانی ئێمە بەرپرسیارن". هەموو ئەو هەوڵانە لە چوارچێوەی یاسای لێسەندنەوەی متمانە (یان ئەنتی تراست) دان، کە یەکەمجار لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو کاری پێکرا، کاتێک بەهۆی شۆڕشی ئێران و سەرهەڵدانی شەڕی ئێران و عێراقەوە، نرخی نەوت بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە.

بەڵام جێبەجێکردنی ئەو جۆرە یاسایانە لە دادگاکانی ئەمریکادا هەمیشە کارێکی سەخت بووە. لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە دادگاکانی ئەمریکا خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە دەدزییەوە، بەو بیانووەی بەرهەمهێنانی نەوت کێشەی نێوخۆیی وڵاتانە و پەیوەندی بە سەروەری سیاسی ئەو وڵاتانەوە هەیە. کۆنگرێسی ئەمریکا لەسەردەمی هەردوو ئیدارەی پێشووی ئەمریکاشدا پڕۆژە یاسای هاوشێوەی پەسەند کردبوو، بەڵام هیچکام لە دوو سەرۆکەکەی پێشووی ئەمریکا ئامادە نەبوون پڕۆژەکە بکەنە یاسا، لەبەر ئەوەی دەترسان پڕۆژەکە کاردانەوەی توندی ئەو وڵاتانەی لێبکەوێتەوە و کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دروستبکات.

ئیدارەکانی پێشووی واشنتن پێیانوابوو



وەزارەتی دادی ئەمریکا متمانە لەو وڵاتانە وەردەگرێتەوە کە یاری بە نرخی نەوت دەکەن

یەکلاکردنەوەی ئەو جۆرە یاسایانە لە دادگاکانی وڵاتەکەیاندا هاوسەنگی پەیوەندی و هاوکارییەکانی ئەمریکا و ئەو وڵاتانە لە بوارەکانی دیکەدا تووشی کێشە دەکات، بەتایبەتیش ئەو هەوڵانەی پەیوەندییان بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە. سپێنسەر واڵەر، شارەزای یاسای ئەمریکا لە زانکۆی شیکاگۆ لەوبارەوە بە (فۆرین پۆڵسی) دەڵێ: "ناکرێ سیاسەتی دەرەوە بە رێکاری یاسایی یەکلایی بکرێتەوە".

بەڵام دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، بەپێچەوانەی دوو سەرۆکەکەی پێش خۆی چەندینجار پشتگیری لە هەوڵەکانی کۆنگرێس کردووە بۆ ئەوەی لە رێگەی دادگا و رێکارە یاساییەکانی ئەمریکاوە گوشار لەسەر ئۆپێک و بەرهەمهێنەرەکانی دیکەی نەوت دروستبکرێ. لە چەند مانگی رابردوودا ترەمپ لە چەندین تویتدا هێرشی کردە سەر ئۆپێک و تۆمەتباری کردن بەوەی یاری بە نرخی نەوت دەکەن. بۆیەش کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا ئەمجارەیان هیوای ئەوەیان هەیە ئیدارەی کۆشکی سپی لە پشتیان بێ بۆ پەسەندکردنی پڕۆژە یاساکە.

کێشەکەی نێوان ئەمریکا و ئۆپێک لەکاتێکدا سەرهەڵدەدات کە خەڵکی ئەو وڵاتە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمریکا هەڵدەبژێرن و ئیدارەی ترەمپیش بیر لەوە دەکەنەوە لە ئێستاوە بناغەی بردنەوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتی بۆ ترەمپ دابنێن، بەڵام ئەگەر پڕۆژەکە لەلایەن سەرۆکەوە پەسەندیش بکرێ، چاوەڕێ ناکرێ ئاکامەکانی هەتا کاتی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس بەدیاربکەون، هەروەها پێناچێ دادگاکانی ئەمریکاش قایل بن خۆیان لە کێشەیەکی لەو جۆرە وەربدەن کە پەیوەندی بە سەروەریی وڵاتانەوە هەیە، جیا لە هەموو ئەمانەش ئۆپێک خۆی ناتوانێ لەوەی ئێستا زیاتر نەوت بەرهەمبهێنێ و هەناردەی بکات.

دەیڤید گۆڵدوین، کاربەدەستی پێشووی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پرسی نەوت دەڵێت: "راستییەکەی هیچ بۆشاییەک لە توانای بەرهەمهێنانی ئۆپێکدا نییە، بۆیەش ئەو پڕۆژەیە هیچی لێ سەوز نابێ، کێشەکە ئەوەیە ئەم پڕۆژەیە لە کاتێکدا خراوەتەڕوو کە هیچ کەسێک پێویستی پێی نەماوە".

ئۆپێک لە مانگی حوزیرانی ئەمساڵدا رەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەوەی ئاستی بەرهەمی رێکخراوەکە و 10 هاوپەیمانەکەی دەرەوەی ئۆپێک بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز بکرێتەوە.

لە کۆتایی 2016 تاوەکو مانگی رابردوو، ئۆپێک و 10 وڵاتی دیکەی دەرەوەی رێکخراوەکە لەسەر ئەوە رێککەوتبوون کە 1.8 ملیۆن بەرمیل لە ئاستی بەرهەمهێنانیان کەم بکەنەوە. لە کۆبوونەوەکەی مانگی رابردووی ڤیەننادا ئەو رێککەوتنە بە کردەوە کۆتایی هات، کاتێک ئۆپێک و 10 هاوپەیمانەکەی رایانگەیاند کە ئاستی بەرهەمهێنانیان بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز دەکەنەوە و لەگەڵ جێبەجێکردنی سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێرانیش جارێکی دیکە بەرهەمهێنان لەوەش زیاتر دەکەن.

## تارا رەسوڵ گۆرانییەک کلیپ دەکات



**رووداو – هەولێر**

تارا رەسوڵ، خانمە گۆرانیبێژی کورد، نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بەناوی "من بۆ تۆم" لەشاری هەولێر وێنەدەگرێت. تارا رەسووڵ بەرووداوی راگەیاند "ئەم گۆرانییە ماوەیەکی زۆرە ئامادەیە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک کلیپمان نەکردبوو، خۆشبەختانە ئێستا کلیپی دەکەین".

تارا لە بارەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکە گوتی "ئەم گۆرانییە لە تێکستی سامی ئەرگۆشییە، هونەرمەندی ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر میلۆدی گۆرانییەکەی داناوە. کاری دابەشکردنی میوزیک لەلایەن ئاریۆس حەمە سەعید کراوە. هەروەها دەرهێنەری گەنج یوسف لەشکری کاری وێنەگرتن و دەرهێنانی بۆ ڤیدیۆ کلیپەکە کردووە". تارا رەسوڵ 8 ساڵ بەر لە ئێستا ئەلبومێکی گۆرانی بەناوی "دووهەفتەیە" بڵاوکردەوە.

### پەیوەند جاف، باسی ئەلبوومە نوێیەکەی بۆ (رووداو) دەکات

# ئەلبوومەکەم ئۆنلاین بڵاودەکەمەوە

پەیوەند جـاف، ناوێکی دیاری نێـو هونەری کوردییە، ئـەو زیاتر بەوە ناسـراوە کە گۆرانیی ناوچەی هەورامان بە سـتایلی رۆژئاوایی پێشـکەش دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا تام و چێژی کوردانەی ون نـاکات، ماوەی زیاتر لە سـاڵێکە سـەرقاڵی ئامادەکردنی ئەلبوومێکی گۆرانییە. پەیوەند جاف لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی وردەکاریی ئەلبوومە نوێیەکەی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**



**رووداو: ئەلبوومـە نوێیەکەت لە چەند تراک پێکهاتـووە، مـاوەی چەندە خەریکـی و بە چ ستایلێک گوتراون؟**

**پەیوەنـد جـاف:** ئەلبوومەکە لـە 11 تراک پێکهاتـووە. زیاتـر لـە سـاڵێکە سـەرقاڵی ئامادەکارییەکانـی ئـەو ئەلبوومـەم، بێگومان هەنـدێ گۆرانـی پەیوەنـدی راسـتەوخۆی بەهونەرمەندەکەوە هەیە، هەندێ لە گۆرانییەکان بوونەتە بەشـێک لـە من. ئەوەنـدە تامەزرۆی گۆرانییەکە بووم هەموو کەس هەستی پێدەکات. لەم ئەلبوومەدا هەوڵم داوە ئیشەکان جۆراوجۆر بن، پێشتر ئەگەر تەنیا مەقامم گوتبا دەیانگوت خۆزگە گۆرانی و سـتایلی دیکـەی تێدابووایە، ئەمجـارە هەموو جۆرە سـتایل و شـێوازەکانم کۆکردووەتەوە، چونکە ئیشەکانی من بۆ خەڵکە و دەبێت بە خواستی هەوادارانیشم بێت.

**رووداو: کەی بڵاودەکرێتەوە؟**

**پەیوەند جاف:** هەموو کارەکانی تەواو بووە و ئێسـتا لەژێر چاپدایە، لـە ماوەیەکی نزیکدا لە کوردسـتان و هەموو جیهـان بڵاودەبێتەوە، بەر لەبڵاوبوونەوەش لە کوردسـتان و دەرەوەی کوردسـتان ریکلامی بـۆ دەکەیـن و بێگومان خۆشم دەگەڕێمەوە کوردسـتان و لە (رووداو) یـش باسـی ئەلبوومەکـەم دەکـەم، هەڵبەتە دەمەوێـت لـە رێگەی ئێـوەوە سوپاسـی ئەو هونەرمەندانە بکەم کە شـەونخونییەکی زۆریان لەگـەڵ کێشـاوە بـۆ ئـەوەی ئـەم ئەلبوومـە بەباشـترین شـێوە بگاتـە گوێگـر. گۆرانـی هەبووە چەندینجار هەڵوەشـاوەتەوە و دووبارە تۆمارکراوەتـەوە، ئەمـەش هەمووی لە پێناوی رازیکردنی گوێگرانم.

**رووداو: ئـاواز و تێکسـتی گۆرانییەکانـی ئەلبوومەکە هی کێن؟**

**پەیوەند:** لەم ئەلبوومەدا کە 11 تراکە، دوو لە گۆرانییەکان لە ئاواز و تێکسـتی هونەرمەند زیاد ئەسـەعدە. هەروەها گۆرانییەک لە ئاوازی خۆمـە و پێشـتر گوتوومـە، بـەڵام بەشێوازێکی نوێ داڕشتنەوە و دابەشـکردنی بـۆ کـراوە. یەکێـک لـە گۆرانییەکانیش لـە دابەشـکردن و ئاوازی هونەرمەند عارف شەکورییە کە زۆربەی کارەکانی هونەرمەندی ئێرانی موعین ئەسفەهانی کردووە. چەنـد گۆرانییەکـی فۆلکلـۆری کوردیشـی تێدایـە، گۆرانی فۆلکلۆری ناوچـەی هەورامان و کرماشـانی تێدایە. چەنـد پارچە مەقامێکی تێدایە کە پێشکەشـی رۆحـی دایکمم کردووە. هەوڵیشمداوە هەموو جۆرە ستایلێکی تێدا بێت، واتـە گۆرانیی شـاد و گۆرانیی خـاو، هەروەها گۆرانیی عاشقانەش لەسەر مەقامی حیجاز.



دوو ئاواز و دوو تێکستم لە زیاد ئەسعەد وەرگرتووە

**رووداو: گۆرانییەکانـت لـە سـتۆدیۆکانی کوردستان تۆمار کردووە یان سوێد؟**

**پەیوەند:** دوو گۆرانیم لە ستۆدیۆکانی سوێد تۆمـار کـردووە کە هونەرمەندی خۆشەویسـت کاکـە دیدەن ئامـادەی کـردووە. هەندێکیم لە کوردسـتان ئامادەکـردوون، ریکـۆردی دەنگی بەشێکیان لە ستۆدیۆکەی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر کراون.

**رووداو: ناوی ئەلبوومەکە چییە؟**

**پەیوەند:** ئەلبوومەکەم ناوناوە بۆ گوڵێ کە ناوی یەکێک لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبوومەکەیە. دەمەوێـت لەڕێگەی ئێوەوە ئامـاژە بەوە بکەم کە یەکێک لە گۆرانییەکان لە ئاوازی هەڵکەوت زاهیرە و لە تێکسـتی شـاعیری ناودار شێرکۆ بێکەسـە، تێیدا شـاعیر باسـی خۆی دەکات، هونەرمەند هێمن حوسـێن کاری دابەشـکردنی میوزیکی بۆ کردووە. میوزیکی ئەم گۆرانییەش لە ئێران ئامادەکراوە.

**رووداو: هیچ ئاوازێکی بیانی تێدایە؟**

**پەیوەنـد:** بەڵـێ یەکێک لـە تراکەکانی نێو ئەلبوومەکە ئاوازێکی وەرگیراوە، بەڵام نووسراوە کە ئەم گۆرانییە لە کوێوە هاتووە.

**رووداو: بەشێک لە هونەرمەندانی کوردستان ئێسـتا بەشـێوەی ئۆنلایـن ئەلبوومەکانیـان بڵاودەکەنەوە، هەوڵت نـەداوە لەڕێی ئایتونز و بەرنامەکانی دیکە، ئەلبوومەکە بڵاویکەیتەوە؟**

**پەیوەنـد:** بەڵێ بیـرم لـەوە کردووەتەوە و ئێسـتا بەجدی سـەرقاڵی ئەم کارەم، هەڵبەتە هەنـدێ لـە هاوڕێکانـم کـە لـەم بـوارە زۆر شـارەزان دەمێکـە کاری بۆ دەکـەن، لە رووی داهاتیشەوە سوودی بۆ هونەرمەندەکە دەبێت. مـن یەکەمجارمە لەڕێگـەی ئۆنلاینەوە ئەلبووم بڵاوبکەمەوە، بۆ ئەوەی ماندووبوون و پارەکەشم بەفیرۆ نەڕوات.

**رووداو: ئێسـتا بەشـێک لـە هونەرمەندانی کوردسـتان میوزیکـی کـوردی تێکەڵکێشـی میوزیکی پۆپ و جاز و رۆک دەکەن، تا چەند ئـەم جۆرە سـتایلانە بە قازانجـی هونەری کـوردی دەشـکێتەوە؟ لـە ئەلبوومەکـەی ئەمجارەشـتدا ئـەم تێکەڵکێشـە بـەدی دەکرێت؟**

**پەیوەند:** من لەم ئەلبوومەدا بەو شێوازە زەقە نەمکـردووە، تەنیا گۆرانییەکی تێدایە کـە بـە زمانی فارسـی گوتـراوە و تەمەنی زیاتر لە 50 سـاڵە، بەڵام بـەڕای من گرنگ ئەوەیـە هـەر گۆرانییـەک و سـتایلێک کە دەیلێێت گۆڕانکاری و جوانکاری تێدا بکەی. هەوڵبدەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکە باس بکەی کە لـە کوێـوە هاتـووە، هەڵبەتـە هەندێ گۆرانـی هەیـە لە زمـان و ئەدەبـی کوردی نزیکترە، وەکو گۆرانی و میوزیکی فارسی لە عەرەبی، بۆیە من لەم ئەلبوومەدا ئەو جۆرە ستایلانەشـم گوتـووە، من هەنـدێ گۆرانیم هەیـە کە بەشـێوازی ئەوروپی کردوومە زۆر زوو بـە گوێی ئەوروپییەکان ئاشـنا دەبێت، بۆیـە گرنگە ئەو جۆرە سـتایلانەش لە نێو میوزیـک و گۆرانـی کوردی هەبێـت، بەڵام گرنگ ئەوەیە مۆرکە کوردییەکەی ون نەکات.

**رووداو: چۆن دەڕوانییە ئەو گۆرانیبێژانەی ئێسـتا دەردەکەون و لەم جۆرە ستایلە کار دەکەن؟**

**پەیوەنـد:** بەداخـەوە بەشـێک لـەو گۆرانیبێـژە تازانە ئەوەنـدی کار بۆ ناوبانگ دەکـەن، هێنـدە کار بۆ هونەرەکـە ناکەن، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا گۆرانیبێژی گەنجی بەتواناشـمان هەیە، گۆرانیبێژەکان ئێسـتا تەکنەلۆژیـا و هەلی زیاتریان لەبەردەسـتە. لەگەڵ زەمانی ئێمە زۆر زۆر جیاوازە، ئێستا هەموو شـتێک لەبەردەسـتە و دەتوانیت لە ماڵەکـەی خۆت گۆرانییـەکان تۆمار بکەی، بۆیـە دەتوانـن کاری جوانتـر و ئەکادیمـی پێشکەش بکەن.

### خانمە گۆرانیبێژ دینا بۆ (رووداو):

# بەبێ هەڵکەوت زاهیر کار ناکەم



بـە نوێتریـن قوتابـی هەڵکـەوت زاهیر دەناسـرێت، ئەلبوومێکی گۆرانی لە ماوەی رابردوودا بڵاوکردەوە، ئێستاش کار بۆ چەند بەرهەمێکی سـینگڵ دەکات، دینا کە دانیشتووی شاری هەولێرە، بە چەند کلیپێک وەک زۆربەی کچەکانی دیکە بە ئاسانی ناسرا، ئەو دەڵێت هەموو کارەکان و سەرکەوتنەکانی بەهۆی هەڵکەوت زاهیرەوەیە و بەبێ ئەو بەردەوام نابێت. دینا لـە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا وەڵامی پرسـیارەکانی (رووداو)ی دایەوە.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**رووداو – هەولێر**

ئێستا کار بۆ چەند بەرهەمێکی نوێ دەکەم

**رووداو: ئەلبوومێکی گۆرانیت بڵاوکردەوە، پێشوازی خەڵکی لە ئەلبوومەکە چۆن بوو؟**

**دینـا:** زۆر باش بـوو، دڵخۆش بووم بەو پێشوازییەی لە ئەلبوومەکەم کرا، سوپاسی هەمـوو هەوادارانـم دەکـەم و هیـوادارم کارەکانیان بەدڵ بووبێت.

**رووداو: پێتوانەبـوو زۆر زوو بـوو بـۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی گۆرانی؟**

**دینـا:** نەخێر، ئەلبووم وەک ناسـنامەی گۆرانیبێـژ وایـە، تۆ لە هەر شـوێنێک کە لێت بپرسن تۆ کێی؟ ناسنامەکەتی نیشان دەدەی، هونەرمەنـد دەبێـت ئەلبوومەکەی نیشـانبدات، بۆیە هەر هونەرمەندێک ئەگەر بڕیاری دا لـە کاری هونەری بەردەوام بێت و هونـەر بکات، دەبێت بیر لە بڵاوکردنەوە و ئامادەکردنی ئەلبوومی گۆرانی بکاتەوە.

**رووداو: چۆنـە هەمـوو کارەکان لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە کراون؟**

**دینا:** ئەگەر ئـەو نەبێت من ناتوانم کار بکەم، مامۆستا هەڵکەوت زاهیر زۆر زیرەک و پرۆفیشـناڵانە کار دەکات. لـە پشـتی هەمـوو سـەرکەوتن و کارەکانی منەوە ئەو هەیـە، مـن زۆر دڵخۆشـم کە لەگـەڵ ئەو کار دەکەم، بڕیاریشـم داوە لەگـــەڵ ئەو بەردەوام بـــم.

**رووداو: لـە چەنـد ئاهەنگێکـی تایبەتـدا گۆرانیت گوتووە، بەنیاز نیت کۆنسێرت بکەی؟**

**دینا:** حەزم لە کۆنسـێرتە، مەبەسـتمە لە نزیکەوە لەگەڵ هەوادارانم ئاشنا بم و گۆرانییان بۆ بڵێم، بەڵام بۆ ئەنجامدانی کۆنسێرتی گەورە پێموابێ جـارێ زووە، هەوڵ دەدەم زیاتر کار بکەم، ئینجا بیر لە کۆنسێرتیش دەکەمەوە.

**رووداو: لـە چەند ئاهەنگێکـی تایبەت لەم دواییـەدا گۆرانیـت بە زمانـی عەرەبی گوت، حەزت لە گۆرانیی عەرەبییە؟**



**دینا:** من هەر لە منداڵییەوە گوێ لە گۆرانیی عەرەبـی دەگرم، بـە زۆر هونەرمەندی عەرەب سەرسـامم، گۆرانی عەرەبیشم تۆمارکردوون و کلیپیان دەکەم.

**رووداو: کاردانـەوەی خەڵکـی چۆن بوو بۆ گۆرانیی عەرەبی؟**

**دینـا:** خەڵکـی ئێـرەش حەز بـە گۆرانیی عەرەبـی دەکـەن، دواتـر ئەگەر بیـر لەوەش بکەینـەوە بچینە دونیای میوزیـک و هونەری عەرەبـی خراپ نییە، من بیر لەوە دەکەمەوە، بۆیە گۆرانیی عەرەبی دەڵێم.

**رووداو: لـە سۆشـیالمیدیا زۆر نزیکـی لە خەڵک، رۆژانە وێنـە و ڤیدیۆ بڵاودەکەیتەوە، کاردانەوەی هەوادارانت بۆ چالاکییەکان چۆنە؟**

**دینـا:** بەڵـێ حـەزم لـە سـناپ چـات و ئینسـتاگرامە، رۆژانە بەکاریاندەهێنم و لەگەڵ هەوادارانم نامە دەگۆڕمەوە.

لە سۆشیال میدیا لە هەوادارانم زۆر نزیکم

**رووداو: لە ئینستاگرام داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیریت لێناکەن؟**

**دینا:** بێگومان، ئەو جۆرە نامانە بۆ هەموو کچێک یان کوڕێک دێن کە دەربکەون، ئاسایی وەریاندەگرم و بە سوپاس بۆ خۆشەویستییان، یان بەڕێزەوە وەڵامیان دەدەمەوە.

**رووداو: لـە رەمەزانـدا بـە لەچکەوە گۆرانیت گوت، ئەمە تا چەند لە کەسـایەتیی خۆت نزیک بوو؟**

**دینا:** هەموو رەمەزانێک رۆژووم گرتـووە و هەمـوو رەمەزانێکیش لەچکـم لەسـەر کـردووە، بەدڵنیاییـەوە هیچ کارێـک ناکەم ئەگەر لە کەسایەتی خۆمەوە نزیک نەبێت.

**رووداو: لـە داهاتوویەکـی نزیکدا ئەلبوومی دیکەت دەبێت؟**

**دینا:** بەڵێ بۆ نا، ئێسـتا چەند بەرهەمێکـی سـینگڵ ئامـادە دەکەین، ئـەم بەرهەمانە دواتر دەبنـە ئەلبوومێکـی گۆرانی، هیـوادارم باشـترین بەرهەم پێشکەشی خەڵکی بکەین.

ئەوانەی داوای هاوسەرگیرم لێدەکەن بەڕێزەوە وەڵامیان دەدەمەوە

ئەلبوومەکەم پێشوازی زۆر باشی لێکرا

ئەلبووم وەک ناسنامەی هونەرمەند وایە

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە (514) - دووشەممە 2018/7/23



## 30 کۆچبەر لە کەناراوەکانی قوبرس دەخنکێن

**ڕووداو – هەولێر**

کەشتییەک بە 150 کۆچبەری سوورییەوە لە کەناراوەکانی قوبرسی باکوور نقووم بوو، بەهۆیەوە 30 سەرنشین خنکان.

میدیاکانی تورکیا بڵاویانکردەوە، کەشتییەک بە 150 کۆچبەرەوە لە کەناراوەکانی کارپاز، لە قوبرسی باکوور نقووم بوو. بەپێی ڕوونکردنەوەی تیمەکانی فریاکەوتنی کەناراوەکانی تورکیا، ئەوان توانیویانە 103 کۆچبەر لەمردن ڕزگار بکەن و لە پرۆسەی ڕزگارکردنەکەیشدا هەلیکۆپتەریان بەکارهێناوە.

بورهانەدین کۆچمار، سەرۆکی شارەوانیی مێرسین بە میدیاکانی گوتووە "ژمارەی ئەو کەسانەی لە ڕووداوەکەدا خنکاون، گەیشتووەتە 30 کەس". دەگوترێ کۆچبەرەکان هێلەگی دژی نقوومبوونیان لەبەرنەبووە، لەنێو کەشتییەکەشدا تەنیا یەک ژن و منداڵ هەبوون، ژنەکە دووگیان بووە و یەکێکە لەو کەسانەی نقووم بووە.

BIG STORY

# ملیۆنێرێکی کورد دەیەوێ کوردستانی فەرەنسا دروستبکات

## ئاپۆ مێردینی: کە هاتمە پاریس، سەرمایەکەم پانتۆڵێک و دوو کراس بوو

لە یەختێکی گەشتیاریداین و لەنێو ڕووبارەوە سەیری کۆشکە مێژوویی و مەزنەکانی نێو پاریس دەکەین. بەدەنگێکی ئومێدەوارانە و دڵنیاوە دەڵێت: "دەمەوێ کوردی فەرەنسا لە یەک شوێن کۆبکەمەوە. ئەوکات دەتوانین خۆمان خۆمان بەڕێوەببەین و قسەمان بڕوات".. ئەو کەسەی ئەو قسانە دەکات، سەرەتای ساڵانی هەشتا، بە دڵێکی شکاو و گیرفانێکی بەتاڵەوە گوندەکەی خۆیانی لە دەوروبەری مێردین بەجێهێشتووە و هاتووەتە پاریس. ئاپۆ ماردینی یەکەمین کورد بووە کە لە فەرەنسا بووەتە ملیۆنێر، بەڵام وەک ئەو بۆ (ڕووداو) باسی دەکات، چیرۆکی گەورەبوونی پڕە لە زەحمەتکێشان و دەرکردن لە کار و هەڵبەز و دابەز.

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو - پاریس**



ئاپۆ مێردینی تەنیا هاوکاریی ئەو قوتابییە کوردانە دەکات کە لە بواری پزیشکی و ئەندازیاری دەخوێنن (فۆتۆ: ڕووداو)

ئاپۆ زوو زوو نموونە بە قسەکانی باوکی دەهێنێتەوە کە بەلای ئەوەوە پڕن لە حیکمەت. باوکێکی نەخوێندەوار کە لە سەربازی فێری خوێندنەوە و نووسین بووە. باوکێک کە زۆر حەزی لە دەنگی پڕ لە حوزنی دەنگبێژ (خەراپێتێ خاچۆ) بووە و کوژرانەکەشی حوزنێکی قووڵی لەدڵی ئاپۆدا دروستکردووە: "باوکم پیاوێکی زەحمەتکێش و مەزن بوو. لەسەرەتای نەوەتەکان شەهیدیان کرد و یەکێکە لەو کەسانەی بکوژیان نادیارە. دایکیشم بەماوەیەکی کەم لەدوای ئەو، لەداخان مرد". دیوی ناوەوەی ئەو ئاپۆیەی جلی مارکەی گرانبەهای لەبەرە و لە یەکێک لە جوانترین شارەکانی جیهان ژیانێکی ملیۆنێرانە بەسەردەبات، پڕە لە چیرۆکی خەمگین. سەرەتای هەشتاکان لەسەر کتێبێکی کوردی لە تورکیا دەیخەنە زیندان. پاش دەرچوونیشی بەهۆی کاری سیاسییەوە لەژێر گوشاردا دەبێ و ناچار لە کوردستان دەردەچێ. ئەو دەڵێ ئەو ڕۆژەی گەیشتووەتە پاریس، جگە لەو پانتۆڵ و کراسەی لەبەری بووە، کراسێکی زیادەشی پێبووە: "ئەمە هەموو سەرمایەی من بوو و قەتیش بەخەیاڵمدا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پاریس دەوڵەمەند ببم".

### نیو مووچە

ئاپۆ زۆر شانازی بەوەوە دەکات کە قەت پارەی سۆسیالی وەرنەگرتووە و هەمیشە کاریکردووە. ئەو دەڵێ یەکەمجار کە دەستی بە ئیش کردووە، بووەتە حەمباڵ لەلای بەرگدروویێکی کورد: "خاوەنکارەکەم پێیگوتم نیوەی مووچەی کارمەندێکی ئاساییت دەدەمێ، چونکە تۆ لە کار نازانیت، منیش بەپێکەنینەوە گوتم: من حەمباڵیت بۆ دەکەم، ئەوە کارزانیی بۆ چییە؟ بەڵام باشە قبوڵمە". سەختکۆشی و ماندوونەناسیی ئاپۆ وادەکات خاوەنکارەکەی زۆر متمانەی پێبکات و وەک خۆی باسیدەکات جارێک جانتایەکی پڕ لە کەرەستەی گرانبەهای بداتە دەست.

### 800 لەفە

ئاپۆ دەڵێت گرنگ نییە مرۆڤ چ کارێک دەکات، گرنگ ئەوەیە هەرچی دەیکات لە هەموو کەس باشتر بیکات. ئەو نموونەیەک دەهێنێتەوە: "ماوەیەک لە ڕێستورانتێک کارمدەکرد کە خاوەنەکەی یۆنانی بوو. لەبیرمە ڕۆژێکی پشوو بەتەنیا 800 لەفەم فرۆشت. خاوەنکارەکەم سەری سوورما و دەیگوت تۆ کەسێکی ئاسایی نیت". پێکەوە لەگەڵ ئاپۆ دەچینەوە ئەو کۆڵانەی ڕێستورانتەکەی لێیە.

ئاپۆ وەک ڕۆژانی گەنجیی ساڵانی هەشتا قۆڵی لێهەڵدەماڵێ و دەچێتە شوێنی لەفەدروستکردن و بە دەستوبردی کۆمەڵێک لەفە دروستدەکات بۆ کڕیاران. ئەو بەشانازییەوە دەڵێت:

"بەوە نییە ژیانی خۆشم بینیوە، ئێستاش دەتوانم لەم دووکانەوە ڕۆژانە 800 لەفە دروستبکەم و بیفرۆشم".

**به حەمباڵی و لەفەفرۆشتن دەستمپێکرد**

### دەرکردن لە کار

ئاپۆ لە ڕێستورانتەکەدا هەواڵی کەسێک دەپرسێ و پێیاندەڵێ زۆر سڵاوی لێبکەن. لێیدەپرسم ئەو کەسە خاوەنی ڕێستورانتەکەیە؟ پێدەکەنێ و دەڵێ: "نا، ئەوە ئەو کەسەیە کە لەسەر ئەو منیان لێرە دەرکرد. ئەگەر ئەو نەبوایە و من دەرنەکرابام، ڕەنگە ئێستاش هەر لێرە خەریکی لەفەفرۆشتن بوومایە". چیرۆکی دەرکردنەکەی ئاپۆ بەوە دەستپێدەکات کە لەسەر کار لەنێوان ئەو و برازای خاوەنکارەکەی ناکۆکی دروستدەبن. خاوەنکار بانگی ئاپۆ دەکات و دەڵێت: "یان تۆ یان برازاکەم، دەبێ یەکێکتان بڕۆن و دەرتانبکەم". ئاپۆ لە قسەکە تێدەگات و دەڕوات. ئەو دەڵێ ئێستاش کە خاوەنکارەکەم دەبینم، لەدوورەوە هاواردەکات: "وەرە شەیتان قاوەیەکمان لەگەڵ بخۆوە، منیش بەپێکەنینەوە وەڵامیدەدەمەوە: ئەو شەیتانە لای خۆت بوو و قەدرت نەزانی". ئاپۆ دەڵێ ئەو دەرکردنەی لە کار دەرگای دەرفەتی نوێ و گەورەتر بیرکردنەوەی بۆ کردووەتەوە.

### لە دەستپێکەوە بەرەو ملیۆنێری

هەشت ساڵ دوای هاتنی بۆ پاریس، ئاپۆ خۆی دەبێتە خاوەنکاری خۆی و بە یەک کرێکارەوە دەست بە نۆژەنکردنەوەی چێشتخانەی ماڵان دەکات. ناویش لە کۆمپانیاکەی دەنێت (دەستپێک). چەند ساڵێک دواتر کارەکەی هێندە پەرەدەستێنێ کە چەند سەت کرێکاری دەبن و هەر ماڵان نا، بەڵکو نەخۆشخانە و باڵەخانە گەورەکان و وێستگەکانی میترۆش نۆژەندەکاتەوە. ئەو دەڵێ لەسەرەتای نەوەتەکاندا، سەرمایەی کۆمپانیاکەی گەیشتووەتە نزیکەی 200 ملیۆن فرانکی فەرەنسی. لەو ڕۆژانەوە تاوەکو ئەمڕۆش هەموو میترۆکانی نێو شاری پاریس لەلایەن کۆمپانیاکەی ئاپۆوە نۆژەندەکرێنەوە. جگە لەوەی کارگەیەکی گەورەی دروستکردنی کورسی و قەنەفە و مێزیش دادەنێ و وەک هاوڕێکانی باسیدەکەن، گەورەترین کارگەی لەجۆری خۆی بووە لە پاریس: "ئەو ساڵانە دەیانگوت تۆ گەورەترین ملیۆنێری کوردی لە فەرەنسا. وایاندەگوت، ئیتر نازانم. ناویشم ئاپۆی ماردینی بوو و خۆش بوو"..

### بکە و مەیڵێ

بەدرێژایی ئەو ساڵانە قەت ئاپۆ لە هیچ میدیایەکی فەرەنسی و کوردیدا دەرنەکەوتووە. خۆی دەڵێت دەوڵەمەندی هونەر نییە و مرۆڤی چ نەدیتکە خۆی بە سەرمایەکەی هەڵدەکێشێ. هاوڕێکانی ئاپۆ باسی ئەوەمان بۆدەکەن کە لەو ساڵانەدا ئاپۆ بەبەردەوامی هەوڵیداوە کرێکاری کورد بدۆزێتەوە و پارەی کۆمپانیاکەی بۆ ماڵباتە کوردەکانی فەرەنسا بچێت. ئاپۆ پشتڕاستیدەکاتەوە و دەڵێ ئێستاش هەر وادەکات. ئەو لە ساڵانی نەوەت و دوو هەزار و دواتریش بەبەردەوامی سپۆنسەریی ماددیی ژمارەیەک قوتابیی کوردی کردووە کە لە زانکۆکانی فەرەنسا خوێندوویانە، بەڵام ئێستا ئەو هاوکارییانەی ڕاگرتووە: "سەیرمکرد دەچن شتی بێکەڵک بۆ ئایندەی کوردستان دەخوێنن و هیچ قازانجێکی وایان نییە بۆ خەڵکی خۆیام. بۆیە بڕیارمداوە بەمزووانە دەست بە هاوکاریی ئەو کەسانە بکەم کە تەنیا لە بواری ئەندازیاری یان پزیشکیدا دەخوێنن".

### پارەکەی پەکەکە

یەکێک لە هاوڕێکانی ئاپۆ کە پارێزەرێکی ناسراوە لە پاریس دەڵێ ئاپۆ هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی بەبێ جیاوازی کردووە. هەرچەندە دۆستی کاک مەسعودە، بەڵام هەرکاتێک مام جەلال یان هەرکەسێکی دیکە هاتبێتە پاریس لەگەڵیان بووە و خزمەتی کردوون. ئاپۆ دەڵێ: "بەخۆشی و بە ڕەزامەندیی خۆم هاوکاریی هەموو لایەنەکانم کردووە، بەڵام ئەگەر هەوڵیاندابێت بەزۆر پارەم لێبستێنن، هەرکەسێک بوبێت و هەرچەندە بەهێزیش بوون، نەیانتوانیوە سەنتێکم لێ بستێنن". بەرپرسێکی پێشووی باڵای پەکەکە بۆی گێڕاینەوە کە کاتی خۆی زۆر هەوڵیان لەگەڵ ئاپۆ داوە پارەیان بۆ بنێرێ و وەک دەوڵەمەندەکانی دیکەی کورد لە ئەورووپا گوشاریان لەسەر دروستکردووە، بەڵام هیچی نەناردووە. ناچار ئەو بەرپرسە خۆی چووەتە لای و لەجیاتی گوشار بە داواکاری داوای پارەی لێکردووە، ئەویش ڕازی بووە بە دوو مەرج پارەیان بداتێ: "یەکەم، بە تورکی قسەنەکەن و دووەمیش، قسە بە بارزانی نەڵێن".

**خاوەنکارەکەم لە ئیش دەریکردم، بەوەش دەرگای ملیۆنێریم بۆ کرایەوە**

### بۆنی عەفرین لە پاریس

لە شەقامێکی قەرەباڵغی پاریس ڕێستورانتێکی ئیتاڵیایی لێیە. ئەوانەی لەوێ کاردەکەن بە شێف و کرێکارەوە ئیتاڵیایین، بەڵام خاوەنەکەی ژنێکی عەفرینیی چوست و چەلەنگە، کە هاوژینی ئاپۆ ماردینییە. ئەو ڕێستورانتەکەی وەک دیاریی جەژنی لەدایکبوونی لە ئاپۆ وەرگرتووە. زەیتوونەکانی نێو ڕێستورانتەکە و ئەو زاراوەیەی خاوەنەکەی پێی دەئاخڤێت، واتلێدەکەن عەفرینت بیربکەوێتەوە. ئاپۆ سەرەتا لە بەڕێوەبردنی ڕێستورانەکەدا هاوکاریی نەسرین خانی هاوژینی کردووە، بەڵام دەڵێ ئێستا ئامادەیە بۆ بەڕێوەبەری. ئەوەی فێری هاوژینەکەشی کردووە ئەوەیە کە بزنس هەڵبەزین و دابەزینە: "جار هەبووە سەری مانگ پارەم نەبووە مووچەی کارمەندەکانم بدەم، بەڵام لەپڕ لە شوێنێکەوە پارەیەک هاتووە کە هەر لە خەیاڵیشمدا نەبووە. بۆیە بەردەوام بە نەسرین دەڵێم: پارە تا نەچێت، نایەت".

**+ وردەکاریی زۆرتر لەسەر ژیانی ئاپۆ ماردینی لە بەرنامەی بیگ ستۆریدا دەبینیت، کە شەوی چوارشەممە، کاژێر 22:05 لە تەلەفزیۆنی ڕووداو پەخشدەکرێت.**

# زانکۆی کالابریای ئیتاڵیا پڕ دەبێ لە کورد

**شوان سدیق**
**ڕووداو– ڕۆما**

ڕێکار پێنج ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ ژمارەیەک گەنجی دیکەی باشووری کوردستان، لە چوارچێوەی پرۆگرامێکدا بە مەبەستی خوێندن رووی لە ئیتاڵیا کرد، ئەوان قۆناغی ئامادەییان بڕیوە و ئێستا بە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا بڵاوبوونەتەوە، زۆربەشیان ڕوویان لە زانکۆی کالابریا کردووە، بەڵام دوودڵن لەوەی درێژە بە خوێندنەکەیان بدەن یان بگەڕێنەوە بۆ کوردستان.

قوتابییەکان کە ژمارەیان 40 قوتابییە، پێشتر بەپێی ڕێککەوتنی حکومەتی ئیتاڵیا و هەرێمی کوردستان ڕوویان لە ئیتاڵیا کردووە. ناوەندێک لە ئیتاڵیا بەناوی "ئیسکاپی" سەرپەرشتی قوتابییەکان دەکات. ئەوان بە مەبەستی خوێندن لە بواری کشتوکاڵ و گەشتوگوزار ڕوویان لە قوتابخانەکانی هەرێمی کالابریای ئیتاڵیا کردبوو. ئەو قوتابیانە لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا ڕووبەڕووی زەحمەتی زۆر بوونەوە، بەڵام توانیان قۆناغی ئامادەیی بە سەرکەوتوویی ببڕن و بگەنە زانکۆ.

قوتابییەکان لەناوەڕاستی مانگی ئایاری 2013 وە ڕەوانەی ئیتاڵیا کراون، لە سێ ناوچەی جیاواز لە نزیک شاری کۆسینزای سەر بە هەرێمی کالابریا نیشتەجێ کراون. خەرجی و شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینکراوە، بەڵام پێنج ساڵ ژیان لە ناوچەیەکی بچووک کە هەر وەکو گوند وایە، ئەوانی بێزار و بێتاقەت کردووە، لەگەڵ ئەوەش توانیویانە بەهەر جۆرێک بێ ئەو پێنج ساڵە بخوێنن و ئاستی زانستییان بۆ زانکۆ و پلە باڵاکانی دیکەی خوێندن بەرز بکەنەوە. ئەگەر زانکۆش تەواو نەکەن، پێشوەختە لەبوارێکدا خوێندوویانە دەتوانن پیشەییانە کار بکەن.

ڕێکار محەممەد، کاتێک لە سلێمانییەوە رووی لە ئیتاڵیا کرد، تەمەنی 18 ساڵان بوو، دوای پێنج ساڵ مانەوە ئێستا بە زمانی ئیتاڵی قسە دەکات. ئەو دەڵێت: "گەیشتن بەم قۆناغە کارێکی ئاسان نییە. ئەو پێنج ساڵە لێرە، بەهۆی دووری لە کەسوکار زەحمەتێکی زۆرمان چەشت، چونکە کێشەی سەرەکی ئێمە کەمئەزموونی بوو، پاشان خوێندنیشمان لە دەرەوەی شار تەواو کرد و تێکەڵبوونمان لەگەڵ کۆمەڵگای ئیتاڵی قورس بوو، بێگومان ئەوەش ناخۆشە".

ئەو کە ئێستا لە زانکۆی کالابریا ناوی گەڕاوەتەوە، چاوەڕێ دەکات دەرگای زانکۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندنەکەی بدات. لەگەڵ ئەویش بەشێکی زۆر لەو قوتابیانە کە ناویان تۆمار کردووە لە زانکۆ، ناویان گەڕاوەتەوە، حکومەتی ئەو وڵاتەش پابەندە بەجێبەجێکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزرای بۆیان تا کۆتایی خوێندنی زانکۆ.

لە زانکۆی کالابریا، ئەو کۆلیژانەی کە قوتابیانی کورد ناویان تێدا تۆمارکردووە، زۆرتر بەشەکانی دەرمانسازی، بیناسازی، هونەر و زانستە سیاسییەکان و چەند بوارێکی دیکەن. لەسەر ئاستی ئیتاڵیا ئەمە یەکەمجارە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە وەردەگیرێن.

قوتابییەکان بڕیاریانداوە بەر لە دەستپێکردنەوەی وەرزی خوێندن بگەڕێنەوە کوردستان، بەڵام هەندێک لەو قوتابیانەی کە لە چوارچێوەی پرۆگرامە هاوبەشەکەی وەزارەتی پەروەردە و حکومەتی ئیتاڵیا لە ئامادەییەکانی ئیتاڵیا دەیانخوێند، هەر لە ئێستاوە نەخشیان بۆ ئایندەی خۆیان کێشاوە و دەڵێن حکومەتی هەرێمی کوردستان دایاننامەزرێنێ، بۆیە چیدی خەرجی لە خوێندن ناکەن و ئەوەی لە ئیتاڵیا فێری بوون، لەمەودوا لە کوردستان مومارەسەی دەکەن.

ئەو قوتابیانە لەسەر ئەو بنەمایە هێنرابوون کە لە ئیتاڵیا بەشێوەیەکی زانستی فێری پیشەیەک بکرێن، ئەوان لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا لە بواری کشتوکاڵ، دارتاشی و گەشتوگوزار خوێندوویانە. ئەوان چاویان لەوەیە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان سوود لە ئەزموونی پێنج ساڵەیان لە ئیتاڵیا وەربگرێ.

زانکۆی کالابریا سەر بە پارێزگای کۆسینازایە و کەوتووەتە سەنتەری شارۆچکەی ریندە، زانکۆکە کە حکومییە، لە ساڵی 1972 دامەزراوە و یەکێکە لە زانکۆ باشەکانی هەرێمی کالابریای ئیتالیا.

لە ئیتاڵیا زۆرتر گرنگی بە خوێندنی تەندروستی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار دەدرێ، ساڵانە چەندین قوتابی لە وڵاتانی جیهانەوە روو لە زانکۆکانی ئیتاڵیا دەکەن.

چالاک کۆیی کە قوتابییەکی کوردە و پێنج ساڵ لە بواری کشتوکاڵ لە ئیتاڵیا خوێندوویەتی، دەڵێت زانیارییەکی باشی لە بواری کشتوکاڵ وەرگرتووە، بەڵام لەو باوەڕەدا نییە لە کوردستان سوود لە ئەزموونەکەی وەربگیرێ. ئەو دەڵێت: "ئێمە پێنج ساڵ لە ئیتاڵیا سەرباری کەموکوڕییەکان، بەڵام ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان داوە، هیوادارین حکومەت و کەرتی تایبەت لە کوردستان سوود لە ئەزموونی ئێمە وەربگرێ".

چالاک ناوی لە کۆلیژی دەرمانسازی گەڕاوەتەوە، بەڵام دوودڵە لەوەی لە ئیتاڵیا درێژە بە خوێندنەکەی بدات یان بگەڕێتەوە کوردستان لە بوارەکەی خۆی کار بکات. چالاک دەڵێت: "پێش ئەوەی بێین بۆ ئیتاڵیا بەڵێنیان پێدابین کە گەڕاینەوە لە بوارەکەی خۆمان کاربکەین، بەڵام بارودۆخی کوردستان زۆر گۆڕاوە و باری ئابووری خراپە، بۆیە لەو باوەڕەدانین لە کوردستان کارمان دەستبکەوێ".




زانکۆی کالابریا لە ساڵی 1972 دامەزراوە و یەکێکە لە زانکۆ باشەکانی هەرێمی کالابریای ئیتالیا



## لە سلێمانی کچێکی عەرەب خۆی خنکاند

**ڕووداو- سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، ڕۆژی 2018/7/20 کچێکی تەمەن 13 ساڵ لە ماڵی خۆیان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. کچەکە ناوی (ن، ا، ج)ە لەدایکبووی ساڵی 2005 بووە، لە خێزانێکی ئاوارەی عەرەبن و دانیشتووی گەڕەکی ئابڵاخن لەناو شاری سلێمانی. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەڵێت "بەپێی زانیارییەکان کچەکە بە پەت خۆی خنکاندووە". دوای گەیشتنی هێزەکانی پۆلیس و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگە و تاوان، تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادی سلێمانی کراوە. لەلایەن بنکەی پۆلیسی ڕزگاری پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە.



ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستان:

# ئافرەت و کچی ئێزدی بە سەرمایەدارانی کەنداو فرۆشراون

**پەکەکە بەردەوامە لە چەکدارکردنی منداڵان**

**کچانی ئاوارە لە بەرامبەر چوونە دەرەوە لە کەمپ داوای سێکسیان لێکراوە**

عێراق بە تەواوەتی نەیتوانیوە نزمترین پێوەرەکانی "نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ" بەدی بهێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

بازرگانیکردن بە مرۆڤ، یان کۆیلایەتی سەردەمی مۆدێرن، دیاردەیەکە هیچ وڵاتێک تۆمارێکی تەواو خاوێنی تێیدا نییە و وەکو دیاردەیەکی جیهانی لێهاتووە. ئەم دیاردەیە وەکو پێشێلکردنی "کەرامەت و ئازادیی بڕیاردان"ی مرۆڤەکان سەیر دەکرێ و لە هەمانکاتدا هەڕەشەی گەورەش لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتان و سەقامگیریی بازاڕەکان دروستدەکات و ڕێگە بۆ گروپ و میلیشیاکان خۆش دەکات ژمارەی چەکدارانی خۆیان زۆر بکەن. هەر ئەو مەترسییانەش وا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن هەموو ساڵێک ڕاپۆرتێک لەسەر ئەو دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهان بڵاوبکاتەوە. لێرەدا پوختەیەک لەو بەشە دەخەینەڕوو کە تایبەتە بە عێراق.

●●●

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگوێرەی هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ، وڵاتانی جیهان بەسەر سێ ئاستی سەرەکیدا دابەش دەکات. ئاستی یەکەم ئەو وڵاتانەن کە بە تەواوەتی خۆیان لەگەڵ نزمترین پێوەرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە گونجاندووە. ئاستی دووەم ئەو وڵاتانەن کە

**حکومەتی عێراق نەیتوانیوە لەوانە بپرسێتەوە کە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن**

بە تەواوەتی لەگەڵ نزمترین پێوەرەکاندا نەگونجاون، بەڵام هەوڵی پێویستیان بۆ ئەو مەبەستە تێدا بەدی دەکرێ. ئاستی سێیەمی ناو لیستی چاودێریش ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە بە تەواوەتی لەگەڵ نزمترین پێوەرەکاندا نەگونجاون و هەوڵەکانی حکومەتیش تێیاندا بەردەوامە، بەڵام بازرگانیکردن بە مرۆڤ تێیاندا بەردەوام لە زۆربووندایە. لە ڕاپۆرتی 2017ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، عێراق لە "ئاستی دووەمی ناو لیستی چاودێری". دانراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، عێراق بە تەواوەتی نەیتوانیوە نزمترین پێوەرەکانی "نەهێشتنی بازرگانیکردن بە مرۆڤ" بەدی بهێنێ، هەرچەندە هەوڵی گرنگیشی لەو ڕووەوە داوە. لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی 2018ی وەزارەتی دەرەوەدا، حکومەتی بەغدا لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتری بازرگانانی مرۆڤ و ئەو بەرپرسانەدا کردووە کە دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووە، هەروەها بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوو ژمارەیەکی زیاتری قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤیشی دەستنیشان کردووە، جیا لەمە حکومەتی عێراق لیژنەیەکی پێکهێناوە کە لە نێوان وەزارەتەکاندا کار بۆ چاودێری، هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەی منداڵان لە شەڕی چەکداری عێراقدا دەکات.

بەم حاڵەشەوە عێراق بۆ دووەم ساڵ لەسەر یەک لە "ئاستی دووەمی لیستی چاودێری"دا دەمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی ڕاپۆرتەکە گەشەی بە خۆیەوە نەبینیوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا گروپە میلیشیاییەکانی حەشدی شەعبی تۆمەتبار کراون بەوەی منداڵانیان چەکدار کردووە، ڕاپۆرتەکەی حکومەتی ئەمریکاش جەخت لەوە دەکاتەوە کە "لە ساڵی 2017 دا عێراق لەو تۆمەتانەی نەکۆڵیوەتەوە، حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستاش قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ سزا دەدات، لەسەر کۆمەڵێک سزا کە خۆی دەرئەنجامی ئەوەیە ئەو کەسانە بازرگانییان پێکراوە، لەوانەش چەکدارکردنی منداڵان، لەشفرۆشی و پێشێلکاری لەبواری کۆچبەریدا".

### لێپرسینەوە لە تاوانباران

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ دەرکردن و جێبەجێکردنی یاسا لەو بوارەدا زیادی کردووە "بەڵام نەیتوانیوە لێپرسینەوەی یاسایی لەگەڵ ئەو بەرپرسانەدا بکات کە لە بازرگانیکردن بە مرۆڤدا تێوەگلاون و بڕیاریان لەسەر بدات". واتە ئەوانەی لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ بۆ مەبەستی سێکس و چەکدارکردنی منداڵان دەستیان هەبووە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، یاسای 2012ی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ هەندێک لە شێوەکانی بازرگانی بە مرۆڤ وەکو هێزی کار یان بۆ مەبەستی سێکس بە تاوان لەقەڵەم دەدات. بەڵام بۆ ئەوەی بسەلمێنرێ تاوانی بازرگانیکردن بە منداڵ بەمەبەستی سێکس ڕوویداوە، یاسا عێراقییەکە (بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان) داوا دەکات بەڵگەی سەلمێنەر هەبێت کە "هێز و ساختەکاری و گوشار" بەکارهێنراوە، هەروەها بۆ ئەوەی کەسێک وەکو قوربانیی بازرگانی بە مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، یاساکە بە پێویستی دەزانێ کڕین و فرۆشتن بە کەسەکە کرابێ.

یاسای سزاکانی عێراق سزای 10 ساڵ بەندکردنی بۆ ئەوانە داناوە کە بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکەن. ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوە پێیوایە ئەو سزایە بەپێی پێویست سەختە بۆ ئەوەی ڕێگە لە ڕوودانەوەی تاوانەکە لەداهاتوودا بگرێ، بەڵام بەراورد بەو سزایەی بۆ دەستدرێژیی سێکسی دانراوە، کەمە. هەروەها یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ سزای 10 ساڵ بەندکران و 10 ملیۆن دینار سزای دارایی بۆ ئەو جۆرە لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ دادەنێ کە قوربانییەکەی پیاوە، ئەگەریش قوربانییەکە ئافرەتی پێگەیشتوو یان منداڵ بێ، بەندکردنی هەتاهەتایی و 25 ملیۆن دینار سزای بۆ دانراوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە ئەو سزایانە بەپێی پێویست سەختن و لەڕووی ڕێژەوە لەگەڵ تاوانەکانی دیکەی وەکو دەستدرێژی سێکسی

**حکومەتی عێراق نەیتوانیوە ڕێگە لە چەکدارکردنی منداڵان بگرێ**

دەگونجێن، بەڵام یاسای کاری عێراق لەگەڵ یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ ناگونجێ، لەبەر ئەوەی تەنیا سزای دارایی و شەش مانگ بەندکردن بۆ تاوانباران دادەنێ.

جیا لەمە حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستاش ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە

**لە کوردستان 58 کەس بە تۆمەتی دەستدرێژی بۆ سەر بیانی دادگایی کراون**

مرۆڤی نییە، هەر ئەمەش ڕێگرە لەوەی حکومەت بتوانێ یاساکە جێبەجێ بکات، بازرگانەکان بهێنێتە دادگا و قوربانیان بپارێزێ.

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان "یاسایەکی تایبەتی نییە بەهۆیەوە هەموو شێوەکانی بازرگانی بە مرۆڤ قەدەغە بکات و یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤی عێراقیش لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێ".

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەپێی ڕاپۆرتی حکومەتی عێراق ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی 2017دا لێکۆڵینەوە لە 266 کەیس کراوە کە گومان دەکرا پەیوەندییان بە بازرگانی بە مرۆڤەوە هەبووبێ. لە ساڵی 2016 دا ژمارەی کەیسی لەو جۆرە 314 کەیس بووە. وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاندووە لەو 266 کەیسە 40 یان پەیوەندییان بەهێزی کاری زۆرەملێوە هەبووە، 68 دانەشیان پەیوەندییان بە بازرگانی بە مرۆڤەوە بۆ مەبەستی سێکس هەبووە و 158 کەیسیشیان هیچ پەیوەندییان بە تاوانی بازرگانی بە مرۆڤەوە نەبووە.

لە ساڵی 2017 وەزارەتی ناوخۆ لێپرسینەوەی لەگەڵ 68 کەس کردووە کە تۆمەتی بازرگانی بە مرۆڤیان لەسەر بووە و بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ سزای بۆ 22 کەس بڕیوەتەوە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق لێکۆڵینەوەی لەگەڵ 48 کەسی دیکەش کردووە کە تۆمەتبارن بەوەی کاریان بە قوربانیانی بازرگانیکردنی سێکس کردووە، 10 کەسیشیان لە چوارچێوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤدا سزادراون. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی 2016دا تەنیا 16 حاڵەتی لێپرسینەوەی یاسایی و سزادانی ئەو جۆرە تاوانانە هەبووە، بەو پێیەش ژمارەکە لە ساڵی 2017دا زۆربوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە کە ئەوان لێکۆڵینەوەی یاساییان لە 58 کەیسی جۆرە جیاوازەکانی دەستدرێژی بۆ سەر کرێکارە بیانییەکاندا بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام هیچ زانیارییەکی لەبارەی دادگاییکردن یان بڕیاردان لەسەر هیچ بازرگانێک بە مرۆڤ، نەخستووەتەڕوو.

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت لە ڕاپۆرتەکانی حکومەتی عێراقدا هەوڵ بۆ دادگاییکردن یان حوکمدانی ئەو بەرپرسانە بەدی ناکرێ کە دەستیان لەو تاوانەدا هەیە، هیچ هەوڵێکی حکومیش بۆ لێکۆڵینەوە لە مەلهاکان لەئاردا نییە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە شوێنی ڕاگرتنی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ بۆ مەبەستی سێکسیان دەزانن.

### پاراستنی قوربانیان

حکومەتی بەغدا بە تیمی ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە کە ساڵی ڕابردوو، 41 قوربانی بازرگانیکردن بە مرۆڤیان دەستنیشان کردووە، لەو ژمارەیە حەوتیان منداڵ بوون، 22 کەسیان ئافرەت بوون کە هەندێکیان بۆ مەبەستی کار و هەندێکیان بۆ مەبەستی سێکس بازرگانییان پێوە کراوە و 12 کەسەکەی دیکەشیان پیاو بوون. لە ساڵی 2016دا حکومەتی عێراق هیچ قوربانییەکی ئەو تاوانەی دەستنیشان نەکردبوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لەو 41 کەسە، وەزارەتی ناوخۆی عێراق تەنیا پێنج منداڵیانی ڕەوانەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە، دیار نییە قوربانییەکانی دیکە بۆ هاوکاری ڕەوانەی شوێنێک کرابن یان نا.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە یەکێک لە کەموکوڕییەکانی حکومەتی عێراق بۆ دەستنیشانکردنی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ ئەوەیە کە ئەرکی دەستنیشانکردن و یەکلاکردنەوەی قوربانیان خراوەتە ئەستۆی دادوەرەکان، ئەمەش پێویستی بە شایەتیدانی قوربانیانە لەبەردەم دادگادا. بەڵام زۆرینەی قوربانیان لەترسی تۆڵەکردنەوە ناوێرن لە دادگاکاندا ئامادەبن. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە حکومەت هیچ ڕێنماییەکی بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بە دەستنیشانکردنی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ نییە.

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە قوربانیانی بازرگانیکردنی بە مرۆڤ تاوەکو ئێستا هەڕەشەی دەستگیرکردن، بەندکران و دیپۆرتکردنەوەیان لەسەرە.

پێویستە لە هەموو یاسایەکی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ بڕگەیەکیش بۆ پاراستنی قوربانیان هەبێ، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، حکومەتی عێراق "خزمەتگوزارییەکی سنووورداری پاراستن". پێشکەش

**18%ی کرێکارانی بیانی لە کوردستان توندوتیژیان بەرامبەر کراوە**

بە قوربانیانی هەموو جۆرەکانی بازرگانی بە مرۆڤ دەکەن و ئاستی خزمەتگوزاری و چاودێرییەکانیش بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێ.

ساڵی 2016 حکومەتی عێراق لەبەر هۆکاری ئەمنی شێڵتەری پاراستنی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤی داخست، ئەو شێڵتەرە کە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە بەڕێوەدەبردرێ، لە ئابی 2017 سەرلەنوێ کرایەوە و 15 ستافی مەشقپێکراوی بۆ دابینکرا، بەڵام هەتا کۆتایی 2017ش هیچ قوربانییەک ڕووی تێنەکردبوو.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی عێراق بە ئامادەکارانی ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە کە خزمەتگوزاری چاودێرییان پێشکەش بە 25 منداڵ کردووە لەوانەی خێزانەکانیان پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووە، بەڵام وەزارەتە عێراقییەکە نە ئاماژەی بە جۆری خزمەتگوزارییەکە کردووە و نە هیچ ئاماژەیەکیش هەیە کە حکومەت سندوق یان پرۆگرامێکی بۆ منداڵە چەکدارەکانی داعش هەبێ.

سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لە هەرێمی کوردستان سێ شێڵتەر بۆ داڵدەدانی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و بازرگانی بە مرۆڤ هەن، بەڵام شوێن و خزمەتگوزارییەکان سنووردارن و شێڵتەرەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانین. قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ داوایان لێدەکرێ یەکەمجار ڕاپۆرتی بازرگانییەکە و تاوانەکانی دیکە بە پۆلیس بدەن، ئەمەش وادەکات نەتوانن هاریکاری لە شێڵتەرەکان وەربگرن.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان پەی بەوە بردووە لەڕووی خزمەتگوزارییەکانی پاراستنەوە کەموکوڕی هەیە، بۆیەش لە ئاداری 2017 لەگەڵ ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر کردنەوەی شێڵتەرێکی نوێ ڕێککەوتن". ئەو شێڵتەرە نوێیەش پشتگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بە قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤ و توندوتیژی ڕەگەزی دەکات. بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسایش، خۆراک، چاودێری تەندروستی و ستافی ئیداری شێڵتەرەکە دابین دەکات".

### ڕێگری لە بازرگانی بە مرۆڤ

بەپێی یاسای عێراق وەرگرتنی کەسانی ژێر تەمەنی 18 ساڵ لە هێزە چەکدارەکانی عێراقدا قەدەغەیە، کە هێزە میلیشیاییەکان و گروپە چەکدارەکانی دیکەش دەگرێتەوە. بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە حکومەتی فیدرال نەیتوانیوە کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر هەندێک گروپی دیاریکراوی ناو حەشدی شەعبیدا هەبێ و ڕێگە لە وەرگرتنی منداڵان لەو گروپانەدا بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە حکومەتی عێراق ڕێگری لەوەش نەکردووە کە میلیشیاکانی باشووری عێراق منداڵان نەبەنە ڕیزەکانیانەوە وکەمپی مەشقی سەربازی بۆ قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی نەکەنەوە، هەرچەند حکومەتی عێراق مووچە بە منداڵە چەکدارەکان نادات.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە هەوڵە هاوبەش و هاوئاهەنگەکانی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەدات بۆ کەمکردنەوەی بازرگانی بە مرۆڤ، حکومەتی عێراق کارکردنی 15 کۆمپانیای هێنانی کرێکاری هەڵپەسارددووە، پێنج کۆمپانیاشی خستووەتە لیستی ڕەشەوە و حەوت کۆمپانیاشی سزا داوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەدا بە تۆمەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کارکردنی 36 کۆمپانیای ڕاگرتووە و سزاشی لەسەر شەش کۆمپانیا داناوە. بەپێی داتاکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی 140 هەزار کرێکار مۆڵەتی گونجاویان نییە.

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 2015 ڕووپێوییەکی بۆ کرێکارانی بیانی لە کوردستان کردووە. دەرکەوتووە 69%ی 480 کرێکاری بیانی کە ڕووپێو کراون مووچەی بڕیاردراویان وەرنەگرتووە و 18%یشیان باسیان لەوە کردووە، خاوەنکارەکانیان توندوتیژیان بەرامبەر کردوون.

### ئاوارەکان ئیستغلال دەکرێن

هێرشەکانی داعش ئەگەری بازرگانی کردن بە ئافرەت و منداڵ لە عێراقیان زیاتر کرد، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆ مەبەستی سێکس بازرگانیان پێوەدەکرێ. بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە زیاتر لە پێنج ملیۆن دانیشتووی عێراق ئاوارە بوون، تاوەکو مانگی نیسانی ئەمساڵ 2.1 عێراقی هێشتا هەر ئاوارەن. 284 هەزار کۆچبەری سووریش بەهۆی شەڕی ناوخۆی وڵاتەکەیان ڕوویان لە عێراق کردووە، کە زۆرینەیان لە هەرێمی کوردستانن. ئەم دۆخە نالەبارە مەترسی بازرگانی لەسەر ئافرەتان و منداڵان زیاتر دەکات، لەوانەش هاوسەرگیری زۆرەملێ یان کاتی، کە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەناو کۆچبەرانی نیشتەجێی کەمپەکانی هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێ و بەرپرسە ئەمنییەکانی کوردستان پشتگوێیان دەخەن یان لەبەرامبەر بەرتیلدا گوێی خۆیانی لێ دەخەوێنن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە "پاسەوانانی ئاسایش، جگە لە ڕێگەدان بە پیاوان بۆ چوونە ناو کەمپ بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی سێکس لەگەڵ کچانی پەنابەر، خۆشیان

**لە کوردستان 6 کۆمپانیا بە تۆمەتی بازرگانی بە مرۆڤ سزادراون**

هەوڵی بەدەستهێنانی سێکس دەدەن لەگەڵ کچە پەنابەرەکان، لەڕێگەی مۆڵەتپێدانیان بۆ دەرچوون لە کەمپ". هەروەها ڕاپۆرت هەیە کە هەندێک خێزانی ئاوارەی عێراق منداڵەکانیان دەفرۆشن بە خێزانی دیکە بۆ زامنکردنی ئایندەیەکی باشتر بۆ منداڵەکانیان "ئەم منداڵانە لەبەردەم مەترسی بازرگانیکردن بە مرۆڤدان".

جیا لەمە لە ساڵی 2014 داعش هەزاران ئافرەت و منداڵی ڕفاند، بەتایبەتیش ئافرەت و منداڵی کوردی ئێزدی کە ڕووبەڕووی دەستدرێژی و کڕین و فرۆشتن بوونەتەوە. ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەیەک لە گیراوە ئێزدییەکان بۆ سووریا، تورکیا و سعودیە گوازراونەتەوە، هەندێکیشیان بە کەسانی دەوڵەمەندی وڵاتانی کەنداو فرۆشراون.

### پەکەکە بەردەوامە لە چەکدارکردنی منداڵان

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە منداڵانی عێراق نەک هەر مەترسی ئەوەیان لەسەرە کە لەلایەن داعش، حەشدی شەعبی، پارتی کرێکارانی کوردستان و میلیشیاکانی دیکەی سەر بە ئێران چەکدار بکرێن، بەڵکو ژمارەیەکی زۆریان مەترسی دەستگیرکردن و دادگاییکردنیشیان لەسەرە، بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە کۆتایی ئاداری پارساڵ 946 منداڵ، کە چواریان کچ بوون، لەسەر کەیسی پەیوەندیدار بە تیرۆر لە گرتووخانە بوون.

ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەی جۆراوجۆر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باڵەکانی پەکەکە و یەپەگە لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە چەکدارکردنی منداڵان، پەکەکە و یەبەشەش لە ناوچەی شنگال کوڕان و کچانی ئێزدی چەکدار دەکەن، کە هەندێکیان تەمەنیان تەنیا 12 ساڵە. ژمارەیەک گروپ و میلیشیای عەرەبی سوننەش بۆ ڕاکێشانی منداڵان بۆ ناو هێزە چەکدارییەکان ڕوو لە کەمپەکانی ئاوارەکان دەکەن.



## لە ئاکرێ گەنجێک خۆی دەخنکێنێ

**ڕووداو- ئاکرێ**

ڕۆژی 2018/7/21 لە ئاکرێ گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ لە ماڵەکەی خۆیاندا بە پەت خۆی خنکاند. رائید فیراس ئاکرەیی، گوتەبێژی پۆلیسی بەرگریی شارستانی ئاکرێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەبارەی گیانلەدەستدانی ئەو گەنجە کە ناوی "محەممەد نەوزاد"ە، لێکۆڵینەوە دەستی پێکردووە، بەڵام هێشتا ئەنجامەکان دەرنەکەوتوون. بەپێی زانیارییەکانی کەسوکارەکەی، کاژێر 10:00ی سەرلەبەیانی چوونەتە بەیتوونەی ماڵەکەیان، بینیویانە محەممەد بە پەت خۆی هەڵواسیوە و گیانیلەدەستداوە. بەپێی گوتەی کەسێکی ئەو بنەماڵەیە بۆ (ڕووداو÷ گەنجەکە نەخۆشی دەروونی نەبووە، بەڵام دیاربووە کێشەی خۆشەویستی و دڵداری هەبووە، شەوی پێش ڕووداوەکەش تاوەکو کاژێر 6:00ی بەیانی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کەسێک کردووە.

# خوشکەکانی بێسەروشوێنن و خۆیشی لە خانەی بێسەرپەرشتانە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاوارە لە سووچێکی خانەی بێسەرپەرشتان دانیشتووە، هەمیشە چاوەڕێیە یەکێک لە کەسە نزیکەکانی بێت و بیباتە لای خۆی، بەڵام ئەو کەسە هەرگیز نایەت. ئاوارە حەز دەکات گەورە ببێ و زانکۆ تەواو بکات و ببێ بە پارێزەر، بۆ ئەوەی دایکی لە زیندان ئازاد بکات.

(ئاوارە، ئا) تەمەنی 10 ساڵە و خەڵکی کەرکووکە، ڕۆژی 2015/12/6 هێنراوەتە خانەی بێسەرپەرشتانی هەولێر. باوکی ئەم مێرمنداڵە دوو ساڵ پاش لەدایکبوونی ئەم، لەلایەن ژنەکەی و زڕکچەکانییەوە کوژراوە.

باوکی ئاوارە، دوای ئەوەی ئەو ئافرەتە دەناسێت کە خاوەنی سێ کچە، دەکەوێتە داوی خۆشەویستی و پاشان زەماوەند دەکەن، سێ کچەکەشی وەک کچی خۆی قبوڵ کردن، دوای ماوەیەک کوڕێکیان دەبێت ناوی دەنێن (ئاوارە)، ژیانی ئەم کوڕە کتومت وەک ناوەکەیەتی.

دوای ئەوەی یەکێک لە زڕخوشکەکانی ئاوارە دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک، کوڕەکە دەچێتە خوازبێنی، بەڵام باوکی ئاوارە ڕازی نابێ.

(ف. ئە) کە باپیری ئاوارەیە، باسی کوشتنی کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "کچەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی شوو بەو کوڕە بکات، بەڵام کوڕەکەم ڕازی نەبوو، بۆیە بۆ ماوەیەک لە ژوورێک بەندی کرد، پاشان کچەکە لەگەڵ کوڕەکە ڕێککەوتبوو کە باوکی ئاوارە بکوژن".

بەیانییەکی هاوینی 2010 هەواڵ بۆ (ف) دەچێت کە کوڕەکەی کوژراوە، بووکەکەشی لەگەڵ سێ کچەکەی هەڵاتوون. (ف) دەڵێت: "هەر ئەوکات گومانمان کرد ئەوان کوڕەکەمیان کوشتبێ، دواتر پۆلیس دەستگیری کردن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن، یەکێک لە کچەکانی دانی بە تاوانەکەدا نا و گوتی بە هاوکاریی دایکمان کوشتمان".

ئەو کاتەی دایکی چووە زیندان، ئاوارە تەمەنی تەنیا دوو ساڵ بوو، بۆیە لەگەڵ دایکی لە زیندان دەمێنێتەوە. تەمەنی ئاوارە لە زیندان بوو بە شەش ساڵ، لەلایەن ئیدارەی گرتووخانەوە پێداویستی چوونە قوتابخانەی بۆ دابین کرا، لەگەڵ ئەوەی دەیخوێند، هەر لەلای دایکی مایەوە لە زیندان.

هەر کاتێک باسی کەرکووک دەکرێت، ئاوارە زیندانی بیر دەکەوێتەوە و دەڵێت: "ئیدارەی زیندانەکە زۆر باش بوون لەگەڵم، زۆریان خۆشدەویستم، ئایپادم هەبوو، پاسەوانەکان منیان دەبرد بۆ قوتابخانە و زۆر جار یارییان لەگەڵ دەکردم، دایکم زۆری خۆشدەویستم و نەیدەهێشت پێویستم بە هیچ شتێک بێت، بەڵام لە قوتابخانە هەمیشە منداڵەکان گاڵتەیان پێدەکردم و دەیانگوت لە زیندانە".

دادگای کەرکووک بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆ دایکی ئاوارە و خوشکەکانی دەرکرد و بڕیاری دا بیانگوازێتەوە بۆ زیندانی مووسڵ، دایکی ئاوارە لە زیندانی مووسڵ تووشی نەخۆشیی شەکرە دەبێ. کاتێک داعش لە ساڵی 2014 پەلاماری مووسڵی دا، خوشکەکانی ئاوارە ئەو هەلەیان قۆستەوە و لە زیندان هەڵاتن و دایکە نەخۆشەکەیان و ئاوارەیان جێهێشت، ئەوانیش دواتر هەڵاتن بۆ سلێمانی.

عەقید بورهان مەجید، بەرپرسی پێشووی زیندانی گرتن و گواستنەوەی کەرکووک بە (ڕووداو)ی گوت: "دایکی ئاوارە لە سلێمانی نەیتوانیبوو خۆی و کوڕەکەی بژێنێ، بۆیە خۆی ڕادەستی پۆلیسی سلێمانی کردبوو، ئەوانیش تەسلیمی ئێمەیان کردەوە، چونکە بڕیار هەبوو هەر کەسێک لە زیندانەکانی شاری مووسڵ ڕایکردبێت، دەستگیر بکرێتەوە".



دایکی ئاوارە ڕازی نییە هیچ کەسێک کوڕەکەی بگرێتەخۆ (فۆتۆ: ڕووداو)

بورهان مەجید سەبارەت بە چۆنیەتی هێنانی ئاوارە بۆ هەولێر گوتی: "دایکی ئاوارە نەیویست ئاوارە لەگەڵ خۆی بباتەوە بۆ زیندان، بۆیە پەیوەندیم بە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد و پێمگوت ئەو منداڵە کوردە و نامانەوێت بچێتە بەغدا، وەزیریش ڕازی بوو بهێنرێتە چاودێری کۆمەڵایەتیی هەولێر".

عەقید بورهان هیچ لەبارەی چارەنووسی سێ خوشکەکەی ئاوارە نازانێ و دەڵێت "تا ئێستاش بێسەروشوێنن".

ئاوارە ئێستا لە خانەی بێسەرپەرشتانە لە هەولێر، بەڵام هەر خۆزگە بە زیندان دەخوازێ و دەڵێت: "ئەو ڕۆژەی لە دایکم جیاکرامەوە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو".

ئاگرین کە مامی ئاوارەیە، دەڵێت: "ئێمە زۆر حەز دەکەین بیبەینەوە لای خۆمان، بەڵام ناتوانین، بەهۆی ئەوەی دایکی نووسراوێکی کردووە دەڵێت نابێت کەس لە کوڕەکەم نزیک بێتەوە، هیچ کەسێک نەیبات بۆ لای خۆی".

دڵخواز لەشکری، بەرپرسی بەشی کوڕان لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی، لەبارەی ئاوارە دەڵێت "منداڵێکی بێ کشەیە، نەرمونیانە، هەڵسوکەتی لەگەڵ منداڵەکانی ئێرە زۆر باشە".

ئاوارە زۆر حەزی لە خوێندنە و دەڵێت: "هەموو هەوڵێک دەدەم بۆ ئەوەی ببمە پارێزەر و دایکم لە زیندان دەربهێنم".

# بڕیار بووە قوربانیی شەڕی نێوان پووری و مێردەکەی

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیار ناوی خۆی لە خولێکی هاوینە تۆمارکردبوو بۆ ئەوەی هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ وەرزی نوێی خوێندن ئامادە بکات، ئەو بەڵێنی بە دایک و باوکی دابوو لە دوایین قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا نمرەیەکی بەرز بهێنێ و بچێتە زانکۆ، بەڵام بووە قوربانیی کێشەیەکی خێزانی و بە دەستی مێردی پووری کوژرا.

بڕیار زاهیر، تەمەن 18 ساڵان و دانیشتووی گەڕەکی ڕزگاری لە شارۆچکەی عەربەتی سەر بە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی 2018/7/12 لە پێش دەرگای ماڵی پووری کوژرا. مێردی پووری بڕیار کە تەقەی کردووە، دوای ڕووداوەکە خۆی ڕادەستی پۆلیسی ناوچەکە کردووە و دانی بە کوشتنی بڕیاردا ناوە.

دایک و باوکی بڕیار زۆر داخبارن بۆ لەدەستدانی کوڕەکەیان. دایکی بڕیار دوای ئەو ڕووداوە تەندروستی تێکچووە. کەسوکاری بڕیار دەڵێن ئەو کوڕە هیچ کێشەی نەبووە، بەڵکو بووە قوربانیی کێشەی نێوان پووری و مێردی پووری.

وەک کەسوکاری باسی دەکەن، ئەو ڕۆژە پووری بڕیار و (ر.خ)ی هاوژینی بووەتە دەمەقاڵەیان، پووری بڕیار هاواری بۆ باوکی بڕیار بردووە و داوای لێکردووە کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات، بەڵام کێشەی ئەو ژن و مێردە نەک هەر چارەسەر نەبوو، بەڵکو گەنجێکیشی تێدا بووە قوربانی.

زاهیر غەفوور کە باوکی قوربانییەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو ڕۆژە خوشکەکەم هات بۆ ماڵمان، تەندروستیی زۆر خراپ بوو، دیاربوو (ر)ی مێردی زۆری لێدابوو. منیش گوتم ئێوە 30 ساڵە هاوژینی یەکدین، بۆچی شەڕ دەکەن! خوشکەکەم داوای کرد لەگەڵی بچم، ئاشتیان بکەمەوە، منیش لەبەر خاتری ئەو چووم بۆ ماڵیان".

دوای ئەوەی زاهیر دەچێتە لای زاواکەی، لەوێ دەبێتە دەمەقاڵەیان. (ر) هێرش دەکاتە سەر زاهیر و بریندار دەکات، ئەویش بە برینداری دەگەڕێتەوە ماڵەوە.



بکوژی ئاوارە دەڵێت تووڕە بووم بۆیە ئاوارەم کوشت

زاهیر گوتی: "چوومەوە ماڵەوە و خەریکی پێچانی برینەکەم بوون، بڕیاری کوڕم هاتەوە، کە منی بەو حاڵەوە بینی، زۆر تووڕە بوو".

بڕیار یەکسەر دەچێتە دەرەوە، بەڵام لەلای باوکی ناڵێت دەچێ یەخەی مێردی پووری دەگرێ.

باوکی بڕیار گوتی :"ئێمە وامانزانی بڕیار چووە بۆ لای هاوڕێکانی، بەڵام پێنج خولەک دواتر هەواڵیان پێداین کە بڕیار لە پێش ماڵی پووری کوژراوە و مێردی پووریشی هەڵاتووە".

باوکی بڕیار پێیوایە کوڕەکەی بە ناهەق کوژراوە و دەڵێت: "بڕیار تەنیا بۆ ئەوە چووبوو بە مێردی پووری بڵێت کە بۆچی لەگەڵ باوکم بەشەڕ هاتوون و لێتداوە، کەچی مێردی پووری یەکسەر دەستڕێژی گوللەی لێکردبوو".

ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، (ر) کە تۆمەتبارە بە کوشتنی بڕیار، خۆی ڕادەستی بنکەی پۆلیسی پێنجوێن کرد و هەر لە لێکۆڵینەوەی سەرەتایی پۆلیسدا ئیعترافی کرد کە بڕیاری کوشتووە و گوتوویەتی زۆر تووڕە بووە بۆیە کوشتوویەتی.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی لەبارەی ئەو تاوانە بە (ڕووداو)ی گوت: "پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە، دواتر تاوانبارەکە خۆی ڕادەستی بنکەی پۆلیسی پێنجوێن کرد و دانی بەوەدا نا ە ئەو کوڕەی کوشتووە".

# کێ مستەفای کوشت؟

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- دووکان**

مستەفا لەگەڵ میوانەکانی خەریکی باس و خواسی دونیا بوون، لە ناکاو ئاگر لە خانوویەکی گوندەکەیان بەرزبووەوە کە پێشتر مستەفا خاوەنی بوو. میوانەکان بە ڕاکردن و مستەفاش بەدوای ئەواندا، بەرەو لای ئاگرەکە دەڕۆن، بەڵام لە ڕێگادا دەستڕێژی گوللە لە مستەفا دەکرێ و دەکوژرێ. نزیکەی هەفتەیەک بەسەر تاوانەکەدا تێپەڕیوە و هێشتا ڕوون نییە کێ مستەفای کوشت و بۆچی کوشتی؟

مستەفا محەممەد ڕەسووڵ، تەمەن 64 ساڵ، دانیشتووی گوندی کانی تووی سەر بە ناحیەی بنگرد لە قەزای دووکان، کاژێر 9:30 خولەکی شەوی 2018/7/17 لەنێو گوندەکەیان درایە بەر دەستڕێژی گوللە و بریندار کرا، دوای ئەوەی گەیەنرایە نەخۆشخانە، پزیشکەکان بڕیاریان دا نەشتەرگەری بۆ بکەن، بەڵام لەژێر نەشتەرگەرییەکەدا مرد.

کەسوکاری مستەفا دەیانەوێ بزانن کێ ئەو پیاوەی کوشتووە؟ ئەوان ناتوانن پەنجەی تۆمەت بۆ کەسێک درێژ بکەن، چونکە دەڵێن نە خۆیان و نە مستەفاش کێشەیان لەگەڵ کەس نەبووە.

عوسمان محەممەد کە برای مستەفایە و لە قەزای ڕانیە دادەنیشێ، لە دووەم ڕۆژی پرسەی براکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "ئێمە چوار براین، مستەفا برا گەورەمان بوو، بەڵام منداڵی نەبوو، لەگەڵ هاوژینەکەی لە گوندی کانی توو دەژیان و کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو".

عوسمان دەڵێت: "شەوی ڕووداوەکە، براکەم دوو میوانی هەبوو، لە دەرەوە دانیشتبوون، لە پڕ ئاگرێک لە خانوویەکی گوندەکە بەرزبووەتەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر مستەفای برام فرۆشتبووی، میوانەکان یەکسەر بەرەو ئاگرەکە ڕایانکردبوو، مستەفاش بەدوای ئەواندا".

وەک خەڵکی ئاوایی باسی دەکەن، لە کاتی ئاگرکەوتنەوەکەدا، چەند فیشەکێک لە نێو گوند تەقیبوون، خەڵکی گوند وایانزانیوە تەقەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لە ڕووداوەکە، بەڵام لەو کاتەدا مستەفا هاوار دەکات تەقەی لێکراوە و فریای بکەون، هەر بەو شەوە مستەفا دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە.

عوسمان دەڵێت: "مستەفا بریندار بوو، بەڵام لە نەخۆشخانە زۆر باش دیار بوو، بەپێی خۆی دەڕۆیشت، زۆر بە ئیرادە بوو، دەیگوت هیچ نییە چاک دەبمەوە، بردیان بۆ ژووری نەشتەرگەری، بەڵام لە نەشتەرگەرییەکە دەرنەچوو".

عوسمان هیچ هۆکارێک شک نابات بۆ کوشتنی براکەی، جگە لە دروستکردنی دووبەرەکی لە نێو دانیشتووانی گوند. عوسمان گوتی: "ماوەی چەند ساڵێکە چەند دیاردەیەک لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە سەری هەڵداوە، وەک سووتاندنی پووش و پاوان و ڕەز و باخی یەکدی، سووتاندنی خانوو و فڕێدانی نارنجۆک بۆ نێو ماڵان، تەقەکردن لە خەڵک، هەموو ئەمانە بە ئامانجی دروستکردنی دووبەرەکین لە نێو گوندنشینیاندا".

کەسوکاری مستەفا هیچ بەڵگەیەکیان نییە کە عوسمان لەلایەن کێ و چۆن کوژراوە، بۆیە سکاڵایان تۆمار نەکردووە، بەڵام عوسمان دەڵێت: "هەر کەسێک دەستی لە کوشتنی براکەمدا هەبێ، مەحاڵە لێی خۆش بین".

خالید ئەحمەد کە ئەنجوومەنی گوندی کانی توووە، لەبارەی ڕووداوەکە دەڵێت: "لەکاتی ئاگرکەوتنەوە لە خانووە کۆنەکەی مستەفا، خەڵک ڕایکرد بۆ کوژاندنەوەی، بەڵام لە شوێنێکی نادیارەوە تەقە کرا، دواتر دەرکەوت مستەفا بەرکەوتووە، بردمان بۆ نەخۆشخانە. ئەو کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو، بۆیە گومانیشی لە کەس نەبوو".

خالیدیش پێیوایە تەقەکردنەکە تەنیا بۆ نانەوەی ئاژاوەیە لەنێو گوندەکەیان.

فەرمان ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێڕی لە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە بە (ڕووداو)ی گوت: "مستەفا بە برینداری گەیەندرایە نەخۆشخانەی ڕانیە، سێ فیشەک بەر سک و قۆڵی کەوتبوو، تا گەیەنرایە نەخۆشخانە خوێنی زۆری لێ ڕۆیشتبوو، گوللەکانیش لە ناوەوە سی و جگەری گرتبوو، بۆیە هەر لە هۆڵی نەشتەرگەری گیانی دەرچوو".

دوای ڕووداوەکە پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ سەرەداوێکیان لەبارەی بکوژانی مستەفاوە دەستنەکەوتووە.

ڕائید سەردار کوێخا پیرۆت، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی ناحیەی بنگرد بە (ڕووداو)ی گوت: "گومان دەکرێ ئەم تاوانە بە بەرنامە کرابێ، چونکە دوو ساڵ لەمەوبەر نارنجۆک فڕێدراوەتە ماڵەکەی، بەڵام ئەوکاتیش ئاشکرا نەبوو کێ ئەو تاوانەی کردووە، بۆیە دۆسیەکەی داخرا".



پێشتریش نارنجۆک فڕێدرابووە ماڵی مستەفا

خێزانەکەی دەڵێن رفێنەرەکان چەکداری داعش بوون

# بۆ سەعاتێک بردیان و بە زیندوویی نەگەڕایەوە



ئەو چەکدارانەی مەجیدیان رفاندووە بە کوردی قسەیان کردووە

**ڕووداو - هەولێر**

سەفینی تەمەن 13 ساڵ چیدی چاوی بەرایی نادات بگەڕێتەوە گوندەکەیان، چونکە خوێنی باوکی لە پێناو ژیانی ئەواندا لەو گوندە بەدەستی ژمارەیەک چەکدار رژا کە دەگوترێ پاشماوەی داعشن لە چیای قەرەچووغ.

سەفین لە شیرینی خەودابوو کاتێک پێنج چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ماڵەکەیان لە گوندی پیرداوەسوان لە دەشتی قەراجی بناری چیای قەرەچووغ، کاتێک سەفین بە خەبەر هات، چەکدارەکان باوکی ئەویان بردبوو، دەرگاشیان لەسەر ئەو و دایکی و منداڵەکانی دیکە داخستبوو. سەفین ئیدی باوکی بە زیندوویی نەبینییەوە.

کاژێر 10ی شەوی 2018/7/17 پێنج چەکدار هەڵیانکوتایە سەر ماڵی مەجید عەلی، تەمەن 37 ساڵ. چەکدارەکان هەر ئەو شەوە مەجیدیان لەگەڵ خۆیان برد و کاژێر هەشتی بەیانی رۆژی 2018/7/19 تەرمەکەی کە بەپێی پشکنینی دادپزیشکی شوێنی هەشت گوللەی پێوە بووە، لە دووریی نزیکەی سێ کیلۆمەتر لە ماڵەکەی، لە گوندی عەلیاوە، دۆزرایەوە.

مەجید کە پێشتر لە شارەوانیی هەولێر بە گرێبەست کاری کردووە، ساڵ و نیوێک لەمەوبەر بڕیاری دا چەند سەر ئاژەڵێک بکڕێ و بچێتەوە گوندەکەی خۆیان، بۆ ئەوەی بژێوی شەش منداڵەکەی پێ دابین بکات.

سەفین کە کوڕە گەورەی مەجیدە، لە بەردەم پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر چاوەڕێی تەواوبوونی پشکنین و ڕێکارە یاساییەکانی تەرمی باوکی دەکرد، ئەو گوتی: "لەگەڵ باوکم بە نۆرە دەچووینە لای ئاژەڵەکان، باوکم ئاژەڵەکانی بە قەرز کڕیبوو، هێشتا 500 هەزار دینار قەرزمان لەسەر مابوو".

وەک سەفین دەڵێت، خزمەکانیان چەند جارێک داوایان لێکردبوون گوندەکەیان جێبهێڵن، چونکە گوندەکە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا نەماوە و داعشیش لە چیای قەرەچووغ بوون، بەڵام ئەوان پێیانوابووە لە داعش دوورن و ناتوانن زەفەریان پێ ببەن.

ئەو شەوەی باوکی رفێنراوە، سەفین لەگەڵ قیژە و هاواری دایکی بەخەبەر هاتووە. ئەو دەڵێت: "کە بەخەبەرهاتم چەکدارەکان زۆر دوورنەکەوتبوونەوە، دوو لە چەکدارەکانم بینین، یەکێکیان فانیلەیەکی قۆڵ کورتی سەربازی و شەرواڵێکی لەبەربوو، دەرگایان لەسەر داخستبووین، من لە پەنجەرەوە چوومە دەرەوە و دەرگاکەم کردەوە، ویستم بەدوایاندا بچم، بەڵام دایکم نەیهێشت و گوتی بگەڕێوە با گوللەیەکت لێ نەدەن".

سەفین بڕیاری داوە دوای مەرگی باوکی ئیدی نەگەڕێتەوە گوندەکەیان.

فەخریە حوسێن، هاوژینی مەجید، ئەو شەوە زۆر لەبەر چەکدارەکان پاڕاوەتەوە هاوژینەکەی نەبەن، بەڵام سوودی نەبووە. فەخریە کە بە گریانەوە چیرۆکی رفاندنی مێردەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "پێنج چەکدار بوون، دوویان هاتنە ژوورەوە، یەکێکیان جلی کوردی لەبەردابوو بە کوردی قسەی کرد، گوتی ئیشمان پێیەتی ئێستا دەیهێنینەوە، زۆر پاڕامەوە مەیبەن، گوتیان چۆن جەیش هاتووەتە ماڵەکەتان و نانیان قوزەڵقورت کردووە! منیش پێمگوتن ناچارین نانیان بدەینێ، ئەگەرنا دەمانکوژن".

پێش 16ی ئۆکتۆبەر گوندەکانی ئەو ناوچەیە سەلامەت بوون، بەڵام لەوەتەی پێشمەرگە لەو ناوچەیە نەماوە، ئیدی ئەمن و ئاسایشیش لەو ناوچەیە بارگەی تێکناوە، ئێستا گوندنشینان بە ترسەوە هاتوچۆ دەکەن، چونکە سەرەڕای بوونی هێزی پۆلیسی فیدراڵی و حەشدی شەعبی لەو ناوچەیە، بەڵام چەکدارانی داعش تەراتێن دەکەن. ئەوان دەڵێن لەوەتەی داعش زەوی بەدەستەوە نەماوە، ئەوە یەکەمین رووداوی کوشتنی خەڵکی مەدەنییە لە سنووری مەخموور بە دەستی چەکدارانی داعش. گوندنشینان ترسیان لە دووبارەبوونەوەی ئەو رووداوانە هەیە، بۆیە هەندێکیان بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە.

گەیلان عەلی، برای مەجید، دوایین کەس بووە گوێی لە دەنگی براکەی بووە. گەیلان دەڵێت: "تەلەفۆنم بۆ کرد، وەڵامی دایەوە، گوێم لێبوو خۆیان لێ تووڕە دەکرد کە تەلەفۆنەکە دابخات، گوتی دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە، سەعات 12 و هەشت خولەکی شەو بوو گوتی: ئەوە لەگەڵ ئەو چەکدارانە دەچینە چیا، ئەمیرەکەیان هەندێک کاری پێمە، بەڵام با سوپا و پۆلیس نەزانن کە من لەگەڵ ئەوان رۆیشتووم".

چەکدارەکان مەجیدیان بۆ سەعاتێک بردبوو، بەڵام نەگەڕایەوە، بۆیە کەسوکارەکەی ناچاربوون هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە ئاگادار بکەنەوە، گەیلان گوتی "بۆ رۆژی دواتر سوپا و پۆلیس هاتن، چەند تەقەیەکیان لە چیای قەرەچووغ کرد و گەڕانەوە. دوو رۆژ دواتر ئاگادار کراینەوە کە تەرمێک لە گوندی عەلیاوە فڕێدراوە، کاتێک چووین تەرمی مەجید بوو".

گەیلان دەڵێت ئەوان چەند جارێک بە براکەیان گوتووە، شوێنەکە مەترسیدارە و ئاژەڵەکانی بفرۆشێ و بگەڕێتەوە نێو کەسوکارەکەی، بەڵام مەجید گوتبووی شوێنەکە ئارامە و هیچ مەترسییەک نییە.

شەفیق، دانیشتووی گوندی هەوارغەرەیە کە ئاقاریان بەسەر گوندەکەی مەجیدەوە هەیە، مەجید هاوڕێیەکی نزیکی ئەو بووە، شەفیق گوتی: "دوای ئۆپەراسیۆنەکەی ئەمدواییەی پێشمەرگە و هاوپەیمانان، دەمانزانی مەترسی لەسەر ئێمە دروست دەبێ و داعش وەڵامی دەبێ. مەجید ئەو ئێوارەیە لەلای من بوو، سێ جار پێمگوت ئەمشەو وەرە گوندەکەی ئێمە، چونکە لە پێشمەرگە نزیکە و داعش ناتوانن بێن، بەڵام مەجید نەهات".

شەفیق پێیوایە سوپای عێراق بوونە هۆکاری ئەوەی کە مەجید بکوژرێ: "ئەگەر سوپای عێراق بەدوای مەجیددا نەگەڕابان، دڵنیام چەکدارەکان ئازادیان دەکرد، چونکە ئەوان بەدوای خەڵکی دیکەدا دەگەڕان نەک مەجید".

ئەو پاشماوەی چەکدارەکانی داعش بە 100 کەس مەزەندە دەکات کە لە چیای قەرەچووغ ماون. ئەو هەرچەندە خاوەنی مەڕ و ماڵاتێکی زۆرە و بە کشتوکاڵیشەوە خەریکە، بەڵام نایەوێ ئەویش وەکو هاوڕێکەی ببێتە قوربانی، بۆیە بڕیاری داوە نەگەڕێتەوە گوندەکەی.

ئەوەی بە خەیاڵی مەجیددا نەدەهات روویدا و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە کەسوکارەکەی کرد، ئێستا خەمی فەخریەی هاوژینی ئەوەیە، دوای مەجید کێ شەش منداڵەکەی بۆ بەخێو بکات؟

زۆربەیان گەنجن

# لە کوردستان ساڵانە 100 کەس لە ئاودا دەخنکێن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو - هەولێر**

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانیی پارێزگاکان، لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا زیاتر لە 300 کەس لە رووبار و دەریاچەکانی کوردستاندا خنکاون. بەشێک لە خنکاوەکان ئەو گەشتیارە عەرەبانەن کە لە وەرزی هاویندا بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش روویان لە سەیرانگەکانی کوردستان کردووە.

بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی زۆربەی هۆکارەکانی خنکان بۆ نەزانینی مەلە و نەشارەزایی گەشتیاران دەگەڕێننەوە، بەڵام دەشڵێن بەشێک لەوانە بەهۆی نەبوونی هێما و رێنمایی لەسەر رووبار و دەریاچەکان دەخنکێن.

## زۆرترین رووداوەکانی خنکان لە سنووری دهۆکن

بەراورد بە ساڵانی رابردوو ئەمساڵ زۆرترین حاڵەتی خنکان لە سنووری دهۆک تۆمارکراوە. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانیی دهۆک، بەدرێژایی ساڵی رابردوو 29 کەس لە رووبار و بەنداو و دەریاچەکانی پارێزگاکەدا خنکاون، بەڵام ئەمساڵ تاوەکو ئێستا 25 کەس خنکاون.

رائید بێوار عەبدولعەزیز، گوتەبێژی بەرگریی شارستانیی دهۆک، وردەکاری ئاماری خنکانی ئەمساڵی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی: "لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو نیوەی ئەم مانگە، 25 کەس لە سنووری دهۆک خنکاون، 22 کەسیان کوردی باشووری کوردستانن و دووانیشیان خەڵکی رۆژئاوای کوردستانن، هەروەها یەکێکیان عەرەبە، زۆربەی خنکاوەکانیش لە رووباری خابوور لە زاخۆ و ئەوانی دیکەش لە زێی گەورەی شیلادزێ، بەنداوی دهۆک، سحێلا، ئاکرێ و بەردەڕەش خنکاون".

بەرگریی شارستانیی دهۆک تەنیا 8 تیمیان هەیە، بۆیە زۆرترین رێژەی خنکان لەو پارێزگایە تۆمارکراوە، وەک رائید بێوار دەڵێت: "ئەگەر تیمەکانمان نەبوونایە خەڵکی زیاتر دەخنکان، سنووری پارێزگای دهۆک فراوانە و تیمەکانمان لە زاخۆ، سێمێل، دهۆک، شیلادزێ، ئاکرێ و پیشخابوور بڵاوبوونەتەوە، بەڵام تیمەکان کەمن و پێویستمان بە زیاترە".

## زیاتر لە نیوەی خنکاوەکانی هەولێر عەرەبن

لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی رابردوودا 86 کەس لە سنووری پارێزگای هەولێر خنکاون، رائید بێستوون فەرهاد، بەڕێوەبەری بەشی هونەری بەرگری شارستانی هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "لە ساڵی 2016 دا 43 کەس، ساڵی رابردوو 26 کەس و ئەمساڵیش تاوەکو ناوەڕاستی ئەم مانگە 17 حاڵەتی خنکان تۆمارکراون و هەموویان لە زێی گەورەدا خنکاون. لە کۆی ئەو 86 کەسە، 46یان عەرەب و ئاوارەی رۆژئاوای کوردستانن".

## 90%ی خنکاوەکانی سلێمانی گەشتیارن

پارێزگای سلێمانی ژمارەیەکی زۆر لە ناوچەی گەشتیاری هەیە، دیارترینیان هاوینەهەواری دووکانە، ساڵانە گەشتیارێکی زۆر رووی تێدەکەن و لە ئاوی دووکاندا مەلە دەکەن، هەر ئەمەش وایکردووی زۆرترین قوربانیانی ئاو لە سنووری ئەو پارێزگایە گەشتیاران بن.

نەقیب رێکان جەمال مەحموود، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانیی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گووت "هەرچەندە لەماوەی ساڵێک و شەش مانگی رابردوودا تەنیا 17 کەس لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا لە ئاودا خنکاون، بەڵام خنکاوەکان گەشتیارن، چونکە شارەزای ناوچەکە نین و پابەندی هێما و رێنماییەکانیش نابن، بۆیە 90%ی ئەوانەی لێرە دەخنکێن گەشتیارن".

## زۆربەی خنکاوەکان گەنجن

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی زۆربەی ئەوانەی لە ئاودا دەخنکێن لە رەگەزی نێر و توێژی گەنجانن، ئەگەرچی بەشێک لە قوربانییەکانیش ئافرەت و منداڵن، بەڵام کەمترینیشی لە رەگەزی مێن. رائید بێوار عەبدولعەزیز، گوتەبێژی بەرگریی شارستانیی دهۆک دەڵێت "زۆربەی ئەوانەی لە سنووری دهۆک خنکاون گەنجن و تەمەنیان لە 18 بۆ 28 ساڵیدایە، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ و ئافرەت و پیاوی بەتەمەنیشی تێدایە".

بەشێکی دیکەی ئەوانەی لەناو رووبارەکاندا دەخنکێن منداڵن، کە بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگری شارستانی یەک لەسەر سێی قوربانییەکان پێکدەهێنن. بەڕێوەبەری بەشی هونەری بەرگریی شارستانی هەولێر لەمبارەیەوە دەڵێت "لەو 86 کەسەی لە دوو ساڵ و نیوی رابردوودا لە سنووری هەولێر خنکاون، 29یان منداڵن".

> **90%ی**
> **خنکاوەکان گەشتیارن**
> بەرگری شارستانیی سلێمانی

## پابەندنین بە رێنماییەکان

بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرگریی شارستانی پێیانوایە ئەگەر هاووڵاتیان و گەشتیاران رێنماییەکانیان جێبەجێ بکەن، رێژەی خنکان لە ئاودا زۆر کەم دەبێتەوە. رائید بێوار باڵەکی، گوتەبێژی بەرگریی شارستانی سۆران دەڵێت "هۆکاری یەکەمی خنکان لە رووباردا نەزانینی مەلەوانییە، چونکە مەلەکردن لە رووبار و مەلەوانگەدا جیاوازە، رووبارەکان تیژڕەو و خێران، هەروەها هەندێکجار کەلوپەل و تۆڕی راوچییەکانیش لەنێو رووبارەکاندا بەجێدەهێڵدرێن کە ئەمەش دەبێتە هۆی خنکانی کەسی مەلەوانیش، ئێمە دوو تیمی جێگیرمان لە سۆران و مێرگەسۆر هەیە کە بەردەوام لەڕێگەی دابەشکردنی نامیلکە و هۆشیارکردنەوەی هاونیشتمانی و گەشتیاران لە شوێنە مەترسیدارەکان، کە لەڕێگەی هەڵواسینی تابلۆ لە شوێنە مەترسیدارەکانی رووبارەکان و مەلەنەکردن تێیدا ئاگاداردەکەنەوە".

## 10 ئۆتۆمبێل کەوتوونەتە ناو رووبارەوە

خراپی رێگاکانی سنووری شارۆچکەی سۆران، بەتایبەت رێگای هاملتن هۆکاری چەندین رووداوی هاتوچۆ و کەوتنە ناو ئاوی رووبارە. رائید بەیار باڵەکی، دەڵێت "ئەگەرچی هۆکاری سەرەکی خنکان لەئەنجامی ناشارەزایی و نەزانینی مەلەکردنە، بەڵام هەندیکجاریش بەهۆی خراپی رێگاوبانەکان و کەمی هێماکانی هاتوچۆیە، بەتایبەت رێگەی هاملتن لەنێوان حاجی ئۆمەران و سۆران کە هێشتا تەواونەکراوە و رێگایەکی مەترسیدارە، تائێستا نزیکەی 10 حاڵەت هەبووە کە ئۆتۆمبێل لێیەوە هەڵدێراوە نێو رووبار و سەرنشینەکانی بوونەتە قوربانی، بۆیە پێویستە دیواری پاڵپشتی هەبێت، بۆ ئەوەی حاڵەتەکانی هەڵدێرانی ئۆتۆمبێل بۆ نێو رووبارەکان کەمببنەوە یاخود نەمێنێ".



زۆرترین حاڵەتەکانی خنکان لە سنووری پارێزگای دهۆک تۆمار کراون

## تەنیا یەک خنکاو نەدۆزراوەتەوە

نزیکەی سێ مانگە تەرمی منداڵێک کە بەهۆی لافاوەوە لە ناحیەی فایدەی نێوان دهۆک- موسڵ خنکابوو نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش تەنیا حاڵەتی خنکانە لە هەرێمی کوردستان کە نەدۆزرابێتەوە، گوتەبێژی بەرگریی شارستانی دهۆک گوتی "شەوی 2018/5/5 لە ناحیەی فایدە پیاوێک، کوڕەکەکەی و بووکەکەی و نەوەکەی کە لەناو ئۆتۆمبێلێکی تاکسیدا لافاو بردنی، شوفێرەکە رزگاری بوو، هەرچوار ئەندامی خێزانەکەش خنکان، تیمەکانمان توانیان تەرمەکەی سێ لە خنکاوەکان بدۆزنەوە، بەڵام هێشتا تەرمی منداڵەکە نەدۆزراوەتەوە".

# پێش "ڕێجیمی کیتۆنی" ئەم چوار شتە بزانە

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

ڕێجیمی کیتۆنی باسی گەرموگوڕی مەسەلەی دابەزاندنی کێش و لەشرێکییە و لە ئینستاگرام هاشتاگی کیتۆ شەش ملیۆن جار بەکارهێنراوە، چونکە ئەم ڕێجیمە بە خێرایی کێش دادەبەزێنێ بێئەوەی کەسەکە زۆر خۆی برسی بکات.

## ئەم ڕێجیمە چۆن کار دەکات؟

لەم ڕێجیمەدا کەسەکە زۆربەی کالۆرییەکانی (70-90%) لە چەوری وەردەگرێ، پاشان بڕێکی دیکە لە پڕۆتین، بەڵام بڕێکی ئێجگار کەم لە کاربۆهێدرات (شیرینی و نیشاستەکان) وەردەگرێت (کەمتر لە 5%).

کاربۆهێدرات (شیرینی و نیشاستەکان) لە جەستەدا دەگۆڕێت بۆ گلوکۆز کە جەستە دەیسووتێنێ و دەیکات بە وزە. بۆیە کاتێک کاربۆهێدرات (شیرینی و نیشاستەکان) کەم دەکەیتەوە لە ژەمەکانتدا، جەستە بۆ سەرچاوەیەکی دیکەی وزە دەگەڕێت و ڕوودەکاتە چەورییە هەڵگیراوەکانی جەستە و دەیانکات بە تەنی (کیتۆن)ی و وەکوو جێگرەوەی گلوکۆز بۆ وزە سوودیان لێدەبینێ. سووتاندنی چەورییەکان و بەرهەمهێنانی کیتۆن دەبێتەهۆی دابەزاندنی کێشی جەستە.

## سوودی دیکەشی هەن

لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەم ڕێجیمە بەکارهاتووە بۆ ڕێگری لە گەشکەی منداڵان. ئێستاش دەرکەوتووە ئەم ڕێجیمە بۆ تەندروستی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن باشە، تووشبوون بە هەندێک جۆری شێرپەنجە کەمدەکاتەوە، زیپکەی پێست کەمدەکاتەوە، ئاڵۆزکارییەکانی وردەکیسی هێلکەدان کەمدەکاتەوە و بۆ تەندروستی مێشک بەسوودە.

## زیانی هەیە؟

پزیشکان ڕێنمایی خانمانی دووگیان و شیردەر دەکەن ئەم ڕێجیمە نەکەن. هەروەها بۆ تووشبووانی نەخۆشییەکانی جگەر و زراو گونجاو نییە.

بەشێک لە پسپۆڕان دەڵێن باشترە لە سێ مانگ زیاتر ئەم ڕێجیمە لەسەر یەک پیادە نەکرێ. پاش ئەو سێ مانگە وا باشە دوو ڕۆژ ئەم ڕێجیمە و ڕۆژێکی ئاسایی بەرێبکەی بە درێژایی ژیان. بەڵام بۆ هەر یەک لەو بڕیارانە، باشترە ڕاوێژ بە پزیشک بکەی، تاوەکو یەکلایی بکاتەوە جەستەی تۆ تاوەکوو چەندە گونجاوە بۆ ئەم ڕێجیمە.



## چی بخۆی؟

**ئەمە نموونەیەکە لە ڕێجیمی کیتۆنی کە د. کامەران ژاژڵەیی پزیشکی خۆراکناس ڕوونیکردووەتەوە:**

**یەکەم ڕۆژ:**
بەیانی : دوو هێلکەی سوورکراوە لەنێو ڕۆن+ سەوزە وەک مەعدەنووس یان کەرەوز+ یەک کووپ نیسکافە
نیوەڕۆ : یەک هەمبەرگر+ سەوزە
ئێوارە :یەک قاپ ماستی تەواو چەوری+ سێ دەنک شلک+ یەک دەنک بادام

**دووەم ڕۆژ:**
بەیانی : یەک هێلکە سوورکراوە لە نێو ڕۆن+ یەک پەنیری ڤیتا+ یەک کووپ نیسکافە
نیوڕۆ :ماسی سەلەموون+ سەوزە
ئێوارە : دوو شیش گۆشتی برژاو+ یەک قاپ بڕۆکڵی کوڵاو

**سێیەم ڕۆژ:**
بەیانی :دوو هێلکەی سوورکراو لە نێو ڕۆن+ سەوزە+ یەک کووپ نیسکافە
نیوەڕۆ: یەک چارەک مریشکی برژاو+ یەک قاپ زەڵاتە+ دوو کەوچک زەیتی زەیتوون
ئێوارە : یەک ستیکی سوورکراوە+ یەک قاپ زەڵاتە+ دوو کەوچک زەیتی زەیتوون

**چوارەم ڕۆژ:**
بەیانی: دوو هێلکە بەڕێگەی ئۆملێت+ سەوزە
نیوەڕۆ: دوو یان سێ شیش گۆشتی برژاو+ سەوزە
ئێوارە : یەک پەرداخ شەربەت لەگەڵ شیر+ سێ دەنک شلک+ چەرەس ( یەک چنگ واتە یەک مست )

**پێنجەم ڕۆژ:**
بەیانی :نیو قاپ گۆشتی سوورکراوە لەگەڵ دوو هێلکە.
نیوەڕۆ: دوو شیش ڕانی مریشک+ سەوزە
ئێوارە :یەک قاپ زەڵاتەی مریشک+ یەک کەوچک زەیتی زەیتوون

**شەشەم ڕۆژ:**
بەیانی : دوو هێلکە بەڕێگەی ئۆملێت+ سەوزە
نیوەڕۆ: یەک قاپ قیمەی سوورکراوە + سەوزە
ئێوارە: یەک قاپ کەرەی ئاژەڵ+ چەرەس (یەک چنگ واتە یەک مست)

**حەوتەم ڕۆژ:**
بەیانی :نیو قاپ گۆشتی سوورکراوە لەگەڵ دوو هێلکە.
نیوەڕۆ: یەک چارەک یان نیو مریشکی سوورکراوە + سپێناخ
ئێوارە :یەک پەرداخ شەربەتی فرێش+ یەک قاپ ماستە+ شلک

# پێنج نیشانەی ژەمی بێ پڕۆتین

**ڕووداو – مێڵسکلۆم**

پڕۆتین یەکێکە لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی جەستەی مرۆڤ، بەجۆرێک پێکهاتەی سەرەکیی خانەکانی لەشی مرۆڤە و ئەو ترشە ئەمینییانەش کە پڕۆتینەکان دەیبەخشن، وادەکەن جەستە لە چالاکییەکانی بەردەوام بێت.

خواردنی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی لەسەر حیسابی پڕۆتین، پشکی شێری داوەتە کاربۆهێدرات و چەورییەکان.

کەمیی بەرچاوی پڕۆتین لە جەستەدا دەگمەنە و زیاتر لە چەند چین و توێژێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، وەکوو: ئانۆرێکسیا، شێرپەنجە، بەدخۆراکییەکی توند و سکچوونە درێژخایەنەکانی وەک کرۆنز.

بەڵام بەشێک لە خەڵکی خۆراکێکی ناهاوسەنگیان هەیە و پڕۆتینی پێویست ناخۆن، بە تایبەت ڕووەکخۆرەکان. ڕووەکەکان نە هاوشێوەی بەرهەمە ئاژەڵییەکان پڕۆتین دەدەن، نە هەمان پڕۆتینی کواڵیتی بەرزیان تێدایە.

لە ئەمریکا ڕێنمایی فەرمی هەیە هەر کەسێکی پێگەیشتوو بۆ هەر کیلۆگرامێکی جەستە ڕۆژانە 0.8 گرام پڕۆتین بخوات، بەڵام ئەوانەی وەرزشی لەشجوانی دەکەن پێویستە زۆرتر لەوە بخۆن.

ئەگەر هەست بەم نیشانانە دەکەی، ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە وەکوو پێویست پڕۆتین لەژەمەکانتدا نییە:

**1 ئاسان ئێسکت دەشکێ:**
پتەویی ئێسک تەنیا بە بڕی پێویستی کالسیۆم و ڤیتامین D نایەتە دی، بەڵکوو پڕۆتینیش ڕەگەزێکی پێویستە بۆ ئەو مەبەستە. نوێترین توێژینەوەی زانستی سەلماندوویەتی ئەو کەسانەی ژەمەکانیان بە پڕۆتین دەوڵەمەندن، ئێسکیان پتەوترە. جگە لەوە، کاتێک لە خۆراکەوە بڕی پێویستی پڕۆتین وەرناگری، جەستە ڕوو دەکاتە ئەو پڕۆتینەی لە جەستەدا هەڵگیراوە، وەکوو ئەوەی لە ماسولکەکاندا هەیە، ئەوەش ماسولکەکان دەپووکێنێتەوە. کاتێک ئێسک بە ماسولکەی پتەو و بەهێز پشتیوانی نەکرێ، لەگەڵ هەموو کەوتن و زەبرێکدا ئەگەری شکانی زیاد دەکات.

**2 نینۆک و مووەکانت دەژاکێن:**
پڕۆتین پێکهێنەرێکی سەرەکی نینۆک و مووەکانە، بۆیە کەم وەرگرتنی پڕۆتین لە خۆراکەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەریان دەبێ و وادەکات ژاکاو و لاواز بن. ئەکادیمیای پزیشکانی پێست لە ئەمریکا دەڵێن ئەگەر کەسێک بۆ چەند مانگێک بەردەوام بێ لە کەم وەرگرتنی پڕۆتین، ئەوە قژی تەنک دەبێ، چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی مووەکانی دەوەرن.

جەستە کاتێک پڕۆتینی پێویست لە خۆراکەوە وەرنەگرێت، ئەوە وەکوو ڕێوشوێنێکی خۆپارێزی و بۆ پاراستنی بڕی پڕۆتینی هەڵگیراوی جەستە، گەشەی مووەکان هێواش دەکاتەوە.

**3 پووکانەوەی ماسولکە:**
نەخواردنی بڕی پێویستی پڕۆتین، هانی جەستە دەدات ماسولکەکان شی بکاتەوە بۆ وەرگرتنی پڕۆتینی هەڵگیراو. ئەوەش ڕێژەی ماسولکە لەچاو چەوریی جەستە کەم دەکاتەوە کە حاڵەتێکی ناتەندروستە.

**4 هەست بە بێهێزی دەکەی:**
ئەو کەسانەی پڕۆتین لە خۆراکەکانیاندا کەمە، لە درێژماوەدا زیاتر هەست بە ماندوویی دەکەن و خاو و خلیچکترن لە هەڵسوکەوتدا. ئەمە بەشێکی بەهۆی بچووکی و لاوازیی ماسولکەیە، بەڵام بەشێکی دیکەی بەهۆی کەمیی هیمۆگلۆبینە لە خڕۆکە سوورەکاندا کە کاری گواستنەوەی ئۆکسجینە بۆ جەستە. دیارە کەمیی ئۆکسجین، هۆکاری بێهێزی و هەناسە توندییە.

**5 زوو زوو هەڵامەت دەگری:**
پڕۆتین بەردی بناغەی دژە تەنەکانە کە لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆئەندامی بەرگرین و ئەرکی قەڵاچۆکردنی بەکتریا و ڤایرۆسی نەخۆشخەر دەگرنە ئەستۆ. بۆیە کەم وەرگرتنی پڕۆتین وادەکات کۆئەندامی بەرگری بە کارایی جەنگی دژە میکرۆب نەکات و جەستە بە ئاسانی نەخۆشبکەوێت.

# چوار نیشانەی کەمیی کانزا و ڤیتامین

**ڕووداو– DW**

بەشێک لەو نەخۆشییانەی تووشی مرۆڤ دەبن، بەهۆی کەمیی کانزا و ڤیتامین و ڕەگەزە خۆراکییە پێویستەکانەوە ڕوودەدەن، بۆیە هەمیشە پزیشکان ڕێنمایی کەسانی ئاسایی دەکەن خۆراکی فرەجۆر و هەمەڕەنگیان هەبێ. جەستەی مرۆڤ هەندێک ئاماژە دەدات کە نەخۆش هەستی پێدەکات و پزیشکیش لەو زمانەی جەستە تێدەگات و هەندێکجار بۆی دەردەکەوێ بەهۆی کەمیی ڕەگەزێکی خۆراکییەوەیە کە ئەمانە هەندێکیانن و پسپۆڕانی ئەمریکا لە ماڵپەڕی پزیشکی (پریڤێنشن) ئاماژەیان پێکردوون:



**پەڵە و زیپکە:**
ئەو زیپکە سوورە وردانەی کە لەسەر پێست بە گشتی و پێستی پەلەکان بە تایبەت دەردەکەون، هەندێکجار هۆکارەکەیان کەمیی ڤیتامین (A) یان ماددەی (زینک)ە. بەپێی خەمڵاندنە زانستییەکان 17%ی خەڵکی جیهان کەمیی زینکیان هەیە، هەروەها یەک لە سێی منداڵان و یەک لە شەشی خانمانی دووگیان کەمیی ڤیتامین (A) یان هەیە.
سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی ڤیتامین A بریتین لە: جگەر، شیر، هێلکە، سەوزە گەڵاپانەکان و پەتاتە.
سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زینک بریتین لە: سەدەف، گۆشتی سوور، گۆشتی مریشک و شیرەمەنییەکان.



**سەرخوراندن:**
خەڵکی وەها تێگەیشتوون کە هۆکاری خورانی سەر تەنیا کرێشی پێستی سەرە، بەڵام توێژەرانی ئەمریکا دەڵێن هەندێک جار ئەمە بەهۆی کەمیی ترشە چەورییەکانی ئۆمێگا سێ و ئەلفالینۆلیلک ئەسید ڕوودەدات کە بە پلەی یەک لە ماسییە چەورەکاندا هەن، پاشان گوێز و ناوکی کەتان. بۆیە وا باشە هەر کەسێکی ئاسایی هەفتانە دوو ژەم ماسیی چەور بخوات.



**قژی سپی و لاواز:**
جگە لە فاکتەری بۆماوەیی، بەشێک لە هۆکارەکانی قژی سپی و خۆڵەمێشی بەهۆی کەمیی کانزای مس لە جەستەدا ڕوودەدات. مس ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستبوونی بۆیەی سروشتیی میلانین کە ڕەنگێکی تۆخ دەداتە تاڵە مووەکان.
سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی مس بریتین لە: سەدەف، قارچک، کونجی، گازۆ، پاقلەمەنییەکان، میوە وشککراوەکان و ئەڤۆکادۆ.
هەرچی قژی لاواز و ماندووە، ئەوە هەندێکجار بەهۆی کەمیی ماددەی ئاسن یان فۆلیک ئەسید و بایۆتین ڕوودەدات.
ئاسن لە گۆشتی سوور، خواردنە دەریاییەکان، جگەر و گۆشتی قەلدا زۆرە. فۆلیک ئەسید لە سەوزە گەڵاپانەکان، پاقلەمەنییەکان، گەنم و برنجدا هەیە. بایۆتین لە زەردێنەی هێلکە، بادام، کەلەرم، پەتاتە و سپێناخدا هەیە.



**برینی دەم:**
کەمیی ڤیتامین (B12) دەبێتە هۆی برینی بەئازاری دەم. بەڵام برینی دەم هۆکاری زۆری هەن، بۆیە ئەگەر ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو، یان زوو زوو ڕوویدا، باشترە سەردانی پزیشک بکەیت بۆ بەدواداگەڕانی هۆکارەکەی.
ڤیتامین B12 لە ماسی، گۆشتی سوور، گۆشتی سپی، هێلکە، شیر و بەرهەمەکانی شیردا زۆرە.

# ئایا (حومس) خواردنێکی تەندروستانەیە؟



**ڕووداو – تایم**

حومس خواردنێکی خۆش و بەتامە و لە هاڕاوەی نۆکی کوڵاو، ئارد و زەیت ئامادە دەکرێ، بەڵام ئایا تەندوستانەیە؟

نۆک خواردنێکی تەندروستانەیە و پسپۆڕان ڕێنماییتان دەکەن بیکەنە بەشێکی دیاری ژەمەکانتان، چونکە بە ریشاڵی خۆراکی و چەندین کانزا و ڤیتامین دەوڵەمەندە، بەڵام حومس بڕێکی بەرچاو خوێی تێدەکرێت کە ڕەگەزێکی خراپی خۆراکییە و هۆکارێکی بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن و ماندووکردنی گورچیلەیە.

هەروەها ئارد و زەیتی تێدەکرێ کە وادەکات کالۆرییەکی زۆر بدات و ڕێگە خۆشبکات بۆ قەڵەوبوون. کەوچکێک حومس بڕی 70 کالۆری وزە دەدات.

هەندێکجار حومس لەگەڵ نان دەخورێت، ئەوەش هێندەی دیکە کالۆرییەکەی زیاد دەکات.

ڕاستە لە حومسدا بڕێکی باش پڕۆتینی ڕووەکی هەیە، بەڵام پڕۆتینی ڕووەک هەموو ئەو ترشە ئەمینییە پێویستانەی تێدا نییە کە لە پڕۆتینە ئاژەڵییەکاندا هەن، وەکوو لە گۆشت و هێلکە و شیردا.

ئەگەر زۆر ئارەزووی خواردنی حومس دەکەی، ئەوە خۆت لە ماڵەوە ئامادەی بکە بەمجۆرە:

– خۆت نۆکەکە ئامادە بکە و بیهاڕە و خوێی تێمەکە.
– بڕێکی کەم ئارد و زەیتی زەیتوونی تێبکە.
– بەهارات و لیمۆی تێبکە لەبری خوێ.
– بە پارچە خەیار و تەماتەوە بیخۆ نەک بە نانەوە.

## مەزەندە دەکرێ 40 هەزار چەکداری تێدابێت

# سوپای سووریا خۆی بۆ شەڕی ئیدلیب ئامادە دەکات

بەرژەوەندیی ڕووسیا لەوەدایە سووریا لە نێوان کورد و بەشار ئەسەد بەدابەشکراوی بمێنێتەوە

ناوەندێکی ئەمریکی



ئۆپۆزسیۆن خەریکی تۆکمەکردنی سەنگەرەکانیان لە ئدلیب

ئیدلیب هێڵی سووری تورکیایە

بەرپرسێکی تورک

**ڕووداو - هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕەزامەندییان دەربڕی لەسەر ئەوەی ناوچەکانی نزیک لە بەرزاییەکانی جۆلان ڕادەستی حکومەت بکەن، هەفتەیەک پێشتریش ناوچەکانی نزیک لە سنووری سووریا و ئوردنیان چۆڵ کردبوو. ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی سووریا بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانیی ڕووسیا یەکێک لە خێراترین ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای سووریا بووە. شارەزایان چاوەڕێ دەکەن هێزەکانی سەر بە ڕژێم لەدوای باشوور ڕوو ئیدلیب لە باکووری ئەو وڵاتە بکەن کە بە دوایین بنکەی ئۆپۆزیسیۆن لە سووریا لەقەڵەم دەدرێ، بەڵام شەڕی باکوور ئاسان نابێ و کاردانەوەی نێوخۆیی و ناوچەیی گەورەی دەبێ.

لە دوو مانگی ڕابردوودا نیگەرانییەکانی ئیسرائیل تاکە هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای سووریا ئاڵۆز بێتە بەرچاو. ئیسرائیل ڕایگەیاندووە کە بەهیچ شێوەیەک وجودی هێزەکانی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان لە نزیک سنوورەکانی خۆی قبوڵ ناکات، لە چەند مانگی ڕابردووشدا چەندین جار بنکە سەربازی، هەواڵگری و لۆجستیکییەکانی ئێران و حیزبوڵڵای لەناو خاکی سووریا بۆردومان کردووە. بە درێژایی ئۆپەراسیۆنەکانی باشووریش ئێران، ڕووسیا و حکومەتی سووریا هەوڵیان داوە ئیسرائیل نەهێننە ناو شەڕەکەوە.

## ڕێگەی سەختی باکوور

گوتەبێژێکی سوپای ئازادی سووریا لە دوای دانوستاندن لەگەڵ فەرماندەکانی ڕووسیا لە درعا ڕایگەیاند، لایەنی ڕووسی هۆشداری داوەتێ کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ناتوانن ئیدلیب بکەنە پەناگەیەکی درێژخایەن، لەبەر ئەوەی هێزەکانی حکومەتی سووریا بە پاڵپشتی ڕووسیا لە مانگی ئەیلوولدا هێرش دەکەنە سەری.

ئیبراهیم جیباوی، گوتەبێژی سوپای ئازادی سووریا، لە ڕۆژی 10ی تەمووز لەگەڵ بەرپرسانی سەربازیی مۆسکۆ کۆبووەوە و دوای دانیشتنەکە بە ئاژانسی (سمارت)ی نزیک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕاگەیاند: "ڕووسەکان هۆشدارییان پێداین کە باشتر وایە هێزەکانی سوپای ئازاد ڕوو لە ئدلیب نەکەن، چونکە لەوێش دێنە سەرمان". فەرماندەیەکی سەربازیی سوپای ئازادیش جەختی لەوە کردووەتەوە کە هێزەکانیان خەریکی بەهێزکردنی سەنگەرەکانیان لە ئدلیب.

ناوەندی جیۆپۆلیتیکاڵ فیوچەرز (GPF)ی ئەمریکی لە دوایین ڕاپۆرتیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شەڕی باکوور هێندەی شەڕەکەی باشوور ئاسان نابێ، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی هێزی سەربازیی تورکیا لەوێن و ژمارەیەک گرووپی میلیشیایی سەر بە سوپای ئازادی سووریا لەو پارێزگایە جێگیرکراون، واتە هەر ئەو هێزانەی تورکیا بۆ هێرشەکانی سەرەتای ئەمساڵی عەفرین بەکاریهێنان.

عەفرین، پاش زیاتر لە دوو مانگ شەڕ، لە مانگی ئاداری 2018 کەوتە دەست هێزەکانی نزیک لە تورکیا. هەندێک لە مەزندەکان باسیان لە بەشداریی 25 هەزار چەکداری سوپای ئازاد لەو شەڕەدا دەکرد. جیا لەمە هێزەکانی سووریای دیموکراتیش بەهۆی ڕێککەوتنێکی نێوان واشنتن و ئەنقەرە لە مەنبج دەکشێنەوە.

کەوتنی عەفرین و چۆڵکردنی مەنبج لەلایەن (هەسەدە)وە دەستی تورکیا و هێزە میلیشیاییەکانی سوپای ئازاد واڵاتر دەکات بۆ ئەوەی هێزێکی زۆر لەو دوو ناوچەیەوە ڕەوانەی پارێزگای ئدلیب بکەن، ئەمە جیا لەوەی هەزاران چەکداری ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێک بەناوبژیوانی ڕووسیا لەگەڵ حکومەتی سووریا، لەناوچەکانی باشووری سووریاوە بەرەو ئەو پارێزگایە ڕایانکردووە. هەندێک لە ئامارەکان باس لە 40 هەزار چەکداری ئۆپۆزیسیۆن لە پارێزگای ئدلیب دەکەن، لەکاتێکدا سەتان سەربازی تورک و چەکی قورسی تورکیاش لەو پارێزگایەدا جێگیرکراون.

ناوەندە ئەمریکییەکە بە دووری دەزانێ هێزی ئاسمانیی ڕووسیا لەو شەڕەدا یارمەتی ئەسەد بدات، لەبەر ئەوەی "هیچ بەرژەوەندییەکی ڕووسیا لەوەدا نییە لەگەڵ تورکیا تووشی شەڕ ببێ، ئەگەریش هێزی ئاسمانیی ڕووسیا لەو شەڕەدا بەشداری بکات، ئەوە ئەگەری پێکدادانی ڕاستەوخۆ لەنێوان هێزەکانی هەردوو وڵات یانیش وەکیلەکانیاندا دێتە ئاراوە".

لە پارێزگای ئدلیب ژمارەیەک هێزی ئۆپۆزیسیۆنیش هەن کە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ تورکیادا نییە، لەوانەش هەیئەی تەحریری شام. یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە ڕووسیا و تورکیا لەسەر ئەوە ڕێکبکەون کە هێزەکانی ڕژێم و فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا تەنیا بنکەکانی ئەو هێزانە بکەنە ئامانج. بەڵام ئەو جۆرە ڕێککەوتنە بە کردەوە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی دیاریکردنی ناوچەکانی جێگیربوونی هێزە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆن سەختە. جیا لەمەش لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا چەندینجار لەگەڵ فلادیمیر پوتین قسەی کردووە و هۆشداری داوە لەوەی هێرش بۆ سەر ئدلیب بەمانای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئاستانە دێت.

سەرچاوەیەکی فەرمی تورکیاش کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، بە (GPF)ی ڕاگەیاند کە "ئدلیب هێڵی سووری تورکیایە".

ئەنقەرە لە دوو ساڵی ڕابردوودا شوێنی خۆی لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا قایم کردووە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە قووڵاییەکی ستراتیژی بە تورکیا دەدات بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەڕەشەکانی پەکەکە ببێتەوە و هێزەکانی سەر بە ئێران لە سنوورەکانی باشووری خۆی دوور بخاتەوە.

تورکیا لە زۆربەی ئەو ناوچانەی سووریا کە دەستی بەسەردا گرتوون ناسنامەی تورکی بە دانیشتووان داوە و سیستەمێکی نوێی حوکمڕانیشی لەو ناوچانەدا پەیڕەو کردووە. یەکێک لەو ناوچانەش کە تورکیا سەرمایەگوزارییەکی زۆری سەربازی، دارایی و سیاسی تێدا کردووە پارێزگای ئدلیبە. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ ئەگەر سووریا دەست بۆ ئدلیب بەرێ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی حەوت ساڵەی شەڕی نێوخۆی سووریادا شەڕێکی نێوان دەوڵەتان سەرهەڵبدات.

ڕووداوەکانی چەند مانگی داهاتووی ئدلیب بەستراونەتەوە بە هەڵوێستی ڕووسیاوە. هەرچەندە ڕووسیا بەشدارییەکی بەرچاوی لە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی باشووری سووریادا هەبووە، بەڵام ڕاپۆرتەکەی (GPF) جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا نەبەستراونەتەوە بەوەی هێزەکانی سەر بە بەشار ئەسەد هەموو ناوچەکانی ئەو وڵاتە کۆنترۆڵ بکەنەوە. بەرژەوەندیی درێژخایەنی ڕووسیا لەوەدایە سووریا لەنێوان ڕژێم و هێزە کوردییەکاندا بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا هێزە کوردییەکان لەدژی تورکیا بەکاربهێنێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، ئێستا ڕووسیا بەرژەوەندی لە گرتنەوەی ئدلیبدا نییە، لەکاتێکدا تێچووی سیاسی و سەربازیی شەڕەکەش بۆ ڕووسیا زۆر دەبێ.

## ژمارەیەکیان کەیسی قورسیان هەیە

# فەرەنسا ئیسلامییە توندئاژۆکان ئازاد دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

پێنج ساڵ لەمەوبەر، پۆلیسی فەرەنسا کەسێکی تەمەن 20 ساڵانیان دەستگیر کرد کە ناسنامەیەکی ساختە و جلوبەرگی سەربازیی کڕیبوو، بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕوو لە سووریا بکات. گومانلێکراوەکە کە ناوی یەکەمی نەسیم بوو، بەنیاز بوو بچێتە ڕیزەکانی داعش، دواتر بە تۆمەتی پیلانگێڕی بۆ داعش دەستگیرکرا. ئێستا حکومەتی فەرەنسا دەیەوێ نەسیم و سەتان گومانلێکراو و تاوانباری دیکە ئازاد بکات.

لە گەرمەی هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش لە پایتەختە ئەوروپییەکاندا، حکومەتی فەرەنسا دەستی دەزگا ئەمنییەکانی واڵا کرد بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان لە توندئاژۆکان پاک بکەنەوە. ئەوکات سەتان کەس کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا پەیوەندی یان هەست و سۆزیان لەگەڵ ڕێکخراوێکی توندئاژۆی ئیسلامیدا هەبێ، دەستبەسەرکران. سێ ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیوە و ئێستا حکومەتی فەرەنسا دەیەوێ لە چەند هەفتەی داهاتوودا سەتان کەس لەو گومانلێکراوانە ئازاد بکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی دەزگا ئەمنی و دژەتیرۆرەکانی فەرەنسا نیگەرانن لەوەی بەهۆی ئەو بڕیارەوە شەپۆلێکی نوێ لە هەڕەشەی تیرۆریستی ڕوو لە فەرەنسا بکات، بۆیەش یەکەیەکی نوێیان کردووەتەوە بۆ چاودێریکردنی هەموو تۆمەتبارە ئازادکراوەکان.

لە مانگی ئایاری ئەمساڵ، فرانسوا مۆلینس، دادوەری پاریس، بە تەلەفزیۆنی نیشتمانیی فەرەنسای ڕاگەیاند: "لەبەردەم مەترسییەکی گەورە داین، چونکە خەڵکانێک هەن ماوەی سزاکەیان تەواوبووە و گرتووخانەکان جێدەهێڵن، لەکاتێکدا هیچ چاکسازییەک تێیاندا ڕووینەداوە، بگرە بەهۆی مانەوەیان لەناو گرتووخانەکاندا توندڕەوتر بوون".

ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ)ی ئەمریکی ئەوەش دەخاتەڕوو ئەوانەی ئازاد دەکرێن تەنیا ئەو گومانلێکراو و تاوانبارانە نین کە لەدوای سەرهەڵدان و هێرشەکانی داعشەوە دەستگیرکرابوون، بەڵکو خەڵکانێکی وەکو جەمال بەقالیش هەن کە لە ساڵی 2001 لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی دەستگیرکرابوو و پاش دوو مانگ لێکۆڵینەوە ڕادەستی حکومەتی فەرەنسا کرایەوە.

بەقال لە ساڵی 2006 مافی هاووڵاتیبوونی فەرەنسی لێسەندرایەوە و بڕیارە ڕادەستی وڵاتەکەی خۆی، واتە جەزائیر، بکرێتەوە. دادگای باڵای فەرەنسا ڕایگەیاندووە تاوانبارە جەزائیرییەکە "باوکی ڕوحی" ئەنجامدەری هێرشەکانی شارلی ئیبدۆ لە 2015 بووە. لە لێکۆڵینەوەکانی 2001دا دانی بەوەدا نابوو پیلانی هێرش بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاریسی دانابوو. بەقال لە دووشەممەی هەفتەی ڕابردووەوە ئازادکراوە.

ئێستا 512 کەس بە تاوانی تیرۆر لە گرتووخانەکانی فەرەنسادان

وەزارەتی دادی فەرەنسا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە 50 کەس لەوانەی ئازاد دەکرێن سزای پەیوەندیدار بە کردەوەی تیرۆریستییان هەبووە و 400ی دیکەش وەکو کەسانێک لە قەڵەم دەدرێن کە لە گرتووخانەکانی فەرەنسادا بیری توندئاژۆیی لەناو مێکشیاندا چێنراوە. هەموو ئەو کەسانەش پێش کۆتایی 2019 ئازاد دەکرێن.

لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا یەکێک لە کێشەکانی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوروپا چۆنێتی چاودێریکردن و جڵەوکردنی بەندکراوی وەکو بەقال لەناو گرتووخانەکان بووە کە زۆربەی جاران پەیوەندی و قسە لەگەڵ بەندکراوانی تاوانەکانی دیکەدا دروستدەکەن و لەو ڕێگەیەوە بیری توندئاژۆیی لەناو مێکشکیاندا دەچێنن.

لەدوای لاوازبوونی و دواتر ڕووخانی خەلافەتەکەی داعش سەتان چەکدار و لایەنگری داعش لە سووریا و عێراقەوە گەڕاونەتەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا، سەتان کەسیش وەکو گومانلێکراو یان لایەنگری داعش لە وڵاتە ئەوروپییەکان دەستگیرکراون، جیا لەمە بەگوێرەی هەندێک لێکۆڵینەوەی مەیدانی 50 بۆ 60٪ی بەندکراوانی ناو گرتووخانەکانی وڵاتێکی وەکو فەرەنسا موسڵمانن، هەموو ئەمانە وایکردووە گرتووخانەکانی وڵاتانی ئەورووپی، بەتایبەتیش فەرەنسا و بەلجیکا، شوێنیکی لەبار بێت بۆ "بەرادیکاڵکردن"ی بیرکردنەوەی بەندکراوان.

لە ساڵی 2016، حکومەتی فەرەنسا سزای سەختتری بۆ کەیسەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆر دانا. بەگوێرەی ئاژانسی دادی یەکێتیی ئەوروپا (ناسراو بە یورۆجاست) تێکڕای سزای تاوانەکانی پەیوەندیدار بە تیرۆر لە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپا تەنیا پێنج ساڵ بووە. نەسیم، کە سزای شەش ساڵ بەندکردنی بۆدەرچووبوو، پێش دەستگیرکرانی بێکاربووە و لە شاری نیس لە فەرەنساوە بیروباوەڕی توندئاژۆیی بڵاودەکردەوە. کامیلێ لوکۆت، پارێزەری نەسیم، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەو تاوەکو ئێستاش پەیڕەوی لە ئیسلامێکی وشک دەکات".

پارێزەرەکە لە وەڵامی پرسیارێکی (جورناڵ) کە ئاخۆ بیرکردنەوەی نەسیم لەناو گرتووخانەکەدا بەرادیکاڵ نەکراوە دەڵێ "ئەگەر مەبەست لە بەرادیکاڵبوون ئەوە بێت بیەوێ هێرشی تیرۆریستی بکات، ئەوە دەبێ بڵێم نەخێر بیرکردنەوەی نەسیم ڕادیکاڵ نییە". بەڵام ئەمە نیگەرانی دەزگا ئەمنییەکانی فەرەنسا نارەوێنێتەوە، بۆیەش نیکۆڵ بێلوبێ، وەزیری دادی فەرەنسا، بە تەلەفزیۆنی نیشتمانیی فەرەنسای ڕاگەیاند "ئێمە پێشبینی ئازادکردنی ئەو کەسانەمان کردبوو، بۆیەش (لەدوای ئازادکردنیان) لە نزیکەوە چاومان بەسەریانەوە دەبێ".



400 کەس لە گرتووخانەکانی فەرەنسا بیری توندئاژۆیی لەنێو مێشکیاندا چێندراوە

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەک لە هێرشەکانی فەرەنسا لەلایەن بەندکراوانی پێشووەوە بوون، لەوانەش هێرشەکەی 26ی تەمووزی 2016 کە تێیدا گەنجێکی 19 ساڵان قەشەیەکی لە باکووری فەرەنسا کوشت. دەزگا ئەمنییەکانی فەرەنسا ژمارەیەکی زۆر کەسیان بە تۆمەتی تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆرەوە دەستگیرکرد، بەم هۆیەشەوە شەقامەکانی فەرەنسا لەو جۆرە کەسانە پاکبوونەوە، بەڵام گرتووخانەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پڕبوون لەو جۆرە تاوانبارانە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دادی فەرەنسا، ئێستا 512 کەس بە تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆر لە ژوورەوەن، بەو پێیەش لە چوار ساڵی ڕابردوودا گیراوانی ئەو جۆرە تاوانە بەڕێژەی سێ بەرامبەر زیادیکردووە. داتاکانی حکومەتی فەرەنسا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە 1200 کەسی دیکەش بە "بەرادیکاڵکراو" لەقەڵەم دەدرێن، بەو پێیەش لە چاو ساڵی 2015 ڕێژەی ئەو جۆرە گیراوانە 70٪ زیادیکردووە.

لە ساڵی 2015 و 2016 دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی فەرەنسا کێشەی زۆریان لەگەڵ چاودێریکردنی هەموو ئەو کەسانەدا هەبوو کە داعش لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە مێشکی شۆردبوونەوە. بەرپرسێکی دەزگای دژەتیرۆری فەرەنسا بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند "هەڵمەتێکمان لەناو گومانلێکراواندا دەستپێکرد کە لە وڵاتی خۆماندا بێ وێنە بوو".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، یەکەی نوێی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری فەرەنسا هاوئاهەنگی لەنێوان گرتووخانەکان و دەزگا ئەمنییەکان دروستدەکات، چاودێری گۆڕینی ناونیشان و گەشتەکانی دەرەوەی ئەو کەسانە دەکات کە ئازادکراون و هێشتا گومانیان لەسەرە. فەرهاد خەسرەو خاوەر، کۆمەڵناس و لێکۆڵەری بەناوبانگ لەبارەی گروپە جیهادییەکان، پێیوایە "ئێستا حکومەت زیاتر لە جاران ترسی لێ نیشتووە".

## پێشتریش بە هانای ئێرانەوە هاتووە

# چین کاریگەریی سزا ئەتۆمییەکان لەسەر ئێران سووک دەکات

ڕووداو- هەولێر

مانگی ئایاری ئەمساڵ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەردەچێ و هەموو سزا ئەتۆمییەکانیش دەگەڕێنێتەوە سەر تاران. ئیدارەی ئەمریکی پێیوایە ئەم سیاسەتە ئێران تووشی "گۆشەگیری سیاسی و بازرگانی" دەکات و دواجار ئەو وڵاتە ناچار دەبێ بە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆمیی "بەرفراوانتر و باشتر" ڕازی بێت. ئێستا ئێران گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی پاراستنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ ئەورووپا ئەستەمە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پلانەکەی ترەمپ بۆ گۆشەگیرکردنی تاران سەردەگرێ.

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، هەر کاتێک ئێران ڕووبەڕووی سزای نێودەوڵەتی بووبێتەوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین بەهێزتر بووە. ئێستاش بۆ بەرەنگاربوونەوەی سزاکانی ئەمریکا (کە دەستی ئەورووپاشی بەستووە)، ئێران جارێکی دیکە چاوی لە بەهێزکردنی پەیوەندییە لەگەڵ چین. چینیش ڕایگەیاندووە کە ئامادەیە دوای جێبەجێکردنی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران نەک هەر درێژە بە کڕینی نەوت لە ئێران بدات، بەڵکو ئاستەکەی لە جارانیش بەرزتر دەکاتەوە.

ژمارەیەک بەرپرسی کۆشکی سپی کە بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی دواون، نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە لەوەی چین ئەو نەوتە لە ئێران بکڕێتەوە کە وڵاتانی دیکە لە ترسی سزا داراییەکانی ئەمریکا چیدی ناوێرن بیکڕن. بەرپرسێکی ئێرانیش بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە کە وڵاتەکەی سەرقاڵی دانوستاندنە لەگەڵ چینییەکان بۆ ئەوەی سەرباری سزا ئەتۆمییەکانیش، چین لە کڕینی نەوتی ئێران بەردەوام بێ.

### پەیوەندییەکانی چین و ئێران

مێژووی پەیوەندیی هاوچەرخی چین و ئێران بۆ ساڵی 1978 دەگەڕێتەوە. ئەم پەیوەندییە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی محەممەد ڕەزا شای پەهلەویش بەردەوام بوو. لە ساڵانی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا، ئەو وڵاتە فرۆشیارێکی سەرەکیی چەک بوو بە ئێران، هەر ئەو پەیوەندییەش بوو بە بناغەیەک بۆ ئەوەی لە دوو دەیەی دواتریشدا چین هاوبەشێکی سەرەکیی دارایی، سیاسی، سەربازیی ئێران بێت.

سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەدژی ئێران لە ناوەڕاستی دەیەی یەکەمی دوو هەزارەکانەوە دەستیپێکرد. ئەوکات چین هاوبەشی سەرەکیی بازرگانی و ئابووریی ئێران بوو، توانی ئەو سزایانە لەسەر ئێران سووک بکات.

دینا ئیسفەندیاری، لێکۆڵەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی و ئادریان تەباتەبایی، لێکۆڵەر لە ناوەندی ئاسایشی نوێی ئەمریکا، لە وتارێکی هاوبەشدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز) ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو پەیوەندییانە قازانجی بۆ هەردوو وڵات هەبووە، چونکە لای چینییەکان ئێران سەرچاوەی سەرەکی وزە و بازاڕێکی گەورە بۆ کاڵا چینییەکان بووە، جیا لەمە پێگەی جیۆپۆلیتیکی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کەنداو وایکردبوو ئێران ڕۆڵێکی سەرەکی لە فراوانخوازییە ئابووری و سیاسییەکانی چیندا هەبێ. ئێران لە چەقی ئەو ڕێگەیەدایە کە ئاسیای نێوەڕاست بە ئەورووپا و ئەفریقا و ناوچەی قەوقازەوە دەبەستێتەوە. لای ئێرانییەکان چین لە ساتەوەختە سەختە ئابووری و سیاسییەکاندا هاوپەیمانێکی بەهێزە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دابنێ، دەرگای پەیوەندیی بازرگانی گەورە لە ئێران بکاتەوە و کڕیارێکی سەرەکیی نەوتی ئێرانیشە.

دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2015، تاران پەلەیەکی زۆری بوو دەرگای پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەورووپا بکاتەوە و ئابوورییەکەی هێندە وابەستەی چین نەبێ، چونکە ئێرانییەکان دەیانزانی پەیوەندیی ئاوها بەرفراوان لەگەڵ چین زیانیشی هەیە، بەتایبەتیش ئەگەر پەیوەندییەکان بۆ ئێران ناچاری بن. کێشەی ئێرانییەکان تەنیا ئەوە نەبوو کاڵاکانی چین لەڕووی کوالێتییەوە خراپن، بەڵکو کاڵای چینی بەرهەمی نێوخۆیی کەم کردبووەوە، هەلی کاری ئێرانی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزاندبوو، لە ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەکانیشدا کرێکاری چینی شوێنی ئەندازیار و شارەزا و کرێکاری ئێرانییان گرتبووەوە.

### چین چی دەکات؟

ئابووری و پیشەسازیی چین لە چاو ساڵانی یەکەمی سەدەی بیست و یەک گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئابووری و بازرگانی چین تەواو جیهانی بووەتەوە، بۆیەش کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە بەر سزاکانی ئەمریکا بکەون. جیا لەمە، ئیدارەی ئێستای ئەمریکا، بەپێچەوانەی ئیدارەی پێشوو، لە سزادانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی چین سڵ ناکاتەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا ئەمریکا و چین بە سەختترین قۆناغی پەیوەندییە بازرگانییەکانی خۆیان لە چەند دەیەی ڕابردوودا تێدەپەڕن.

بەم حاڵەشەوە ئیسفەندیاری و تەباتەبایی پێیانوایە ئێران گەشبینە بەوەی چین ئەمجارەش پشتی تێنەکات. لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا چینییەکان نەک هەر درێژە بە کارەکانیان لە ئێران دەدەن، بەڵکو ئامادەییشیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی شوێنی ئەو کۆمپانیا ئەورووپییانە بگرنەوە کە بەنیازن پڕۆژەکانیان لە ئێران جێبهێڵن. جیا لەمە سیستەمی ئابووریی چین زۆر کراوەتر مامەڵە لەگەڵ وەرگرتنی هەقدەستدا دەکات و لە ڕابردوودا کاریان بە میکانیزمی کاڵا بەرامبەر بە کاڵا کردووە، لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە چین دەیەوێ کارکردن بە دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ هەندێک لە وڵاتان کەم بکاتەوە و لەبری ئەوە کار بە یوانی چینی بکات، لەو ڕێگەیەشەوە خۆی لەو سزایانە دەپارێزێ کە ئەمریکا لەسەر بازرگانیکردن بە دۆلار لەگەڵ ئێرانی داناوە.

دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە و بێدەسەڵاتیی ئەورووپییەکان لە قایلکردنی ئێران بە مانەوە لە ڕێککەوتنەکەدا، بووەتە هۆی ئەوەی چین ڕۆڵێکی سەرەکی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەبێ. چین ڕۆڵی سەرەکی لە دیزاینکردنەوەی ڕیاکتۆری ئەتۆمی ئەراکدا دەبێ و بڕیارە لە چەند ساڵی داهاتوودا دوو ڕیاکتۆری ئەتۆمی دیکە بۆ ئێران تەواو بکات. بەو پێیەش چین لەلایەکەوە ڕۆڵی بنیاتنەرەوەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێرانی دەبێ و لەلایەکی دیکەشەوە وەکو چاودێرێکی ئەنجوومەنی ئاسایش ئاگای لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دەبێ، بەمەش پێگەی دیپلۆماتیکی چین بەشێوەیەکی بەرچاو لەناوچەکە و لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرز دەبێتەوە.

لەکاتێکدا دانوستاندنەکانی ئێران لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا بۆ درێژەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکان بەردەوامە، ئێرانییەکان دەزانن چین تاکە هاوبەشە کە بتوانن وەکو دەرگایەکی بازرگانی و ئابووری پشتی پێ ببەستن، لەبەر ئەوەی حکومەتە ئەورووپییەکان نەیانتوانیوە پاکێجێکی گونجاو پێشکەش بە ئێران بکەن. ئەگەر چین دەرگای پەیوەندییە بازرگانییەکانی لە ئێران دانەخات، ئەوە چاوەڕێ ناکرێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئێران ڕازی بێ جارێکی دیکە دانوستاندن لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکات.



کۆمپانیا چینییەکان شوێنی ئەو کۆمپانیا ئەورووپیانە دەگرنەوە کە ئێرانیان جێهێشتووە

## گوێی بە ئامۆژگاریی ڕاوێژکارەکانی نەدا

# ترەمپ دۆڕاوی کۆبوونەوەکەی هیلسینکی دەرچوو

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، سەرۆکی ئەمریکا و ڕووسیا لە هیلسینکی کۆبوونەوە. ڕێک دوای کۆبوونەوەکە و لەکاتی گەڕانەوە بۆ ئەمریکا، ڕاوێژکارانی کۆشکی سپی لە دەوری ترەمپ کۆبوونەوە، چونکە دەیانزانی سەرۆکی وڵاتەکەیان کۆمەڵێک هەڵەی کردووە کە ئاکامی مەترسیداری درێژخایەنی دەبێ. ژمارەیەک کاربەدەستی کۆشکی سپیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هەموو کۆبوونەوەکە و کۆنگرە ڕۆژنامەڤانییەکەی دواتر پێچەوانەی پلان بەڕێوەچوون، بۆیەش ڕووسیا براوەی یەکەمی کۆبوونەوەکە دەرچوو.

### پوتین و بەزاندنی ئاسمانی ناتۆ

فلادیمیر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا، چاوەڕێی کۆبوونەوەکەی نەکرد بۆ ئەوەی هێزی وڵاتەکەی بە ناتۆ و ئەمریکا پیشانبدات، بەڵکو فڕۆکەی سەرۆکایەتیی ڕووسیا پێش گەیشتنی بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی 50 چرکە سنووری ئاسمانیی ئیستۆنیای بەزاند. ئیستۆنیا وڵاتێکی بچووکە لە ناوچەی باڵتیک لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و بە یەکێک لەو وڵاتانە دەزانرێ کە توانای کاردانەوە و هەڵوێست نواندنی ناتۆی تێدا تاقی دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا بە بەردەوامی سنووری ئاسمانی ئەو وڵاتە دەبەزێنن.

ڕۆلاند مورۆف، گوتەبێژی هێزە سەربازییەکانی ئیستۆنیا، لەوبارەیەوە بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاند، ئامانج لەو سنوور بەزاندنە ئەوە بووە بێدەسەڵاتیی ناتۆ لە ناوچەی باڵتیک پیشان بدات.

### ترەمپ لە دەست ڕاوێژکارەکانی دەردەچێ

ڕاوێژکاران و کاربەدەستانی کۆشکی سپی ئاواتەخواز بوون کۆبوونەوەکە و پرێس کۆنفرانسەکەی دووشەممە بەشێوەیەکی جیاواز بەڕێوەچووبا، پێش کۆبوونەوەکەش ڕاپۆرتێکی 100 لاپەڕەییان دابووە دەست دۆناڵد ترەمپ کە تێیدا هەڵوێستی توند بەرامبەر پوتین و ڕووسیا بەدی دەکرا. بەڵام وەکو ڕاوێژکارێکی کۆشکی سپی بۆ ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئاشکرا دەکات "هەموو لێدوانەکانی ترەمپ لە کۆنفرانسە میدیاییەکە پێچەوانەی ئەو شتە بوو کە پلانی بۆ دانرابوو".

ڕاوێژکارێکی دیکەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە "هەموو ڕاوێژکارەکان هانی ترەمپیان دەدا هەڵوێستێکی توند بەرامبەر پوتین وەربگرێ". بەتایبەتیش لە دۆسیەی کریمیا و دەستتێوەردان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، بەڵام ترەمپ لەسەر پلانی خۆی ڕۆیشت، باسی کریمیای هەر نەکرد و لە مەسەلەی دەستتێوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاش پشتیوانی لە قسەکانی پوتین کرد، بەمەش هەموو دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی ئەمریکای بەدرۆخستەوە.

لیندسی گراهام، سیناتۆری کۆماری، پێیوایە ترەمپ هەست دەکات ئەگەر دان بەوەدا بنێت ڕووسەکان دەستیان لە هەڵبژاردنەکان وەرداوە "بەمە سەرکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە".

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (پۆست)ی ئەمریکی، ڕاوێژکارانی کۆشکی سپی چەند ڕۆژێک بەر لە کۆبوونەوەکە هەستیان بەوە کردبوو ترەمپ نایەوێ بە قسەی ستافی کۆشکی سپی بکات. بەرپرسێکی کۆشکی سپی ئاشکرای دەکات ترەمپ بە کۆبوونەوە لەگەڵ پوتین دڵخۆشتر بووە هەتا کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتانی ناتۆ.

چەند ڕۆژێک پێش کۆبوونەوەکە، کاربەدەستانی کۆشکی سپی دڵنیاییان بە هاوپەیمانە ئەورووپییەکانیان دابوو "پێویست بە نیگەرانی ناکات". چونکە هیچ ڕێککەوتنێکی نهێنی لە نێوان ترەمپ و پوتیندا ڕوونادات و سەرۆکی ئەمریکاش هیچ بەڵێنێک بە هاوتا ڕووسییەکەی خۆی نادات کە کێشە بۆ هاوسەنگیی هێز لەنێوان ئەورووپییەکان و ڕووسیا دروستبکات. بەڵام پرێس کۆنفرانسە هاوبەشەکەی ترەمپ و پوتین هەموو بەڵێنەکانی پووچ کردەوە. بۆیەش دیپلۆماتێکی ئەورووپی بە (واشنتن پۆست) دەڵێ: "ڕاوێژکارەکان هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەر واقیعی کۆشکی سپیدا نییە".



ترەمپ بە قسەی ڕاوێژکارەکانی نەکرد و لەگەڵ پوتین باسی قەیرانی سووریای کرد

### ڕاستکردنەوەی هەڵەکان

ڕاوێژکارانی ترەمپ دەیانزانی ناکرێ هەتا کاتی گەیشتنەوەیان بۆ ئەمریکا چاوەڕێ بکەن و لەوێ پێداچوونەوە بۆ هەڵەکانی پرێس کۆنفرانسەکەی دووشەممە بکەن. بۆیەش هەر لەناو فڕۆکەی سەرۆکی ئەمریکادا کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ترەمپ لە کۆبوونەوە لەگەڵ ڕاوێژکارانی داوای کردبوو لێدوانێکی نوێی بۆ ئامادە بکەن بۆ ئەوەی پێشکەش بە ڕای گشتی ئەمریکای بکات. جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆکی ئەمریکا، لیستێکی لەو خاڵانە ئامادە کردبوو کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە.

بۆڵتن لە لیستەکەی خۆیدا داوای کردبوو سەرۆکی ئەمریکا جەخت لە پشتیوانی و متمانەی خۆی بە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا بکاتەوە، ئیدانەی هەر چەشنە دەستتێوەردانێک لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بکات و دڵنیاییش بدات کە ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی 2016 دا ڕوویدا لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکادا ڕوونادەنەوە. ڕۆژی سێشەممە و لە کۆبوونەوەی کابینەی حکومەتدا، ترەمپ ڕایگەیاند لێدوانەکەی لەبارەی دەستتێوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنەکانی 2016ی ئەمریکا بۆ "هەڵە خوێندنەوە"ی بڕگەکە دەگەڕێتەوە و مەبەستی ئەو ئەوە بووە "هیچ هۆکارێک نابینم ڕووسیا دەستی لە هەڵبژاردنەکان وەرنەدابێ". لەکاتێکدا لە پرێس کۆنفرانسەکەی هیلسینکیدا ترەمپ گوتی: "هیچ هۆکارێک نابینم ڕووسیا دەستی لە هەڵبژاردنەکان وەردابێ".

### چارەنووسی سووریا

لە ڕۆژانی پێش کۆبوونەوەکەی هیلسینکی، ڕاوێژکارە سەربازی و ئەمنییەکانی کۆشکی سپی هەوڵی زۆریان دابوو قەیرانی سووریا، چارەنووسی هێزە ئێرانییەکان و حیزبوڵڵای لوبنانی و چارەنووسی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بەشێک لە ئەجێندای کۆبوونەوە دوو کازێرییەکەی ترەمپ و پوتین نەبێ، کە جگە لە دوو وەرگێڕی ئەمریکی و ڕووسی هیچ کەسێکی دیکە هاوڕێیەتی دوو سەرۆکەکەی نەدەکرد. بەرپرسێکی کۆشکی سپی بە ماڵپەڕی (دەیلی بیست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە کە ڕاوێژکاران نیگەران بوون لەوەی پوتین قەناعەت بە ترەمپ بکات هێزە ئەمریکییەکان لە سووریا بکێشێتەوە، بەمەش ڕووسیا و حکومەتی سووریا ببنە تاکەسواری گۆڕەپانی شەڕی نێوخۆی سووریا. کۆنفرانسە میدیاییەکەی دووشەممەی ڕابردوو دەریدەخات ترەمپ بەقسەی ڕاوێژکارانی نەکردووە و پرسی سووریا یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بووە.

لە دوای کۆبوونەوەکە هەردوو سەرۆک ڕایانگەیاند "هاوکاری نێوان هەردوو وڵات" دەتوانێ کۆتایی بە قەیرانەکە بهێنێ. ئەمە ئەو خاڵەیە کە کاربەدەستانی وەزارەتی بەرگریی واشنتن، وڵاتانی کەنداو و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا چاوەڕێی بیستنیان نەدەکرد. ڕۆبێرت فۆرد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە سووریا، لەمبارەیەوە بە (جورناڵ)ی ئەمریکی گوت "ڕاستیت دەوێ سەرم لێشواوە و نازانم ئەمریکا لە کام بواردا دەتوانێ هاوکاری ڕووسەکان بکات". هەرچەند هەردوو وڵات بە بایەخەوە باسی نیگەرانییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل لە بەرزاییەکانی جەولان دەکەن.

دوور لە ژووری کۆبوونەوە سیاسییەکان، فەرماندەکانی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە تاوەکو ئێستا هیچ ڕێنماییەکی نوێیان بۆ نەهاتووە، هەرچەند حکومەتی ڕووسیا باس لەوە دەکات دوای کۆبوونەوەکەی نێوان ترەمپ و پوتین هاوکارییە سەربازییەکان لە سووریا زیاتر دەبن و تەنانەت ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەسەر خاکی سووریا دەکەن.

### پوتین دێتە ئەمریکا؟

ڕۆژی پێنجشەممە کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند ترەمپ بەنیازە لە وەرزی پاییزدا پوتین بانگهێشتی ئەمریکا بکات.

ئەم بەیاننامەیە لەکاتێکدایە ئیدارەی واشنتن تاوەکو ئێستاش نەیتوانیوە هەموو وردەکارییەکانی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکە و هەڵەکانی پرێس کۆنفرانسەکە بۆ ڕای گشتی ئەمریکا بخاتەڕوو.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی کۆچی عەرەبە تینووەکاندا

بەپێی ئەو زانیارییە زانستیانەی دەربارەی ئاو لەسەر گۆی زەوی دەخرێنە روو، ئاو 70%ی رووی زەوی پێکدێنێ. بەڵام لەم رێژەیە کەمتر لە 3%ی بۆ خواردنەوە دەشێت، ئەوی دیکەی ئاوی سوێری دەریا و زەریاکانە. ئەو رێژە کەمەی کە بۆ خواردنەوە و پێداویستییەکانی تری ژیانی رۆژانەی مرۆڤ دەگونجێت، بەهۆی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان لەسەر گۆی زەوی و، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما و گەرمبوونی زەوی، ئێستا هەڕەشەی لەسەرە. ناوەندە زانستییەکان پێشبینی دەکەن لە چەند دەیەی داهاتوودا بەهۆی کەمبوونەوە و نەمانی ئاوی خواردنەوە، بەشێکی مرۆڤایەتی بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوونەوە.

مەبەستی من لەم وتارە قسەکردنە لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەو هەڕەشانەی لە داهاتوویەکی نزیکدا بەهۆی ئاو رووبەڕووی کوردستان دەبنەوە. بەپێی توێژینەوەی ناوەندە زانستییەکان و کۆمسیۆنەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، عێراق بە یەکێک لەو وڵاتانە دادەنرێت کە هەڕەشەی کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی لەسەرە، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری سەرچاوەکانی لە ئێران و تورکیان، ئێستاش ئەو دوو وڵاتە پلانی گلدانەوەی ئاویان خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا بەشێکی زۆری ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بە کەڵکی ژیانی مرۆڤ نەمێنن.

هەرچەندە سروشتی کوردستان جیاوازە لە بەشەکانی تری عێراق و بە قسەی شارەزایانی ئەو بوارە، ئەو مەترسیانەی لەسەر عێراقن، هەمان کاریگەرییان لەسەر کوردستان نابێت. بەڵام کوردستان چ بەهۆی سروشتەکەی و چ بەهۆی مەیلی عێراقیانەی گوتاری بەشێک لە هێزە سیاسییەکانییەوە، لە داهاتوودا دەبێتە خاڵێکی جێی سەرنج بۆ عەرەبە تینووەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، بەو هۆیەوە چاوەڕوانی کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتووانی ئەو ناوچانە دەکرێت بۆ کوردستان.

کوردستانیش خاوەنی رووبار و سەرچاوەی ئاوی تایبەت بەخۆی نییە و هاوشێوەی بەشەکانی تری عێراق سەرچاوەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیەوەن، بۆیە رووبەڕووی هەمان هەڕەشەی دەرەکی دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی کوردستان لە بەشەکانی تری عێراق جیادەکاتەوە و یارمەتیدەرە لەوەی بۆ داهاتوویەکی دوورتر بتوانێ وەک شوێنی ژیان بمێنێتەوە، سروشتەکەیەتی کە رێژەی بارانی پێویستی لێ دەبارێت. بەڵام ئەوەی وەک مەترسییەک لەسەر ئەم ناوچەیەش هەیە، لەلایەک خراپ بەکاربردن و مامەڵەکردنە لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاو، هەروەها سوودوەرنەگرتنی پێویست لەئاوی باران و لەلایەکی تریشەوە مەترسی ئەو کۆچە بەکۆمەڵەی عەرەبە تینووەکان وا دەکات ژمارەی دانیشتووان ئێجگار زۆر بەرزبێتەوە و ئەو ئاوەی هەیە بەشی خواردنەوە نەکات.

کوردستان خاوەنی سێ جۆر لە سەرچاوەی ئاوی خاوێنە کە بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی مرۆڤ پێویستن، ئەوانیش ئاوی ژێر زەوی، ئاوی سەر زەوی و ئەو ئاوەی بەهۆی بەفر و بارانەوە دەستەبەر دەبێ. بەڵام هەرسێکیشیان پەیوەستن بەیەکەوە و بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت بەرەو کەمبوونەوە دەچن. سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی ئەو جۆگە و زێیانەن کە دەڕژێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە و ئێستا دەست بە گلدانەوەیان کراوە. لەبەر هۆکارە گشتییەکانی وەک گەرمبوونی زەوی و بەهۆی ئەوەشەوە کە خراپ بەکاردەبرێت، ئاستی ئاوی ژێر زەوی زۆر دابەزیوە. رێژەی بارانیش پەیوەستە بە رێژەی سەوزایی سەر زەوییەوە، خاک و سروشتی کوردستان بە جۆرێکە ئاسان سەوز دەکرێت، بەتایبەت ئێستا داری جۆراوجۆر پەیدابوون کە پێویستیان بە ئاوی کەم هەیە تا چەند ساڵێک و دواتریش بەبێ ئاودان بە سەوزی دەمێننەوە. بۆ ئەوەی کوردستان بارانی زۆری لێ ببارێت، پێویستە سەوز بکرێت.

کەواتا هەرێمی کوردستانیش چاوەڕوانکراوە ببێتە ناوچەیەکی هەڕەشەلێکراو ئەگەر لە ئێستاوە پلانی ورد دانەنرێت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو رێژە ئاوەی لەبەردەستێتی. دەبێت حکومەت بە وردی بیر لە دۆزینەوەی چارەسەر بکاتەوە، رێگاکانی کەم بەکاربردن و بەفیڕۆنەدانی ئاوی شیرین بگرێتەبەر. ئەمەش بەپلەی یەکەم بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەکاربردنی ئاو و رێوشوێنی ئیداری دەبێت لە پێدانی ئاو. ئێستا لە کوردستان ئەو ئاوەی بۆ خواردنەوە دەشێ، هەمان ئەو ئاوەیە کە بۆ تەوالێت و شووشتن و ئاودانی باخچە و بیناسازی و کارگەی بلۆک و پیشەسازییەکان و تەنانەت لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتیشدا هەر ئەو ئاوە بەکاردەبرێت. ئەمە بەپلەی یەکەم هەڕەشەیە لەسەر کەمبوونەوەی ئاو لە کوردستان. لە وڵاتە پێشکەوتووەکان سیاسەتی چەندجار بەکاربردنەوە پەیڕەو دەکەن. ئاوی سازگار تەنها بۆ خواردنەوە بەکاردەبەن، ئاوی ئاوەڕۆی شارەکان دەپاڵێون بۆ ئاودانی باخچە و لە رێگەی گەرمکردنەوە بۆ شووشتن و پێداویستی ناو ماڵ و لە پیشەسازی بەکاری دەبەنەوە.

دەبێت کوردستان بیر لەوە بکاتەوە ئەو ئاوەی هەیەتی و دەستی دەکەوێت بیپارێزێت و هەوڵ بدات سەرچاوەکانی ئاویش زیاد بکات. بێگومان ئەو هێز و کاریگەرییەی نییە رێ لە وڵاتانی دراوسێ بگرێت تا سەرچاوەکانی ئاو گل نەدەنەوە. ئەی کەواتا چۆن بتوانێ ئاو زیاد بکات؟ دەبێت پشت بە دوو سەرچاوەکەی تر ببەستێ: ئاوی ژێر زەوی و باران. بە گلدانەوەی ئاوی باران ئاوی ژێر زەویش زیاد دەکات. دەبێت نەهێڵدرێت ئاوی باران بە چەم و شیو و دۆڵەکاندا بڕوات و هەمووی لەسەر زەوی و ژێر زەوی گلبدرێتەوە.

چەند رێگەیەک هەن دەتوانرێت بەهۆیانەوە رێ لەوە بگیرێت ئاوی باران بەفیڕۆ بڕوات. یەکەم لە رێگەی کێڵانی زەوییەوە، هەر زەوییەک کێڵدرا ناهێڵێت ئاوی باران بەسەریدا بڕوات و دەیباتەوە ژێر زەوی. کەواتا پێویستە حکومەت هانی جووتیار بدات زەوییەکان و ئەو گرد و تەپۆڵکانەش بکێڵن کە دەستیان پێڕادەگات. دووەم لە رێگەی دروستکردنی بەنداوەوە، بێگومان لە دۆخێکی وادا حکومەت ناتوانێ ژمارەی پێویستی بەنداو دروست بکات، بەڵام دەکرێت لە رێگەی هاندانی گوندنشینانەوە بەهۆی دابینکردنی (شۆفڵ و حەفارە) لە سنووری هەر گوندێکدا بەنداوی بچووک دروست بکرێت. رێگەی سێیەم بۆ ئەو شیو و دۆڵ و ناوچانەی کە نە بۆ بەنداو و نە بۆ کێڵان دەگونجێن، رێگەی بڕین یان چاڵکردنە، تا بەهۆیەوە رێ لە رۆیشتنی ئاو بگیرێت و یارمەتیدەر بێت لەوەی ئاوی باران بچێتەوە ژێر زەوی. ئەمەش بە تێچوویەکی کەم دەکرێت، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان حەفارەیان زۆرە لە هەر ناوچەیەک چەند حەفارەیەک دابین بکرێت و لەناو هەر چەم و شیو و دۆڵێکدا زنجیرەیەک چاڵ لێبدرێت.

ئەمانە چەند رێگەیەکی ساکارن، بەڵام یارمەتیدەرن لەوەی ئەو رێژە ئاوەی وەک لافاو دەڕوات، لەسەر زەوی گل بدرێتەوە و بەشێکیشی بڕواتەوە ژێر زەوی، کە بەهۆیەوە کوردستان وەک شوێنێکی گونجاو بۆ ژیان دەمێنێتەوە. پرسیار ئەوەیە ئایا دەسەڵاتداران بەو جۆرە بیر لە ئایندەی کوردستان دەکەنەوە؟



رێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# دیپلۆماسیی کڕووزانەوە

شێرکۆی هەژار، کە کوڕی ئەدیبی ناسراوی کورد هەژار موکریانییە، لە بەرگی دووەمی کتێبی "هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری"دا تێبینییەکی سەرنجڕاکێش لە بەراوردی باوکی خۆی و هێمن موکریانی دەگێڕێتەوە. ئەو پێیوایە هێمنی شاعیر پیاوێکی خانەدان و خاوەن عیززەتی نەفس بووە، بەشێوەیەک کە لەوپەڕی هەژاری و لێوبەباریشدا، هێشتا خەونی بەدنیایەکی خۆشتر و شێوازێکی بەرزتری ژیانەوە بینیوە. لەبەرامبەردا، هەژار موکریانی چێژی لەوە بینیوە کە خۆی بە کڵۆڵ و هەژار لەقەڵەم بدا. بەگوێرەی لێکدانەوەی شێرکۆی کوڕی مامۆستا هەژار، ئەم هەژاری و کڵۆڵییەی کە وێردی سەرزاری هەژار بووە، هەمیشە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی ئەو نەبووە، بەڵکو کڕووزانەوە هەوڵێکی زانایانە بووە بۆ دروستکردنی فەزیلەتێکی دەسکرد (بەتایبەتی لە گۆڕەپانی کوردایەتیدا). شێرکۆی هەژار دەیەوێ بڵێ؛ ئەگەر هێمنی شاعیر لەوپەڕی هەژاریشدا چێژی لە خەونبینین بە ژیانێکی خۆش و خانەدانانەوە بینیوە، ئەوا بە پێچەوانەوە، هەژار — بە تەبیعەت- چێژی لە کڕووزانەوە بینیوە! هەڵبەت، وا دیارە ئەم خەسڵەتەی هەژار بناوانێکیشی دەچێتەوە سەر "هۆشیاریی ئابووری"ی ئەو. ئاخر — دیسان، شێرکۆی کوڕی گوتەنی — "هەژار لە مەسەلەی پارەدا زۆر زیرەک بوو"!

من نازانم ئەو بەراوردەی نێوان"هەژار" و "هێمن" سەبارەت بە ماڵی دنیا و، هەروەها ئەو هەڵسەنگاندنەی شێرکۆی هەژار بۆ هێمنی شاعیر و لەویش زیاتر بۆ هەژار موکریانی، چەندە مووقڵێشن یان نین، بەڵام ئەگەر وای دانێین ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوە سەبارەت بە تەبیعەتی — شێرکۆ گوتەنی، "پێداهەڵگوتن و دەستپانکردنەوە"- ی مامۆستا هەژار لەجێی خۆیدا بێت، ئەوا هەر کەس برێک لە دەم و راوێژی سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی کوردستان لە کاتی دیداری نوێنەری وڵاتانی بەهێز ڕابمێنێ، ڕەنگە هەر زوو هەست بکا هەژاری موکریانی، لەم پێوەندییەشدا، وەجاغی کوێر نییە! هەڵبەت، من دەزانم بەراوردی مامۆستا هەژاری زمانزان و سیاسییەکانی هەرێم وەک قیاسێکی "مع الفارق" دێتە بەرچاو، ئاخر هەژاری وەرگێڕ و زمانزان لە کوێ و ئەو سیاسییانەی یەک لە یەکتر، لەبواری زمانی کوردیدا کۆڵەوارترن، لە کوێ! بەوەشەوە، پێموایە ئەو دیمەنەی سەبارەت بە "ئەخلاقیاتی ئابووریی" هەژار و حیکمەتی کڕووزانەوە — لە زمان شێرکۆی کوڕییەوە - دەستاوێژێکی باش بێ بۆ وەردانەوەیەکی سەرپێیی ئاکارێکی، بەبڕوای من، درێو کە بووەتە خووی دەیان ساڵەی سیاسییە کوردەکان. مەسەلەکە چییە؟

ئایا قەت لە هەواڵی دیداری ئەم ساڵانەی ڕابردووی سیاسییە باڵاکانی هەرێم لەگەڵ کاربەدەستی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان ڕاماون؟ ئەگەر ڕامابن، پێموانییە دوو شت لە قسەی ئەم سیاسیانەی ئێمەدا، لەپەستا، سەرنجی ڕانەکێشابن: یەکەم، "سپاسی ئەوەی کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بەهانای گەلی ئێمەوە هاتوون" و دووەم "داوای یارمەتیی زیاتر یان بەردەوامبوون لە یارمەتیدانی گەلەکەمان". ڕەنگە دووپاتبوونەوەی بەردەوام وای کردبێ ئەم کارە لەبەرچاوی زۆرماندا، ئاسایی و بگرە باشیش بنوێنێ. ڕەنگە سیاسییەکانیش هەروا بڕوانن: ڕەنگە ئەمە ناو بنێن ئەمەگناسی و ئەوەی کە گۆیا ئەوان چاکەی دۆستانیان لەبەرچاو ون نابێ! بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟

بەبڕوای من کێشەکە نە هەژاری و لێقەوماویی کوردە، نە بەوەفایی و قەدرزانیی ئەم حاکمانەی وڵاتی ئێمە. کێشەکە هەر ئەو شتەیە کە شێرکۆی هەژار لە تەبیعەتی باوکی خۆیدا بینیویەتی، بەڵام ڕەنگە سەرنجی نەدابێ کە ئەمە هەر "دەردی هەژار" نییە و "دیاردەی هەژارانە" یە! با برێک لەم باسە وردبینەوە.

ئایا ئەوانەی چاکەیان لەگەڵ گەلی ئێمە کردووە، لە چاکەخوازییانەوە بووە؟ ئایا ئێمە قەرزاربارى چاکەی ئەوانین؟ ئەگەر هەین، تاکەی قەرزارین؟ کەی شانی سیاسییەکانمان لەژێر باری ئەم قەرزەدا ڕاست دەبێتەوە؟! لەهەمووشی گرینگتر؛ ئایا هەر "ئەوان" چاکەیان لەگەڵ "ئێمە" کردووە؟ ئەی بۆ کەس باسی چاکەی "ئێمە" لەگەڵ "ئەوان" ناکات؟!

خۆ ئەوە ڕاستە کە هێندێک کەس هەر بەخێری خۆیان ئێمەیان خۆشویستووە (یان ڕەنگە هەر بەزەییان پێماندا هاتبێتەوە). خێرخوازانی وەک مادام میتەران، بێرنارد کۆشنێر؛ ڕۆژنامەنووسانی وەک کریس کۆچێرا یان لێکۆڵەرەوەی وەک ڤان برۆنسێن و کۆیڤونێن و تاد.، هەر یەک بەهۆیەک سۆزیان بۆ گەلی ئێمە جووڵاوە و چاکەشیان لەگەڵ کردووین. سەرەتاییترین پرێنسیپی ئەخلاقی وا دەخوازێ ئێمە ئەمەگناسی ئەم جۆرە مرۆڤانە بین، بەڵام ئایا دەکرێ هەڵسەنگاندنمان بۆ چاکەی دەوڵەتانیش هەر بەم شێوەیە بێت؟ کام دەوڵەتە تەنیا لەبەرچاوی گەشی ئێمە سەرئێشەی بۆخۆی دروست کردووە؟

بنەمایەکی سەرەتایی سیاسەت پرسی بەرژەوەندییە. پێوەندییە سیاسییەکان، بەر لە هەرشتێک، لەسەربنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکان پێکدێن. کورد هەرگیز بەقەدەر ساڵی 1988 بێکەس و تەنیا نەبووە، ئەی لە کوێ بوون دەوڵەتە دۆستەکانی کورد؟ ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو کاتەدا بەهانای کوردی باشوورەوە هات، لەڕاستیدا بەرژەوەندیی سیاسی و چەکداریی خۆی لەگۆڕێدا بوو. کوردی باشوور دوژمنی دوژمنەکەی بوو. پاشان ئێران پێویستی بە ڕسواکردنی سەددام و لایەنگرانی سەددام هەبوو. کۆماری ئیسلامی قازانجی خۆی لە هاوکاریی شۆڕشی باشوور دەچنییەوە، وەکچۆن شای ئێرانیش تا نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول قازانجی لە هاوکاریی ئەو شۆڕشەدا هەبوو. کەواتە ئێران بۆیە یارمەتیی باشووری داوە، چونکە ئەو هاوکارییە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی کردووە. ئایا سیاسییەکانی هەرێم کە هەموو بۆنەیەک دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی چاکەی ئێران بە چاوی خەڵکی خۆماندا بدەنەوە، بۆچی قەت باسی ئەوە ناکەن کە؛ ئەی بۆخۆمان چی ماوە بۆ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئێران، نەمانکردبێ!

کاتێک حکومەتی سەددام حسێن ڕووخا، خەڵک هاواریان دەکرد "بۆش بۆش، دەست خۆش!". ڕووخانی حکومەتی سەددام سەرەتای چاخێکی گەشاوە بوو لە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمدا، چونکە سێبەری قورسی دوژمنێکی درندە لەسەر کوردستان لاچوو. بەڵام ئایا بەوە ئێمە قەرزاربارى ئەمریکا بووین؟ ئەی باشە ئەگەر کورد پشتگیریی هەمەلایەنەی ئەمریکای نەکردایە (هەر لە هەوڵی یەکانگیرکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەوە بگرە تا پشتیوانی مەیدانیی شەڕ)، ئۆپەراسیۆنی ڕاماڵینی هێزەکانی سەددام بەو ئاسانییە سەری دەگرت؟! مەگەر ئێستاشی لەگەڵ بێت، تەنیا دوورگەی ئارام بۆ ئەمریکییەکان، لەهەموو عێراق و زۆربەی ڕۆهەڵاتی ناڤیندا هەر باشووری کوردستان نییە؟ ئەی کەواتە هۆی چییە لە جیاتی ئەوەی هەموو جارێ بایەخی ستراتیژیی کوردستان بەچاوی بێگانەکاندا بدەینەوە، تەنیا باسی چاکەی "ئەوان" وێردی سەرزاری سیاسییەکانی ئێمەیە؟! ئەوە لە کاتێکدا، زۆربەی جاران، چاکەی "ئەوان" یان لێکەوتەی خزمەتکارییەکانی پێشووتری ئێمە بووە، یان هاوئاڕاستەی بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆیان بووە.

دوا نموونەی ئەم ناهاوسەنگییە لە دەربڕیندا، وتەکانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە کاتی لێدانی پاچی بنیاتنانی کۆنسوڵگەریی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو لە هەولێر. باڵیۆزی ئەمریکا باسی لە گەشەدان بەپێوەندیی دوولایەنەی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان دەکرد، کەچی سەرۆک وەزیران دیسان باسەکەی هێنایەوە سەر یارمەتیدانی ئەمریکا بە کورد لە شەڕی داعشدا! لەو شەڕەدا ئەمریکا پشتگیریی ئاسمانیی پێشکەش بە کورد کرد. ئەمە ڕاستە و ماڵی ئاوابێ! بەڵام مەگەر ئۆباما بۆخۆی نەیگوت "هەولێر لەبەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بۆ ئێمە هێڵی سوورە؟" پاشان، مەگەر ئێمە نەماندەگوت "لە بری دنیا شەڕی تێرۆر دەکەین"؟! ئەی ئەوە چۆنە کە ئێمە سەنگەری پێشەوەی شەڕێکمان ئاوا کردووە کە هەموو دنیا بە شەڕی خۆی دەزانێ و لێی تۆقیوە و، خوێنی هەزاران پێشمەرگەشمان بۆ بەخشیوە، کەچی ئەوە تەنیا چاکەی ئەوان بەرامبەر ئێمەیە کە دەبێ هەمیشە وەبیر بهێنرێتەوە؟!

من پێموایە بناوانی مێژوویی ئەم دیسکۆرسی کڕووزانەوەیە (ئەم دووپاتکردنەوەیەی جوامێریی "ئەوان" و زەبوونیی "ئێمە") دەچێتەوە سەر ئەو هەستی قوربانیبوون و غەدرلێکراویەی نەتەوەی ئێمەی داگیرکردووە. بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە ئەزموونی چارەکە سەدەی ڕابردووی هەرێمی کوردستانەوە هەبێ، بە تێگەیشتنی من ئەم جۆرە کڕووزانەوە بێ هەدادانە — بەدەر لەوەی سیاسییەکان چ پاساوێکی بۆ دێننەوە- سێ هۆکاری گرینگی دیکەشی هەیە: یەکەم زێهنیەتێکی پێش- دەوڵەتی سەرکردەکانمان، کە هێشتا "ئێمە" وەک قەوم و کۆمەڵە کەسێکی لێقەوماو دەنرخێنێ نەک وەک "یەکەیەکی سیاسیی مۆدێرن". ئەوە لە کاتێکدا زۆرجار بێگانەکانیش تەعامولی خۆیان لەگەڵ ئێمە، وەک تەعامولی قەوارەیەکی سیاسی لەگەڵ قەوارەیەکی سیاسیی تر دەنرخێنن (بۆ وێنە بڕوانە وتەکانی باڵیۆزی ئەمریکا لەو بۆنەیەدا کە ئاماژەم پێکرد). هۆی دووەم، خەسڵەتی پێشمۆدێرنی سیاسییەکانی ئێمەیە کە ئەوەندەی سیاسەت لە سیاقە کۆمەڵایەتییەکەیدا — وەک گۆڕەپانی پیاوەتی- دەبینن، ئەوەندە وەک بەرئەنجامی لێکدران و لێکبوونەوەی بەرژەوەندییەکان، نایبرخێنن. سێیەم هۆش، دەشێ عادەتێکی زمانی بێ کە ڕەنگدانەوەی زیهنیەتێکی کولتووریی ناوچەی ئێمەیە. بەگوێرەی ئەم عادەتە کولتوورییەی دەربڕین، زێدەڕۆیی لە باسی چاکەی ئەوی دی یان زێدەڕۆیی لە خۆچکۆلەکردنەوەدا، دوو ڕووی کۆدی تەعامولی کۆمەڵایەتیی ڕێزمەندانەن.

بەڵام دیپلۆماسیی کڕووزانەوەی سیاسییە کوردەکان سەبارەت بە پێوەندیی "ئەوان" و "ئێمە"، شتێکیش لەسەر خۆیان دەردەبڕێ: لەڕاستیدا ئەو وێنە زەبوونانەی کورد، کە بەهۆی دیپلۆماسیی کڕووزانەوەوە بەرجەستەی دەبێ، پێش ئەوەی ڕەنگدانەوەی واقعی کوردی بێ، دەربڕی نیگای نەدرکاوی نوێنەرانی کوردە سەبارەت بە میللەتی خۆیان. نیگایەک کە دوورە لە تێڕوانینی شکۆمەندانە بۆ میللەت وەک کەسایەتییەکی دەستەجەمعیی سەرچاوەی ئیرادە و کەرامەت و ڕومەت. نیگایەک کە لەیەک کاتدا میللەت، هەم دەکاتە سەبجێکتی خولیاکانی ئەوان بۆ دەسەڵات، هەم بە بابەتی دیپلۆماسیەتی کڕووزانەوەشیان!

ئەوەی من دەمەوێ بیڵێم، باسی عیززەتی نەفسە لە نوێنەرایەتیکردندا. ئەوەی کە تۆی نەوعی، کاتێک لەگەڵ نوێنەری "ئەوی دی" دەدوێی، تەنیا نوێنەری خۆت نیت، نوێنەری کەرامەت و هەیبەت و پرێستیژی میللەتێکیشیت (ڕاکەڕاکەی وەفدی حیزبەکان بۆ بەغدا بهێننەوە بەرچاو!). سیاسەتی چاک، ئەفراندنی بەرژەوەندیی هاوبەشە. ئەم بەرژەوەندییانە ئەگەر نین، دەبێ دروست بکرێن، ئەگەر هەن، دەبێ بپارێزرێن و هەوڵی پەرەپێدانیان بدرێت. ڕێتۆریکی پارانەوە شێوازی دروستی خزمەت بە دروستبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش و پەرەپێدانی هاوکاری نییە. کوردستان، وەک ناوەندی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان، خاڵی هەستیاری پێکهێنانی هاوسەنگییە لە ناوچەکەدا. سەرکردەکانی کورد هەمیشە هەستیاربوون تا لە باسی بەرژەوەندیی هێزە ناوچەیی و جیهانییەکاندا، هاوسەنگی لە دەربڕینیاندا ڕابگرن. ئەم هەستیاری و هاوسەنگییە دەبێ لە چۆنیەتی وێناکردنی پێوەندیی نێوان میللەتی خۆمان و میللەتانی تریشدا، ڕابگیردرێت.



حامد محەممەد عەلی

# یاسایەک بۆ پاراستنی ئاو

ئاو سەرچاوەی ژیانە، بۆیە پاراستنی ئەرکی هەمووانە، هەم دەوڵەت وهەم هاووڵاتیانیش.

هەرێمی کوردستان ـ کە سوپاس بۆ خواـ دەوڵەمەندە بەم سامانە ستراتیجیە سروشتییە ، بەداخەوە نەوەکو پێویست لەلایەن دەسەڵاتەوە گرنگی و بایەخی پێدراوە، نە هاووڵاتیانیش وەکو پێویست پارێزگاری لەم سامانە مەزنە دەکەن و نرخی دەزانن.

ئاشکراشە کە بەشێکی باش لە سەرچاوەکانی ئاوی ئێمە لە وڵاتانی دەوروبەرەوە هەڵدەقوڵێ و ئەوانیش ماشەڵایان لێنەبێ چەندین پرۆژەی بەنداوی گەورەیان بەدەستەوەیە و چەندین ساڵە هەڕەشەی بڕینی ئاومان لێدەکەن، سەرباری ئەو هەڕەشەیەش، ئەگەرچی بەرژەوەندی بازرگانی گەورەیان لەگەڵ هەرێمدا هەیە، بەڵام بەردەوام بە بیانووی جۆراوجۆر، بۆردومانی ناوچە سنووریەکانمان دەکەن و ژیانی گوندنشینەکانمان دەخەنە مەترسییەوە و ڕەزوباخ و دارستانەکانمان دەسووتێنن.

بۆیە دەرچوونی یاسایەک لە پەرلەمان بۆ پاراستن و جوان وەبەرهێنانی ئاو و باش سوودوەرگرتن لە ئاو، بەئەرکێکی لەپێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانم ، بەجۆرێک کە ئەم سامانە ستراتیجیە هەم بە چاکی دابین و گەرەنتی بکرێ و هەم دەرکەوتەکانی بڕینی سەرچاوە دەرەکیەکانی ئاو، کەمبکەینەوە و هەم لە چنگی خراپ بەکارهێنانی سەرمایەدارو بازرگانان و لەبەفیڕۆدانی بەدەستی هەمووان ڕزگار بکرێت.

ئەگەر هەڵە نەبم، چەند ساڵێک پێش ئێستا پڕۆژە یاسایەک هەبوو، بەڵام وەک زۆر پڕۆژەیاسای دیکە، نە دەنگی ما و نە ڕەنگی.

هەروەها تەرخانکردنی بودجەیەکی ساڵانە ـ با کەمیش بێت ـ بە هەر ڕێگایەک بێت، بۆ تەواوکردنی بەنداوەکان و بنیاتنانی بەنداوی نوێ، ئەرکێکی ئەم قۆناغەی دەسەڵاتی حوکمڕانیمانە.

ئەمڕۆ لەبەرنەبوونی یاسایەکی تێروتەسەل، کە پاراستنی ئاو بکاتە خەمێکی نیشتمانی بۆ هەمووان، دەبینین خاوەنکارو سەرمایەدارەکان و بەشێک لەخاوەن کێڵگە و پرۆژە کشتوکاڵیەکانیش، بەشێوازی جۆراوجۆر مەترسییان لەسەرئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی دروستکردووە.

تەماشاکەن لە ساڵانی پێشوودا چۆن حکومەت ڕێگری دەکرد لە بەکارهێنانی ئامێری بیرهەڵکەندنی سووری، تەنانەت بۆ بواری کشتوکاڵیش. دەیان و بگرە سەدان لەو ئامێرانە لەلایەن حکومەتەوە دەستیان بەسەرداگیرا و لەناوبران. کەچی دەبینین ئێستا وا جارێکی دیکە لەسێبەری قەیرانە جۆراو جۆرەکان و خەمساردی و لێنەپرسینەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکاندا، دەست کراوە بەهەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی لە زۆربەی ناوچەکان، بەبێ ئەوەی دەزگاکانی حکومەت ڕێگرییەکی جددی لێ بکەن.

بۆ نموونە چەند ساڵێکە لە شارە گەورەکان ـ بەتایبەت لە هەولێرو سلێمانی ـ زۆربەی بەنزینخانە ئەهلیەکان لەتەنیشت خۆیانەوە بیرێکی ئیرتیوازیان لێداوە و شووشتنگەی ئۆتومبێلیان بۆ قازانجی زیاتری خۆیان داناوە، ئەمە لەکاتێکدا کە چەندین گەڕەک لەو دوو شارە کێشەی کەمیی ئاویان هەیە.

بۆیە چاوەڕێ دەکرێ هەرچی زووە حکومەت و ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش، بە ئەرکی خۆیان هەڵسن و تا ئەوکاتەی کە پەرلەمان دێتەوە سەرحاڵ و یاسایەکی تۆکمە و گونجاو بۆ پاراستنی ئاو دەردەکات، ڕێگری لەم دیاردانە بکەن و سنوورێک بۆ بەهەدەردانی دابنێن.



رێبوار کەریم وەلی

rebwar@rudaw.net

# هەباسە لە سلێمانی چ باسە؟

1

مەدرەسەی ئیرهابی فکری لە سلێمانی لە گیانەلاّدایە، وەک دووپشکێک کە ئاگرت لە دەورە کردبێتەوە وا خەریکە ئێستا بەخۆیەوە دەدات. پتر لە نیو سەدەیە ئەم قوتابخانەیە لەژێر ناوی بزووتنەوەی ئەڵتەرناتیف خەریکی هەڵگرتنی بەردی گەورە گەورەیە و هەموو جارێکیش لەبن ئەو بارەدا پشتی چەماوەتەوە. برایم ئەحمەد زیرەکانە جەلالیزمی کردە واجیبەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە، تا ئەگەر بزووتنەوەکە بەسەر ماڵباتی بارزانیدا سەرکەوت، بتوانێ بە ئارگۆمێنتی شارچیەتی بەرتەرەفی بکات و ئەگەریش شکا، ئەوە هەمیشە رێگەیەک هەبێ بۆ گەڕانەوە بۆ لای ماڵی بارزان. لەوەشدا هەمیشە بژارەی دووەم راست دەرچووە. مێژووی ئەو بزووتنەوەیە گەواهیدەرە کە دوای هەر پەرچەکردارێکی شکستخواردوو، لە کۆتاییدا پەنایان بردووەتەوە بەر ئەو بنەماڵەیەی وەک دێوەزمە لای خەڵک وێنایان کردبوون.

گرفتی سەرەکیی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئەوە بوو کە نەیانتوانی مێژووی پارتی و بارزانی وا رەش بکەن، خۆیان ببنە تاکە ئومێدی دەربازبوون و ئایندەیەکی وا گەش وێنا بکەن کە لانیکەم جیلی نوێ بڕوایان پێ بکەن (سەرباری ئەوەی کە لە سەرەتادا هەموو رێگاکانیان تەنانەت بە تیرۆری فیزیکیشەوە تاقیکردەوە). بۆیە بزووتنەوەکە سەرباری هەموو ئەو ئامرازانەی کە لەبەردەستیدا بوو، نەیتوانی وەڵامدەرەوەی خواستە راستەقینەکانی تاکی کورد بێت. بەردەوام لە هەڵوەرین و پارچەپارچەبووندا بووە، لە قەیران و گێژاوی ئینتیمادا خولاوەتەوە. ئێستا رەنگبێ کاسەی سەبری خەڵکی سلێمانی، گەرمیان، هەڵەبجە و راپەڕین (بە کەرکووکیشەوە) پڕ بووبێت، بەڵام هێشتا لێی نەڕژاوە، چونکە خەڵکەکە ماندووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە دوای پشوویەک چیتر ناتوانێ بەرگەی ئەو چەواشەکاری و گەوجاندنە بگرێت. خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر خەڵک و خۆتەعریفکردنیان بە پێوەرەکانی دژایەتی و دۆستایەتیی پارتی و ماڵباتی بارزانی روون و ئاشکرایە و، لەوە زیاتر ناتوانن کڵاو لەسەری خەڵک بنێن. سلێمانی بۆ دەربازبوون لەو دۆخە پێویستی بە پاشکۆبوونی پارتی نییە، بەقەدەر ئەوەی پێویستی بە شەهامەتێکە کە رێگر بێت لەو کارەساتانەی بەردەوام ئەو مەدرەسەیە بەرەوڕوویان دەکاتەوە.

## پارتی، لە شەیتانەوە بۆ فریشتە!

2

رەنگبێ نەوشیروان مستەفا قەت بە قەناعەتی تەواوەوە بەشێک نەبووبێت لەم مەدرەسەیە، لانیکەم لەم رووەوە مێژووی ئەو لە هی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد ناچێ. تاڵەبانی رێگەی گەیشتن بە دەسەڵاتی بۆ نەوشیروان مستەفا خۆش کرد و، ئەویش لەگەڵ هاوڕێکانی مێژووی ئەو دوو بنەماڵە تێکهەڵکێشەیان سپی کردەوە. بەڵام ژمارەی نەگۆڕ، سەرباری هەموو ناکۆکییە ناوخۆییەکان، ئەوە بوو کە پارتی و ماڵباتی بارزانی بە شەیتان بکرێن. ئەوەش تەنها بریتی نەبوو لە ململانێیەکی ناوخۆیی و بگرە بە شێوەیەکی سیستەماتیک ناتۆرەی غەیرە دینی و تەنانەت یەهودیبوونیشیان درایە پاڵ.

لەم ساڵانەی دواییدا، نەوشیروان مستەفا تاکە ئومێدی ریشەکێشکردنی مەدرەسەی برایم ئەحمەد بوو، بەڵام لە دەستپێکی دروستکردنی نەواتی بزووتنەوەی گۆڕاندا (کە لە بنەڕەتدا دژی مەدرەسەی برایم ئەحمەد و جەلالیزم بوو) ئاوێکی وایان پێ رشت کە دوایی خۆیشی نەیتوانی پێی تێ بنێتەوە. نەوشیروان مستەفا دژی پارتی نەبوو، بگرە دژی کارکرد و تەعریفی حاڵی پارتی بوو، بەڵام دەوروبەرەکەی ئەوەندە زێدەڕۆییان کرد کە لەگەڵ یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی (بارزانی) وەک ئاو و ئاگریان لێبێت. نەوشیروان مستەفا لە ماوەی هەشت ساڵدا توانی دووجار پشتی بنەماڵەی برایم ئەحمەد و تاڵەبانی لە ئەرز بدات و ببێتە شەریکی رەهای دەسەڵاتی کوردستان، بەڵام ئەویش رووبەڕووی ئەو ئیرهابە فکرییە بووەوە کە رۆژانێک خۆی تێیدا بەکارهێنرابوو. ئەمڕۆ بارودۆخ بە شێوەیەکە کە پارتیی شەیتانی دوێنێ، فریشتەی ئەمڕۆیە، بەڵام کەس جورئەتی گوتنی ئەوەی نییە. ئەڵبەتە پارتی فریشتە نییە، بەڵام ئەو شەیتانەش نییە کە ئەوان لە زەینی خەڵکدا دروستیان کردووە. بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پێویست دەکات پارتی پێداگربێت لەسەر رۆڵی ونکراوی خۆی لەو زۆنەدا (کە لەو غەدرەدا، پشکی شێر بەر خۆی دەکەوێ، چونکە واقیعێکی سەپاوی قەبوڵ کردووە) و کار بۆ گێڕانەوەی هەیمەنەی مێژوویی خۆی بکات. پارتییەکی لاواز لە سلێمانی هەر شەیتانە، ئەگەر لە هەولێر فریشتەش بێت.

## کەری دێزە!

3

لە رانیە بە کابرایەکیان گوتبوو وەرە ببە بە پێشمەرگە، کابرا گوتبووی من بە شێوەیەکی دیکە خەبات دەکەم. گوتبوویان چۆن؟ گوتبووی ئەوەندە برنجی بایەعی دەخۆم تا ئیفلاس بەو سەددامە دەکەم! کابرا ئەوەندە برنجی خوارد تا جەڵتە لێی دا.

کابرا گڵۆپ، وایەر و سێرکت بەو خەڵکە دەفرۆشێ کە خۆی کارەبایان لێ دەدزێ، گۆرانی بۆ شارێک و نیشتیمانێک دەڵێ کە چراکانیان دەکوژێنێتەوە، هێندە ئاو بە فیڕۆ دەدا کە تامی حەماقەت لە سەردەمی کۆلێراکەی مارکیزیان پێ بچێژێ و ئاوی زێرابیان دەرخوارد بدات. ئینجا دەڵێ "ئاوا دەیگۆڕم"!

حکومەت بەوە ناڕووخێ، بەڵام رووی ئەو حکومەتە رەش بێت کە تا ئێستا ئەوەندە پارەی ئاو و کارەبای لێ نەستاندووی دووکانەکەشتی بۆ بفرۆشی. خۆزگە بەهرۆز فەرەیدوون لە بەرنامەکەدا ئەو بەشە لە قسەکانیشتی دانابایە کە باسی تۆپینی کەرەدێزە و زەرەری ساحێبەکەی دەکەی! منیش لە ئێستاوەڕا سێرکتی بیرەوەریم لەگەڵ گۆرانییەکانت دەکوژێنمەوە، جا لەمەودوا بۆ کوێی دەڵێی بیڵێ.



مەجید نیزامەدین گلی

بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی رووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# ئامۆژگارییەکی قەتەر و ئوردن و ئیمارات بۆ کورد

سێ هەواڵ بۆ داهاتووی باشووری کوردستان لە شەڕی سووریا و رۆڵی ئێران و خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئەو هەڵلا سیاسییەی ئێستا لە بەغدا دەگوزەرێت، زۆر گرنگترن بۆ دیاریکردنی داهاتووی وڵاتانی ناوچەکە و باشووری کوردستان.

**یەکەم:**

دەزگای بلومبێرگی ئەمریکی توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە کە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەوەیە تاوەکو ساڵی 2050 نزیکەی 64%ی کارەبای جیهان لە سەرچاوەی وزەی نوێوە دێت نەک نەوت و گاز و سەرچاوەکانی ئێستا.

**دووەم:**

ژمارەی ئاوارەکانی شەڕێکی ناوخۆی وڵاتێکی ئەفریقی 12 ملیۆنی تێپەڕاند، ئەمە جگە لە دەیان هەزار کوژراو و بریندار. باسی سووریا ناکەم، مەبەستم باشووری سوودانە.

**سێیەم:**

بۆ یەکەمین جار دوای 29 ساڵ، سەرۆکی چین سەردانی کۆمەڵێک وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و چوار وڵات زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی دەکەن.

ئەم هەواڵانە ئاماژەن بۆ دیاردەیەکی گەورەتر کە لە دەوروپشتمان و جیهان روودەدەن. راستە ئێمەی کورد ئەکتەرێکی بچووکین لەم یارییە نێودەوڵەتیە گەورەیەدا، بەڵام ئەگەر لە وێنە گەورەکە تێبگەین، ئەوا لەوانەیە چانسمان زیاتر بێت لەوەی دووبارە نەبینەوە قوربانیی گۆڕانکارییە گەورەکانی سیاسەت و ئابووریی نێودەوڵەتی.

نەوت نەک هەر نرخی دادەبەزێت، بەڵکو بەگوێرەی راوێژکارێکی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، چاوەڕوان دەکرێت زۆر زۆر تاوەکو 10 ساڵی دیکە وەک کاڵایەکی ستراتیژی بمێنێتەوە. ئەو توێژینەوەیەی بلومبێرگ کە لە هەواڵی یەکەم باسمکرد، چیرۆکێکی خەیاڵی نییە. زیاتر لە نیوەی جیهان لە جیاتی نەوت و گاز و سەرچاوەی تەقلیدیی دیکە، وزەی خۆر و ئاو و با بەکاردێنن. ساڵی 2050 کۆتایی پرۆسەی بێبەهابوونی نەوتە، بەڵام پرۆسەکە لە ئێستاوە زۆر بەخێرایی دەستیپێکردووە.

پێویست ناکات من لێرە باسی ئەوە بکەم کە چەندێک هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (جگە لە تورکیا و ئیسرائیل) بۆ بژێوی ژیانیان پێویستیان بە نەوتە، بەڵام نەوت تەنیا پارەی بۆ نەهێناوین، بەڵکو وای کردووە کە ئەمریکا و رووسیا و وڵاتی دەستڕۆیشتووی دیکەش گرنگی بە ناوچەکە بدەن. راستە وجودی ئەم هێزانە لە ناوچەکە زۆر نەهامەتی و ماڵوێرانی لەگەڵ خۆی هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەرفەتی زۆری دروستکردووە و وای کردووە لانیکەم جیهان بەتەواوی ناوچەکە و کێشەکانی لەبیر نەکەن. لەوانەیە ئێستا بپرسیت ئێمە چ سوودمان لە جیهان بینیوە و لەمە خراپتر چیمان بەسەردێت؟

لێرەدا من بە هەواڵی دووەم وەڵام دەدەمەوە کە دەربارەی باشووری سوودانە. لە ساڵی 2013 وە بەهۆی کێشەیەکی سیاسی لە نێوان سەرۆک و جێگرەکەی، ئەو وڵاتە وەکو لیبیا و سووریا تووشی شەڕی ناوخۆ بووە. زیاتر لە 12 ملیۆن ئاوارە و دەیان هەزار کوژراو و بریندار. نەوتیشیان هەیە، بەڵام قەبارەی هەناردەی نەوتیان ئەوەندە نییە کە ئەمریکا و رووسیا و زلهێزەکانی دیکە بێنێتە سەر خەت. دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە نەک هەر تۆی خوێنەری کورد، بەڵکو لێرە لە ئەمریکا و لە زۆربەی وڵاتانی جیهانیش کەم کەس ئاگادارە لەوەی شەڕێکی ناوخۆ هەیە لە جێگایەک بەناوی باشووری سوودان.

بێ نەوت ئێمە نەک هەژار دەبین، بەڵکو کارەساتەکانیشمان سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی راناکێشێ. ئەو ئاژاوەیەی لە 2011 وە لە ناوچەکە دەیبینین، یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ئەو گۆڕانکارییە. نەوت و گاز لە کاڵایەکی ستراتیژییەوە بەرەو کاڵایەکی ئابووریی ئاسایی دەڕوات.

باسی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و سەربازیی ئەم 10 ساڵەی رابردووم بۆ بکە لە ناوچەکە، دەتوانم بیبەستمەوە بەو دەرکەوتەیەوە، جا لە کەمبوونەوەی رۆڵی ئەمریکاوە بیگرە تا هاتنی رووسیا بۆ ناوچەکە و شەڕی بە وەکالەتی سعودیە و ئێران.

بەڵام هێشتا هیوا هەیە کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێکەوتە خراپەکانی ئەو دیاردە جیهانیە خۆیان بەدوور بگرن. لێرەدا دێمە سەر هەواڵی سێیەم. بۆ یەکەمین جار لە ماوەی 29 ساڵی رابردوودا کەسی یەکەمی چین سەردانی وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و ناوچەکە دەکات. چین بە ملیاران دۆلارەوە هاتووەتە ناوچەکە و بەدوای دەرفەتدا دەگەڕێ. بەڵام چوار وڵاتی ناوچەکە لە هەمووان زیاتر کراوەترن بۆ چین و ئامادەن جگە لە ئەمریکا و رووسیا (دوو هێزی تەقلیدیی ناوچەکە بۆ هاوپەیمانێتی) وڵاتەکانیان بکەنە دەرفەت بۆ چین و هێزی نێودەوڵەتیی دیکەش. ئەوانیش ئیمارات و ئوردن و قەتەر و ئێرانن.

ئێران بەهۆی گەڕانەوەی سزا توندەکانی ئەمریکا ناچارە وەکو جاران روو لە چین بکاتەوە و لە زیرەکییەوە نییە. بەڵام شاعەبدوڵڵای ئوردن و ئال نەهیانی ئیمارات و ئال سانیی قەتەر لە زیرەکیەوەیە. من دەرفەتی گفتوگۆی زۆرم هەبووە لەگەڵ دیپلۆماتکار و کەسانی حکومیی هەرسێ وڵاتەکە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو بۆچوونەیان هەیە کە کلیلی سەقامگیری و خۆشگوزەرانییان لە داهاتوودا بریتییە لەوەی وڵاتەکانیان بکەنە دەرفەتی ئابووری و سەربازی و تەنانەت سیخوڕیش بۆ نەک هەر ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی، بەڵکو هەر هێزێکی دیکەی نێودەوڵەتی. ئەمەش تەنها دەربارەی وەبەرهێنانی ئابووری نییە.

ئەمە زیاتر تێگەیشتنێکی مێژووییە بۆ سامانێکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەهۆی نەوتەوە لەبیرمان کردووە. بەڵام نەوەکانی بەنی هاشم لە ئوردن و ئالنەهیانی ئیمارات و ئالسانیی قەتەر لە بیریان نەچووە. ئەویش پێگەی جوگرافیمانە. پێویست ناکات من بە شانوباڵی گرنگیی پێگەی جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵبدەم. یەک نموونەی وڵاتێکی کەم نەوتتان بۆ دەهێنمەوە کە سەرەڕای خراپیی سیاسەتی دەرەوەی، بەڵام هەر گرنگە و خۆی کردووە بە دەرفەت بۆ رووسیا و ئەمریکا و چینیش، ئەویش تورکیایە.

لەگەڵ کەمبوونەوەی بەهای نەوت وەکو کاڵایەکی ستراتیژی، ئەو وڵاتانەی بەهای پێگەی جوگرافییان دەزانن و خۆیان دەکەنە دەرفەت بۆ هەموو لایەک، وەکو باشووری سوودانیان لێ نایەت. ئەوانەی دیکە لە دوای نەوت نەک هەر هەژار دەکەون، بەڵکو جیهان لەبیریشیان دەکات.



ئەحمەد یوسف حەمزە

# قاسملوو، گوڵێک بوو به دڕکەوە

عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، کە 29 ساڵ لەمەوبەر تیرۆر کرا، بە دروستی شیاوی ستایشە بۆ ئەو رۆڵەی لە پێشقەچوونی پرسی کورد هەیبوو، بەڵام تاکڕەوی و نەسازانی لەگەڵ رکابەر و رەخنەگرانی، خەسارێکی گەورەی بە کوردایەتی لە ئێران گەیاند.

"قاسملوو مامۆستای من بوو. ئەو ریشە مێژوویی و کولتوورییەکانی کوردی فێر کردم ... لە راستیدا من بە هۆی قاسملوو وەک کورد لە دایک بوومەوە"، ئەوە وتەی فریدریک تیسۆ، یەکەم کونسوڵی فەرانسەیە لە هەرێمی کوردستان کە لە کتێبی بیۆگرافی خۆیدا باسی قاسملوو دەکات.

تیسۆ یەکێک لەو ژمارە زۆرە لە خەڵکانی ئەورووپییە کە بەهۆی قاسملووەوە ئاشنای پرسی کورد بوو. ئەو کاریگەرترین رێبەری کوردی ئێرانە لە دوای شۆڕشی 1979. رۆڵی ئەو لە بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد و خەبات بۆ چارەسەری سیاسی ئەو پرسە لە ساڵانی هەشتای سەدەی رابردوودا پڕبایەخە. رۆڵی ئەوەندە پڕبایەخ بوو کە بووە هۆی ئەوەی لە 13ی تەمووزی 1989 لە ڤییەنا لە کاتی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر بکرێ.

قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946 لە مەهاباد، سەرچاوەی ئیلهام بووە بۆ قاسملوو. ئەو قازی محەممەدی بە گوڵێک لەنێو بیابان وەسف کرد بەهۆی ئەوەی قازی خوێندەوار، چاونەترس و خۆنەویست بوو. قاسملووش زۆر لە تایبەتمەندییەکانی قازی تێدابوو، لەباری هزری و سیاسییەوە لە هاوڕێ و رکابەرەکانی هاوچەرخی لەسەرتر بوو، کەوایە دەکرێ ئەویش بە گوڵێک لەنێو بیابان وەسف بکرێ، بەڵام قاسملوو گوڵێک بوو بە دڕکەوە.

ئاخر لە هەڵسوکەوت لەگەڵ رەخنەگران و رکابەرەکانی دێموکراتیک نەبوو، ئاستی پێکەوەسازانی کەم بوو. لە دوای شۆڕشی 1979، هەژموونی حیزبی دێموکرات بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵە کەوتبووە ژێر پرسیار. کۆمەڵە حیزبێک بوو تازە سەریهەڵدابوو، پێگەی جەماوەریی بەهێزتری لەنێو توێژی گەنجانی خوێندەواردا هەبوو. رێبەرانی گەنج و مارکسیستی کۆمەڵە، بەهۆی لێکدانەوەیەکی فیکریی نادروست حیزبی دێموکراتیان بە حیزبێکی بۆرژوازی و دواکەوتوو دەزانی و پەرەیان بەو بڕوایە دا کە شەڕکردن لەگەڵ دێموکرات هێندەی شەڕکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گرنگە ئەگەر زیاتر نەبێ.

ساڵی 1984 کێشەکانی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات تەقییەوە و شەڕێکی نێوخۆیی سێ ساڵەی لێکەوتەوە کە تێیدا سەدان کەس لە هەردوولا کوژران. ئەو شەڕە بەشێوەیەکی بەرفراوان کوردایەتی لەنێو کوردستانی رۆژهەڵات خەوشدار کرد. هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ ئاشتی لەنێوان ئەو دوو حیزبە بێ سوود بوون، بەشێکی بەهۆی ئەوەی دێموکرات مەرجی بۆ کۆمەڵە دانابوو کە دەبێ ئەوان دێموکرات وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ پێناسە بکەن. لە ساڵەکانی شەڕ و دوای شەڕدا، دەقێک یا وتارێک لە قاسموو نییە کە ئەو شەڕە مەحکوم بکا و بۆ هاتنەئارای ئاشتی لەگەڵ کۆمەڵە هەوڵ بدات.

لە کۆنگرەی 6ی حیزبی دێموکرات لە ساڵی 1984، قاسملوو "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" ی کردە بەشێک لە پرۆگرامی حیزبی دێموکرات. ئەو هەوڵیدا دێموکراسی لەگەڵ بنەماکانی سۆسیالیزم تێکهەڵکێش بکا و دیکتاتۆریی پرۆلتاریا و هەر چەشنە لە دیکتاتۆرییەتێک مەحکووم بکات. ئەگەرچی هەر لەبەرەی دژی سەرمایەداری ماوە، قاسملوو لەڕێگەی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" هەوڵیدا حیزبەکەی لەباری هزری و سیاسی لە حیزبە مارکسیستەکانی دیکە جیا بکاتەوە، بەتایبەت لە حیزبی توودە کە هێندێک نفووزی لەنێو کوردستاندا هەبوو. لە خولی یەکەمی دەنگدانـدا، سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەنگی نەهێنا. لە خولی دووهەم، ئەو بیرۆکەیە پەسەند کرا زۆرتر بەهۆی ئەوەی دکتۆر قاسملوو هەڕەشەی دەکرد کە ئەگەر پەسەند نەکرێ، سکرتێری ناکات. زۆربەی ئەوانەی دەنگیان بۆ ئەو بیرۆکەیە دا، تەنیا بەخاتری قاسملوو دەنگیان دا. واتە تێگەیشتنێکی گشتی لەسەر ئەو پرۆگرامە و بەسوودبوونی لەنێو ئەندامەکانی حدکادا نەبوو. دوای کۆنگرە، ئەوانەی دژی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بوون، ناچار دەکران بەڵێن بدەن و واژۆی بکەن کە پابەندن بەو بیرۆکەیە. ئەوانەی ناڕازی بوون یان دەرکران، یان خۆیان ریزەکانی ئەو حیزبەیان جێهێشت.

سۆسیالیزمی دێموکراتیک ئێستاش بەشێک لە پرۆگرامی حدکایە، بەڵام ئەوان چیدی دژایەتی سەرمایەداری ناکەن.

دوای مردنی خومەینی، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێگەی یەکێک لە حیزبەکانی باشووری کوردستانەوە پێوەندی بە قاسملوو دەگرن بۆ وتووێژ. لە دەوری سێیەمی وتووێژەکاندا لە 13ی تەمووزی 1989 لە ڤییەنا، قاسملوو تیرۆر کرا. لە یەکەم لێدواندا کە لەسەر تیرۆری قاسملوو لە رادیۆی "دەنگی کوردستان" ی ئەو حیزبەوە بڵاو کراوە، هیچ ئاماژەیەک بە ئەنجامدانی وتووێژ نەکرا، لەبەر ئەوەی حیزب ئاگاداری بەڕێوەچوونی نەبوو. قاسملوو کە لە ساڵی 1971 تا 1989 کۆنترۆڵی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی حیزبی دێموکراتی کردبوو، کولتوورێک لە حوکمی تاکەکەسی لەنێو حیزبدا پەرەپێدابوو.

لە کۆنگرەی هەشت، قاسملوو لە کاری چەند ئەندامێکی رێبەری حیزبەکەی رازی نەبوو، هەر بۆیە لیستێکی پێشنیار کرد و لیستەکە بەبێ رکابەر دەنگی هێنا. هەر لە دوای کۆنگرە، ئەندامانی ناڕازی جیابوونەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران-رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ- یان دامەزراند. قاسملوو هەر جۆرە پێوەندییەک، تەنانەت پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ قەدەغە کرد. ئەندامانی حدکا رووبەڕووی سزا دەبوونەوە ئەگەر سەردانی هاوڕێ و خزمەکانیان کردبا لە رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ. تەنانەت کار گەیشتە ئەوە کە ژمارەیەک پێشمەرگەی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بەدەستی پێشمەرگەکانی حدکا کوژران.

ئەو کولتووری نەسازان و تەحەمولنەکردنە لە ساڵی 2006 دووپات بووەوە کاتێک لە کۆنگرەی 13 جارێکی دیکە ژمارەیەک کادر و پێشمەرگە لە حدکا جیابوونەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) یان دامەزراند. دیسان هەمان سیاسەتی رابردوو دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەمجار بەهۆی پێشمەرگەکانی باشووری کوردستان، هیچ پێشمەرگەیەک لە حدک نەکوژرا.

قاسملوو بەوە ناسراوە کە لە سیاسەتکردندا کەسێکی ڕیالیست بووە. داڕێژەر و بەڕێوەبەری دیپلۆماسی حدکا، قاسملوو بوو. سەنتەری دیپلۆماسی قاسملوو، ئەورووپا بوو، بەتایبەتی فەرانسە. بەڵام لە ناوچەکە پشتیوانی ماددی و لۆجستیکی بەرفراوانیان لە سەدام حوسێن وەردەگرت چونکە کۆماری ئیسلامیی شیعە، دوژمنێکی هاوبەشی ئەوان و سەدام بوو. حدکا لە سەردەمی قاسملوو و ساڵانێک دوای ئەویش دروشمێکی لە رۆژنامەکەیدا بڵاودەکردەوە: "بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک دژی ئیمپریالیزم".

وەرگرتنی یارمەتی لە سەدام ئاسایی بوو، بەڵام پێوەندی و وەرگرتنی یارمەتی لە ئەمریکا بڤە بوو. بیرۆکەی دژایەتیکردنی ئەمریکا بۆ کەمینەیەکی بچووکی کوردی ئێران هەر لە سەرەتاوە نالۆژیکی بوو. ئەندامانی حدکا ئێستا دەڵێن کە دکتۆر قاسملوو دوو هەفتە پێش تیرۆرەکەی دەیویست سەردانی ئەمریکا بکات، بەڵام ئەو پرسیارە هەر لەجێی خۆیدایە کە بۆ قاسملوو هەوڵی بەئەقڵانیکردنی دیپلۆماسی حدکا و پێوەندی لەگەڵ ئەمریکای نەدا لە هەموو ساڵەکانی دەیەی هەشتای سەدەی رابردوودا؟

بەهۆی ئەوەی قاسملوو سەرنەکەوت لە بنیاتنان و بەدامەزراوەیی کردنی کولتوورێک لە کارکردن و رکابەریی دێموکراتیک لە نێو حدکا، ئێستاش ئەو حیزبە بەدەست کێشەی نێوخۆیی لەسەر پۆستە حیزبییەکان و نەبوونی هێزی مرۆیی بەهێز، دەناڵێنێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



# دینا بەبێ هەڵکەوت زاهیر کار ناکات

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی TEl : 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







